# ئەوین و ئاوەز

# ئەوین و ئاوەز

## حەمەسەعید حەسەن

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **ئەوین و ئاواز**
- **نووسینی:** حەمەسەعید حەسەن
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندزی
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نیگاری بەرگ:** فرانك دیكسی
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠١٣
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانەی** موکریانی (هەولێر)
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەی گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٧٤)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێ داوە.

**زنجیرەی کتێب (٧٣٣)**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆک


لەبری پێشەکی .......................................................... ٧
(١) بە هۆی خۆشەویستییەوە دەبین بە ئینسان .............................. ١١
(٢) خۆشەویستی لە غەریبی قوتارمان دەکات ................................ ١٩
(٣) ئەوین ژیانمان لەکن شیرین دەکات ........................................ ٢٩
(٤) ڕێگەی بەرەو ئەوینی خودایی، بە لێبوردەییدا تێدەپەڕێت ......... ٣٩
(٥) ئینسان بەسەر دڵی خۆیدا زاڵ نییە ....................................... ٥١
(٦) ژن پیاو دەخولقێنێت ........................................................ ٦٣
(٧) توانەوە لە دونیادا .......................................................... ٧١
(٨) عەقڵ پەی بە نهێنییەکانی دڵ نابات ........................................ ٨١
(٩) ئەوی هەر خۆی خۆش بوێت، ددان بە خەوشی خۆیدا نانێت .... ٩٣
(١٠) خۆشەویستی ژیانی خۆڵەمیشیمان بە ................................ ١٠٣
(١١) لە خۆشەویستیدا، بێدەنگی لە پەیڤین کاریگەرترە .................. ١١٣
(١٢) ئەوین شادی بەرهەم دەهێنێت و قین خەمی لێ سەوز.......... ١٢٣
(١٣) بەختیاریی هاوسەرگیری لە وەهم بەولاوە هیچی تر نییە ....... ١٣٣
(١٤) خۆشەویستیی نیشتمان.................................................... ١٤١
(١٥) کێوی بووم، تۆ کەویت کردم ........................................... ١٤٩
(١٦) نامەی مارکس بۆ (جێنی)ی ژنی ........................................ ١٥١

# لەبری پێشەکی

ئایا خۆشەویستی ئەو داوەیە، دەنکەکانی ملوانکەی دونیا، پێکەوە کۆ دەکاتەوە؟ یان ئەو کلیلەیە، دەرگاکانی بەهەشت بە ڕووماندا دەخاتە سەر پشت؟ شەکسپیر گوتوویەتی: خۆشەویستی زەریایەکە تا ببەخشێت، زیاتری پێ دەمێنێت. خۆشەویستی کەس نابوێرێت، دەڵێن: وەک ڕووداوی هاتوچۆ وایە، کە تووشی دەبین، ڕەنگە وەک گوێزی ساغ یان بە سووکە برینێکەوە لێی دەربچین، بەڵام ئەگەری ئەوەیش لە ئارادا هەیە، تێیدا ژیان لە دەست بدەین. وەک چۆن تەمەن، ئەگەر زەمەنی لێ دەربهێنین، هیچی نامێنێتەوە، ژیانیش ئەگەر خۆشەویستیی تێدا نەبێت، هیچ مانایەکی نابێت. گومانم هەیە بتوانم باسی خۆشەویستی بکەم، بەڵام دڵنیام، خۆشترین ڕۆژەکانی ژیان، ئەو ڕۆژانەن کە تازەکی کەوتووینە نێو دونیای خۆشەویستییەوە.

یەکێک لە ماناکانی خۆشەویستی بریتییە لە بەختەوەری، ئاخر وەک مەحاڵ وایە، بێ ئەوەی خۆشەویستی لە ژیانماندا هەبێت، هەست بە بەختیاری بکەین. دونیای خۆشەویستی لە جیهانی ئەوینی نێوان نێر و مێ بەرینترە و خۆشەویستی لە زۆر فۆرمی جیاوازدا خۆی نمایش دەکات، وەک خۆشویستنی دایک و باوک، یان خوشک و برا. ئەوی کەسی خۆش نەوێت، کەسێکە نەخۆش، دەروونناسان (سایکۆپات)ی پێ دەڵێن و پێویستی

بەوەیە ســـەردانی سایکۆلۆگیســـت بکـــات. وەک چـــۆن ئەگەری ئەوە هەیە، ئـــاگری خۆشـەویســـتییەک زوو دابمـــرکێتەوە، ئەگەری ئەوەیـــش هەیە، بە درێژایـی تەمەنمـان کەسـێکمان خـۆش بوێـت، گـوڵی ئەو خۆشەویســتییە درێژخـــایەنە، ناوبەنـــاو ســـیس دەبێـــت، بەڵام ناوەرێـــت و ســـەرلەنوێ دەگەشێتەوە.

بە هۆی خۆشەویستییەوە، متمانەمان بە خۆمان پتەوتر دەبێت، بەهێزتر دەبین لەوەی هەین، ژیاندۆستی لە کنمان گەشە دەکات و هەست بە هێوری دەکەین، بەڵام دەشێت خۆشەویستی کارێک بکات، دووچاری پێچەوانەکانی ئەوانە ببینەوە. لە هەواری خۆشەویستیدا، جێی خۆپەرستی نابێتەوە، ئەوە نییە کە کەسێکمان بە ڕاستی خۆش دەوێت، ئامادەین بێ دوودڵی، هەموو سامان و تەنانەت گیانی خۆیشمان، لە پێناویدا ببەخشین.

بۆیە پێناسەکردنی خۆشەویستی کارێکی دژوارە، چونکە ئەزموونێکە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت و تەنانەت لای هەمان کەسیش لە جارێکەوە بۆ جارێکی دیکە، وەک یەک نییە. کە تازەکی کەسێکمان خۆش دەوێت، هەر کە دەیبینین، دەهەژێین، گەرم دادێین، گیانمان دەنیشێتە سەر عارەق، دەشڵەژێین، زمانمان لە گۆ دەکەوێت و وەک سەرخۆشمان لێ دێت. ئەگەر بەختەوەر بین، خۆشەویستی هەرەسمان پێ ناهێنێت، ئەگەر نا، وامان بەسەر دێنێت، وەک دونیامان بەسەردا ڕووخابێت.

هەندێک پێیان وایە، خۆشەویستی کاتێک دەست پێ دەکات، کە دوو کەس دوای ناسینی یەکتری، هەر یەکێکیان ئەوی تریان پەسەند دەکات، بەڵام هەندێکی دیکە، بڕوایان وایە، خۆشەویستی لە یەکەمین نیگاوە لە دایک

دەبێت. خۆشەویستی بە گوێرەی قامووسی ئەکادیمیای سوێد: (هەستێک یان مەیلێکی بەهێزە، بەرانبەر بە کەسێک کە خۆشی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازین. خۆشەویستی: شادی و ئارامییەکە، بە نزیکبوونەوە لە دڵخواز هەستی پێ دەکەین، هەوڵێکە بۆ ئەوەی کەسی خۆشەویست لێمان ڕازی بێت، بزانێت ئەوپەڕی بڕوامان پێی هەیە، بەوەفاین بۆی و نائومێدی ناکەین.)

خۆشەویستی: هەر شادی و مەستی نییە، زێتری لێ چاوەڕێ دەکەین، تامەزرۆیی و خەون و ئومێدیشە. خۆشەویستی پڕە لە کوتوپڕی، ئەوە نییە، لە کاتێکدا چاوەڕێین، شاسواری یان شازادەی خەونەکەنمان، بە سواری ئەسپێکی سپییەوە پەیدا ببێت، کەچی ڕەنگە لەناکاو لە شوێنی کار یان لە پارکێکی ناو شار، دەربکەوێت و سووک سووک بە دۆشاومژەی یەکەمین نیگای لە دەرگای دڵمان بدات! کەس ناتوانێت ئەوە دەستنیشان بکات کە تووشی داوی خۆشەویستی دەبین، هەڵسوکەوتمان چۆن دەبێت، ئاخر لەو وەختەدا ڕەوتاری هەر یەکێکمان، وێڕای پێشینە و هۆشیاری و هەست و نەستمان، پێوەندیی بەوەیشەوە دەبێت، چاوەڕێی چ کاردانەوەیەک لە کەسی دڵخواز دەکەین.

لای سارتەر بۆ ئەوەی کاروانی خۆشەویستی بکەوێتە ڕێ، پێویستە دوو کەسی ئازادی هۆشیار لە ئارادا هەبن، بەڵام کێشەکە هەر بە هێندە چارەسەر ناکرێت، ئاخر دواتر، هەر یەکێک لەو دووانە، هەوڵ دەدات ئەوی دیکە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بیکات بە کۆیلە و بە موڵکی خۆی. ڕەنگە نەتوانین عاشقێکی پێرفێکت بین و پڕ بە پێستی دەربڕینەکە، خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە ببەخشین، ئاخر پێ دەچێت، خۆشەویستیی

نمـوونەیی، زیـاتر لە دونیـای ئایـدیادا هەبـوونی هەبێـت و بە دەگـمەن ڕێـی بکەوێتە سەر زەوینی واقیع.

٢٠١٣/١/٢٠

---

(*) Jerry Silfwer, Kärlek – vad är det egentligen? 30 november 2008

(**)Pernilla Hjort, Kärlek på olika sätt 2011-02-14

## (١)
# به هۆی خۆشەویستییەوە دەبین بە ئینسان

ئەوین و قین، بە نۆرە گەردوون بەڕێوە دەبەن،
جارێک ئەوین هەمووان یەک دەخات و جارێکی دیکە،
قین هەمووان دەکات بە دوژمنی یەکتری.
ئەرستۆ

ئێمە بە هۆی خۆشەویستییەوە، دەبین بە ئینسان، ئەوی خۆشەویستی شک نەبات، ئینسانێکی تەواو نییە، لە ژیانێکی ڕاستەقینەی قووڵ بێبەشە، توانای ئەوەی نییە، وەک پێویست چالاکی بنوێنێت و بە دروستی لە خۆی تێبگات. بابەتی سەرەکی لە فەلسەفەدا ئینسانە و لای ئینسانیش، ئەوە خۆشەویستییە دەکەوێتە سەنتەرەوە. ئەگەر خۆشەویستی لە گۆڕێ نەبێت، ئێمە نە دەتوانین کەسانی کۆمەڵایەتی بین، نە پێمان دەکرێت بە قووڵی ئەوانی دیکە بناسین. خۆشەویستی گەڕانە بە دوای نیوەکەی دیکەماندا، ئاخر ئینسان لە سەرەتاوە، چوار دەست و چوار لاقی هەبووە، چوار چاو و چوار گوێی هەبووە. ئەوسا ئینسان هێندە بەهێز بووە، هەڕەشەی لە خوداوەند کردووە، ئیدی بە گوێرەی میتۆلۆژیای یۆنان، (زەوس)ی گەورە خوداوەند، ئینسانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، دوولەت کردووە.

خۆشەویستی هێزێکە، یان ئیلهامێکە، بەرەو لای یەکدیمان ڕادەکێشێت، وا دەکات دڵسۆزی یەکتری بین و هانمان دەدات، لە هونەر و بوارەیلی دیکەدا، داهێنان بکەین. خۆشەویستی، لووتکەی ئازادیی ئینسانە، ئازادییەک کە ئینسان ئامادەیە لە پێناویدا، ژیانی ببەخشێت. خۆشەویستی تاقە ئازادییەکە، وامان لێ دەکات، بێ هیچ زۆرەملێیەک، بە خۆشیی خۆمان، ببینە کۆیلەی کەسانی تر، کەسانێک کە خۆشمان دەوێن. خۆشەویستی، هەستێک نییە سادە و ساکار، هەستێکە ئاڵۆز و تەمومژاوی، هەستێک نییە، ئاشکرا، چەندان لایەنی نادیاریشی هەیە، هەستی تاکە کەسێکە، بەڵام پێوەندیی بە کۆمەڵیشەوە هەیە. خۆشەویستی لە ڕۆحەوە هەڵدەقوڵێت، وەلێ پێوەندیی بە جەستەیشەوە هەیە. خۆشەویستی، ئامانجە، هۆکارێک نییە، بۆ گەیشتن بە مەبەستێک.

هەر جەستەی شێتی نەکردووم،
زۆر لایەنی
جوانی دیکەشی تێدایە
کە دەتوانن
شێتم بکەن.

خۆشەویستی کەی سەری هەڵدا؟ ئایا ئینسان لە دنیای ئاژەڵەوە، لەگەڵ خۆی هێنای، یان دواتر پەیدابوو؟ زۆربە لەسەر ئەوە کۆکن، خۆشەویستی، دوای ڕق و هاوسۆزی و هەستی دایکایەتی، سەری هەڵداوە. ئینسانی ناو ئەشکەوت کە وەک مێگەل ژیاوە و هاوسەرگیریی بە کۆمەڵ لای باو بووە، هەستێکی وای شک نەبردووە کە ناوی بنێین خۆشەویستی و ڕەنگە خۆشەویستی لەگەڵ سەرهەڵدانی تاکهاوسەرگیریدا پەیدا بووبێت. ئەو پێوەندییەی لە سەردەمە دێرینەکاندا هەبووە، خۆشەویستی نەبووە، تەنیا ئێرۆسی جەستەیی و

بەریەککەوتنی سێکسی بووە. هیگڵ دەڵێت: (خۆشەویستی لە چاخە کۆنەکاندا، نە پێوەندییەکی قووڵی بە خودەوە هەبووە، نە هەستێکی گەرموگوڕ بووە.)

هیگڵ لە بارەی شیعری (**سافۆ**)وە کە شەشسەد ساڵێک پێش زایین لە یۆنان ژیاوە و ڕەنگە یەکەمین خاتوونەشاعیر بووبێت، دەڵێت: (لە شیعریدا، کڵپەی گڕی خوێنی نێو دەمار هەیە، بەڵام هەستێکی ڕاستەقینەی قووڵ کە پێوەندیی بە خودەوە هەبێت، نییە.) سافۆ هاوڕەگەزباز بووە، کە بە ژنی لەو جۆرە دەڵێن: لێسبیان، ئەوە لە دوورگەی (لێسبوس)ەوە هاتووە کە زێدی سافۆ بووە. هاوڕەگەزبازی لە نێوان نێر و نێردا کە لە وڵاتی فارسەوە، بۆ یۆنان پەڕیوەتەوە، بە لای ئیفلاتوونەوە، جۆرێک بووە لە ئەوینی باڵا. هیگڵ لەبارەی پەیکەری (ڤینوس)یشەوە، دەبێژێت: (ئەو هەستە قووڵ و گەرمەی لە ناخەوە هەڵدەقوڵێت و بۆ هونەری ڕۆمانتیک پێویستە، لەو پەیکەرەدا بەدی ناکرێت.) ئەوەی خۆشەویستی لە سەردەمە کۆنەکاندا نەبووبێت، جێگەی گومانە، ئاخر لە داستانە یۆنانییەکاندا، گەلێک جار باس لە ئەوین کراوە، سوکرات، ئیفلاتوون و ئەرستۆیش کە پێش زایین ژیاون، باسی خۆشەویستیی ڕۆحییان کردووە، ئەمە وێڕای ئەوەی، ئەگەر ئەوین نەبووبێت، ئەدی چۆن، خوداوەندی ئەوین هەبووە؟

بە گوێرەی میتۆلۆژیای یۆنانی، **پەنیلۆپ** هەرچەندە داخوازیکەرێکی زۆری دەبێت، هەرچەندە بیست ساڵ، هیچ هەواڵێکی لای خۆشەویستەکەیەوە پێ ناگات، بەڵام هەر چاوەڕوانیی گەڕانەوەی **ئۆدیس** دەبێت و لای ئەو ژنە عاشقە، (خۆشەویستی لە ژیان بەنرختر و لە مردن بەهێزتر دەبێت.) ئارچیلۆک، کە حەوتسەد ساڵێک پێش زایین ژیاوە، یەکەمین شاعیری گەورەی ئەوینداری بووە، لای وی، **ئەگەر میوەیەک هەبێت، ناوی بەختەوەری بێت، ئەوا بەری داری خۆشەویستییە**. پێنج سەدە پێش زاین، لای یۆنانییەکان، دوو ئەفرۆدیت هەبوون، یەکێکیان خواژنی ئەوینی جەستەیی بووە، ئەوی دیکەیان خواژنی ئەوینی ڕۆحی.

لای میسرییەکان، سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان کە پێش یۆنانییەکان، خاوەنی شارستانی بوون، گەلێک جار باس لە ئێرۆس کراوە. لە داستانی گەلگامشدا، کە لای کەم هەزار ساڵێک لە ئەلیادە کۆنترە، عەشتار شەیدای پێکگەییشتنی جەستەییە و باس لە حەز دەکات، نەک خۆشەویستی، کە یەکەمیان پێوەندیی بە جەستەوە هەیە و دووەمیان بە ڕۆحەوە. **ئێرۆس**، کە بۆ یەکەمین جار، بە ڕاشکاوی لە (گەلگامش)دا باس کراوە، هەستێکی ئاژەڵی نییە و ڕۆڵی گرنگی لە بە ئینسانکردنی (ئادەمیزاد)دا بینیوە. ئەنکیدۆ کە لە نێوان ئاژەڵی کێویدا دەژیا، بە هۆی ئێرۆسەوە، دەبێت بە ئینسان و عاقڵتر و زیرەکتر دەبێت.

ئێرۆتیکا کە هونەری خۆشەویستییە، لە ئێرۆسەوە کە خۆشەویستیی سێکسییە، هاتووە. ئێرۆس هەوڵی ئینسانە، بۆ گەیاندنی جەستە بە شوێنی باڵا و شیاوی خۆی. **بوفیوس** کە یەکێک بووە لەو شاعیرانەی لە وتوویژەکانی ئیفلاتووندا بەشدار بووە، گوتوویەتی: ئیرۆس دوو چەشنە، زەوینی، کە پیس و نەوییە، ئاسمانی، کە پاکژ و بڵندە، وەلێ ئێرۆس، خۆی لە خۆیدا، نە پیس و نزمە، نە جوان و باڵا. هەیە ئێرۆس بە جوانیپەرستی لێک دەداتەوە، بەڵام جوانی ڕێژەییە، ئینسانێکی ئاسایی، جەستەیەکی جوانی خۆش دەوێ، بەڵام فەیلەسووفێک، جوانییەکی ڕووتی خۆش دەوێت، جوانییەکی ڕوونی خۆش دەوێت کە لێڵ و قورس نەبووبێت بە جەستەیەک، جوانییەک کە خودایی بێت و لە هیچی دیکە نەچێت، جوانییەک ئەگەر جارێک ببینیت، ئیدی ناتوانێت وەک ڕابردووت ژیان بەسەر بەریت و هەست دەکەیت هەموو ڕابردووت، مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە.

فیلادلفیا: خۆشەویستیی خوشکە بۆ برا، ئێرۆس لای ئیفلاتوون، ئەوینێکی باڵایە، خۆشویستنی بەها نەمرەکانە کە جێگیرن، خۆشویستنی جوانییە، تەنیا

لەبەر جـوانییەکە، نەک لەبەر هیچـی دیـکە، خۆشویسـتنی حەقیقـتە، تەنیـا لەبەر حەقـــیقەت خـــۆی و ئەوەیە ئەوینـــی ئیفلاتـــوونی و هـــیچ پێوەنـــدییەکی بە خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاوەوە نییە. ئەوینی ئیفلاتوونی، ئەوینێکی ناسێکسیی نێوان ژن و پیاو نییە، چونکە پێوەندیی وەها، ئەوین نییە، هاوڕێیەتییە.

سـیوپێنج سـەدەیەک لەمەوبەر لە میسـری کۆن، شـیعری ئەویـنداری دەگوترا، شیعرێکی ناسک کە هەستی ئینسانی دەبزواند، شـیعرێک کە تەنیا زادەی **ئێرۆس** نەبـوو، بەڵکوو زادەی هەسـتێک بـوو، نزیـک لەو هەسـتەی، هەنـووکە لە شـیعری ڕۆمانتیکـدا هەیە. لیریـک کە شـیعری گـۆرانییە، لە میسـرەوە سـەری هەڵـداوە، دەربڕی هەستە تایبەتییەکانی تاکە و باری دەروونیی شاعیر بەرجەستە دەکات. ڕەنـگە ئەوینـی نێـوان ئەخنـاتوون و نیفەرتیتـی، لە هەمـوو مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، یەکەمـین داسـتانی ئەوینێکـی مەزن بوو‌بێـت. (ڕامایانـا)یش داسـتانێکی بەناوبـانگی هیندۆسییەکانە، باسی خۆشەویستیی ڕۆحیی، نێوان ڕاما و سیتا دەکات.

دەتـوانین بەو هەسـتەی لە چـاخە کۆنەکانـدا هەبـووە، کە لە ئـارەزووکردنی جەستەدا چڕ بووەتەوە، بڵێین: ئێرۆس، کە هەسـتێک بووە بەر لە خۆشەویسـتی، یـان قۆنـاغی پـێش ئەویـن بـووە. ئەوە گـاڵتە نیـیە، زەوس، تەنیـا بـۆ ئەوەی هاوسەرگیریی لەگەڵ (ئەورووپا)دا بکات، خۆی کردووە بە گا! یان خۆی کردووە بە ئەســپ، هەر بـۆ ئەوەی (میـدۆزا) بخوازێـت. زەوس کە گەورە خوداوەنـدی یۆنـانی بـووە، لە پێنـاوی ئەوەدا بە ئالکەمینـا بگـات، خـۆی دەکـات بە مێـردەکەی، هەرقـل زادەی ئەو پێکگەییشـتنەیە. لای هینـدییەکانیش هەمـان چیـرۆک دووبـارە دەبێتەوە، ئیندرای خوداوەند، خۆی دەکات بە مێردی ئەهالیا، کە ژنـی حەکیمێک بوو. بەم چیرۆکانەدا ئەوە دەردەکەوێت کە خوداوەندەکان، پێویستیان بە ئەوینی کەسی بەرانبەر نەبووە و مەبەستیان تەنیا تێرکردنی ئارەزوو جەستەییەکانیان بووە.

لای هەندێک خێڵی ئوستراليا، تـا ئەم دواييیەيش، پياو هێندە زبر لەگەڵ ژندا هەڵسوکەوتی دەکرد، ژنـان ڕقيان لە پياوان دەبووەوە و لێيان دەترسـان. پياوی تيمسـاحڕەوتار، ژنـی بە دوژمنـی دەزانـی و زوو زوو، لەبەر سـاکارترين هـۆ، پەلامـاری دەدا. پيـاو هـيچ سـۆزێکی بـۆ ژن دەرنەدەبڕی، وشـەيەکی ناسـکی بە گوێيـدا نەدەچرپانـدا، دەسـتگەمەيەکی لەگەڵـدا نەدەکـرد و تەنـانەت دوای هاوسەرگيرييش، ماچی نەدەکرد.

تراژيديا بەوەی کە باسی لايەنە گەشـەکانی خۆشەويستی ناکات و هەر بـايەخ بە کوێرەوەرييەکانی دەدات، کارێک دەکات، ئينسان زەندەقی لە ئەوين بچێت. لای ئەسـخيلۆس و سـۆفۆکلێس، ئەوين پـاڵنەرێکە بـۆ ئەوەی خـوێن بڕێژرێت، ئەوين تـرس و ئـازار بەرهەم دەهێنێت و ناپـاکی و مەرگـی بە دوادا دێت. ئەوە نييە، بە هـۆی خۆشەويسـتييەوە، ئۆديـب بـاوکی دەکوژێـت و بـێ ئەوەی بزانێت، دايکـی دەخوازێت و دواتـر خـۆی کوێر دەکـات. لە تراژيـديادا، ئێرۆس باڵدارێک نييە، بە خۆشـييەوە بفرێـت و بە شـادييەوە بخوێنێـت، بەڵکـوو پاشـايەکی سـتەمکار يـان خوداوەندێکی دڵڕەقە، مەرگ و نەفرەت دەبەخشێتەوە. کـاليگۆلا و نيرۆن کە دوو دەسـەڵاتداری سـتەمکاری بەدنـاو بـوون، پێوەنـدييە ئەوينـدارييەکانيان، هێنـدە قێزەون بوو، مێژوو شـەرم لە تۆمارکردنيان دەکات.

دیسان خەو چاوی قورس کرد
ئیدی شاعیر
هەزار بیانووی دیکەی دەست کەوت
شیعرێکی تازە بنووسێ،
ئەگەر ڕووت بێ و
هەوڵ بدا
خێرا خۆی پۆشتە کاتەوە،
توانام هەیە

درێژترین
داستانی لەسەر بنووسم،
هەر چی بکا، هەر چی بڵێ
دەستبەجێ لەو
شتە گچکە و سادانەوە
چیرۆکێکی قووڵ و گەورە پەیدا دەبێ.

شاعیری رۆمانی **پروبیدۆس** کە پەنجا ساڵێک پێش زاین ژیاوە، دەیگوت: (ئیلهامی شیعرنووسینم لە خوداوە بۆ نایەت، لە خۆشەویستەکەمەوە بۆم دێت.) **ئۆڤید** کە ئەویش هەر شاعیرێکی ڕۆمانی هاوچەرخی پروبیدۆس بوو، دەیگوت: (نووسین لە بارەی ئەوینەوە، گەلێک بەبایەخترە، لە نووسین لەبارەی خوداوەندەکانەوە، یان لەبارەی جەنگەوە.) لای هۆمیرۆس، جەنگی تەروادە بە زەبری خۆشەویستی هەڵدەگیرسێت، بەڵام لە لیریکدا، خۆشەویستی سەنتەری ژیانە و شاعیر تەنیا چیرۆکی ئەوینی نێوان دوو کەس دەنووسێتەوە و هەقی لایەنەکانی دیکەی ژیانیانی نییە، ئاخر لای شاعیری لیریک، ئەوین پایەختی ژیانە، ئەوین هێژاترین لایەنی ژیانە و تەنانەت لە ژیانیش گرنگترە.

خۆشەویستیی ڕاستەقینە
نە کۆت و بەند
دەناسێت و نە هیچ مەرزێ.
شێت ئەوەیە، چاوەڕێ بێ
شێتییەتیی ئەوین دوایی بێ.

خۆشەویستیی ڕاستەقینە ئەوەیە، وەک چۆن باوەڕدار، لەوە دڵنیایە، خودا هاوتای نییە، عاشقیش وای بۆ بچێت، خۆشەویستەکەی کەسێکە، بێ وێنە و لە کەسی تر ناچێت، ئەگەر نا، ئەوە خۆشەویستی نییە، ڕەنگە گەڕان بێت بە دوای

سێکسدا و هیچی تر. ئەوە چییە ئەوین لە سێکس جودا دەکاتەوە؟ ئەوین کەم یان زۆر، پێوەندیی بە سێکسەوە هەیە، بەڵام ئەوین لە سێکس مەزنترە و تەنیا پێکەوە گونجانی دوو جەستە و چێژوەرگرتنی سێکسی نییە، بەڵکوو هاوژیانی و ئاوێتەبوونی ڕۆحی و چێژوەرگرتنی ڕۆحیشە.

خۆشەویستی، یەکگرتنی دوو کەسی هاوتایە، دوو کەس کە هەر یەکێکیان وەک چۆن خاوەنی پەنجەمۆری تایبەت بە خۆیەتی، ئاوایش کەسێکە تایبەت، نەک ئاسایی. ژنێک نییە لەنێو ژناندا، بەڵکوو ژنێکە هەموو ژنانی دنیای لە خۆیدا چڕ و کۆ کردووەتەوە. خۆشەویستی شتێکە وەک ویژدان، وەک چۆن لە ڕووی ویژدانەوە کەس لە کەسی دیکە ناچێت، لە خۆشەویستیشدا هەمان تایبەتمەندی هەیە. گرنگترین پێکهاتەی ژیانی مرۆڤایەتی، خۆشەویستییە، ڕەنگە ستەم، لە زۆر شوێن و لە زۆر قۆناغی جیاوازدا، بەسەر هەموو گۆشە و لایەنێکدا زاڵ بووبێت، بەڵام هەرگیز بەسەر خۆشەویستیدا زاڵ نەبووە و نابێت.

لای هیگڵ، خۆشەویستیی ڕاستەقینە، توانەوەی خودە لەوی دیکەدا و لەسەر نکۆڵیکردن لە خود ڕۆ دەنرێت. فرۆید پێی وایە، ئەگەر خۆتێرکردنی سێکسی، بە ئاسانی دابین بکرێت، لە ڕووی دەروونییەوە، بەهای پێویستیی بۆ خۆشەویستی، نزم دەبێتەوە. ئەو وەختەی خۆشەویستی هیچ کۆسپێکی لەبەردەمدا نەبێت، وەک سەردەمی دارمانی شارستانی، ئیدی خۆشەویستی بەهای نامێنیت و ژیانیش پووچ و بێمانا دەبێت.

---

(*) فلسفة الحب، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: هيثم صعب، الجزء الأول، دار المدى للثقافة والنشر ٢٠١٠ دمشق.

(٢)

## خۆشەویستی لە غەریبی قوتارمان دەکات

تۆ بۆیە خۆشت دەویستم، چونکە پێویستت پێم بوو،
من بۆیە پێویستم پێت بوو، چونکە خۆشم دەویستی.

ئەو ئاڵۆزییەی بە سیمای خۆشەویستییەوە دیارە، هی ئەوەیە لە خۆشەویستیدا، هەم جەستە ڕۆڵی هەیە و هەم دەروون، هەم تاک و هەم کۆمەڵ، هەم تایبەت و هەم گشتی، ئەوە بۆیە لە خۆشەویستیدا، هەم لایەنی ڕوون هەیە و هەم تەمومژاوی، هەم لایەنی نهێنی هەیە و هەم ئاشکرا. هەر کۆمەڵگەیەک، بە شارستانی ئاشنا بووبێت، خۆشەویستی تێیدا، کەم تا زۆر هەبووە، ئاخر ئەوە خۆشەویستییە فۆرم بە ئاکاری ئینسان دەبەخشێت و ڕۆڵی کاربڕی لەوەدا هەیە، ئینسان بە شێوەیەکی دروست گەشە بکات. خۆشەویستی دەشێت بە پلە و ئاستی جیاواز هەبێت، بەڵام ناشێت نەبێت، ئاخر ئەگەر خۆشەویستی نەبوو، ئینسانیش نابێت. ئینسان ئەگەر بە حاڵەتی خۆشەویستیشدا تێپەڕ نەبووبێت، شتێک هەر لە بارەیەوە دەزانێت، وەک چۆن نابینا دەزانێت ڕووناکی چییە و نابیستیش لە مانای دەنگ تێدەگات.

تۆلستۆی دەڵێت: (با کەسیشت خۆش نەوێت، ئەوە بەو مانایە نایەت، خۆشەویستی لە ناخی تۆدا نییە، خۆشەویستی لە ناخی هەموو کەسێکدا هەیە، بەڵام بەربەستیش هەیە، لێ ناگەڕێت هەمووان ئەو خۆشەویستییە دەرببڕن.) ئێریک فرۆم لە کتێبی (هونەری ئەوین)دا دەڵێت: (ئەو تەنگژەیەی دووچاری بوونی ئینسان هاتووە، تەنیا بە خۆشەویستی چارەسەر دەکرێت، بەڵام بەگەڕخستنی خۆشەویستی ئاسان نییە، هونەرێکە پێویستی بە توانا و تێگەییشتن هەیە. نابێت خۆشەویستی لە پێوەندیی سێکسیی نێوان دوو ڕەگەزدا بچووک بکەینەوە، ئاخر خۆشەویستی هەوێنی هەموو چالاکییە باڵاکانی ئینسانە.) دەشێت ئینسان چەندان جار بکەوێتە نێو خۆشەویستییەوە، بەڵام خۆشەویستیی ڕاستەقینە، قووڵەکەیانە، ئەوەیان کە بەردەوامیی دەبێت.

فیلیا: بە مانای خۆشەویستی و هاوژینی دێت، بە مانای ئەو هێزە دێت کە دوو کەس بەرەو لای یەکدی ڕادەکێشێت و وایان لێ دەکات لە ڕووی ڕۆحییەوە لە یەکدییەوە نزیک بن. فیلیا: ئەوینێکی ڕۆحیی ڕاستەقینەیە، دڵنیایی ڕۆحییە، لە یەکدی نزیکبوونەوەیەکی دەروونی و لە یەکتر تێگەییشتنێکی قووڵە. شارستانی زادەی خۆشەویستییە، خۆشەویستیی نێوان ژن و مێرد و خزم و کەسوکار و هاوولاتی و نیشتمان. کە باوەڕ بە خۆ بوون و هەست بە دڵنیایی کردن، بێ چەندوچوون زادەی خۆشەویستی بن، ئیدی دەبێت لەوەیش بێ گومان بین، گەشەکردنی کۆمەڵی ئینسانییش، هەر بە خۆشەویستییەوە بەندە.

ئەوە ڕێکەوت نییە کە فیلیا، کەوتووەتە پێش سوفیاوە، فیلیاسوفیا: بە مانای خۆشویستنی حیکمەت دێت، خۆشویستنێکی قووڵ کە دڵنیایی ڕۆحی دابین دەکات. یۆنانییەکان، مەبەستیان لە (ئاگاپێ) ئەو

خۆشەویسـتییە بـوو کە لەسـەر بنـاغەی عەقـڵ ڕۆ دەنـرا، دەتـوانرا پاساوێک کە عەقڵ پێی قایل بێت، بۆ ئەو خۆشەویستییە بهێنرێتەوە، چونکە خۆشەویستییەک نەبوو خۆڕسک، پێوەندی بە هەستەوە هەبێت، بەڵکوو زادەی ئاکاری جوانی کەسی خۆشەویست بوو، زێتر لە ڕێز لێ گرتنەوە نزیک بوو.

(لە بارەی خۆشەویستییەوە،) نامەیەکی بەناوبانگی ستاندالە، ساڵی ١٨٢٢ نووسیویەتی، تێیدا ئاماژەی بۆ چوار چەشن لە خۆشەویستی کردووە: خۆشەویستییەک کە زادەی چلێسییە، خۆشەویستییەک کە زادەی ئارەزووە، خۆشەویستییەک کە پێوەندیی بە جەستەوە هەیە و خۆشەویستییەک کە گەڕانە لە دووی ناوبانگ و شکۆمەندی. سەرچاوەی خۆشەویستی چییە و خۆشەویستی لە چییەوە سەرهەڵدەدات؟ ئەم پرسیارە بە درێژایی مێژوو، بیرمەندانی سەرقاڵ کردووە. ئەفسانەیەک هەیە دەڵێت: بە یەکبوونی ژن و پیاو، وەک هاوسەرگیریی نێوان ئەرز و ئاسمان وایە، لە سەروەختی هەورەبروسکەدا، زەوین مێیە، هەور هێلکەیەتی کە ئاسمانی نێر، بە باران دەیپیتێنێت.

ئینسان کە فام دەکاتەوە، دەرک دەکات ژیانێکی سنووورداری هەیە و هاکا کۆتایی بە بوونی هات، ئیدی ئارەزووی ئەوە لە کنی دەگەشێتەوە، ئەو سنوورە ببەزێنێت. خۆشەویستی هەوڵدانێکە بۆ گەییشتن بە باڵایی و نەمری. (فیلیاسوفیا) کە خۆشویستنی حیکمەت یان حەقیقەتە، زادەی کۆششی ئینسانە، بۆ یاخیبوون لە زەمەن. خۆشەویستی کە ڕۆح شاگەشکە دەکات، هەوڵدانە بۆ تێپەڕاندن لەو تەمەنەی بۆ جەستە دیاری کراوە. فەیلەسووفی ئیسپانیایی خۆسیە ئۆرتیگا (١٨٨٣ _ ١٩٥٥) دەڵێت: کە ئەویندار لە خودی خۆی چووە دەرەوە، لەوی دی نزیک

دەبێـتەوە و لەگەڵیـدا یەک دەگرێـت. ڕەنـگە خۆشەویسـتی یەکەمـین تەقەلای ئینسـان بێت، بۆ ئەوەی سنووری تەسکی خودی خۆی جێ بهێڵیت و لەوی دیکە نزیک ببێتەوە. **حەز ئەوەیە، هەوڵ بدەیت لەوی تر نزیک ببیتەوە، بەڵام لە خۆشەویستیدا هێزێکی نهێنی، بەرەو لای ئەوی دیکەت دەبات.**

لای ئیفلاتـوون، خۆشەویسـتی هێزیکـی خـودایيە، کۆمەکی ئینسـان دەکات تا کەمایەسییەکانی پڕ بکاتەوە، ڕەوتاری چاک بنوێنێت و بەرەو جوانیی نەمر و باڵایی بە ڕێ بکەوێت. ئەوە ئەوینە ئینسان هان دەدات، بەرەو ئاسمانی باڵایی و نەمری لە شـەققەی باڵ بدات و هەمیشـە لە هەوڵی گەییشتندا بێت بە ئامانجە بڵندەکان. کۆششی ئیفلاتوون بۆ ئەوە بوو، کرۆکی ئەوینی پاک و ڕاستەقینە دیاری بکات و لە ئارەزووکردنی جەستەی جیا بکاتەوە. ئەوینی جەسـتە، پێوەندیی بە هەسـتەوە هەیە و خەمی لای تێرکردنی حەزی سێکسییە کە دووبـارەبوونەوەی، ئینسـان نەک هەر وەڕز و مانـدوو دەکـات، بەڵکـوو ڕەنـگە تووشـی سێکسـی نائاساییشی بکات. ئینسـان ئەگەر مەبەسـتی تەنیا تێرکردنی ئارەزوو بێـت، گـوێ نـاداتە ئەوەی کەسـی بەرانـبەر کێـیە، ئـاخر کە ئـارەزوو بزوێنەر بوو، هەڵبژاردن لە گۆڕێدا نامێنێت.

خۆشەویستی دامرکاندنەوەی ئاگری ئـالۆش نییە و ئینسـان نە لێی تێـر دەبێـت و نە بە دەسـتییەوە مانـدوو دەبێـت. خۆشەویسـتی کە بە ڕووی ناکۆتاییدا کراوەیە، لێ ناگەڕێت ئینسـان کۆن ببێت و بەردەوام نـوێی دەکـاتەوە. خۆشەویســت پیــر دەبێــت، بەڵام خۆشەویســتی بە پـێچەوانەی ئـارەزووەوە، ملکەچـی زەمەن نیـیە و پیربـوون ناناسـێت. خۆشەویستی قووڵتر و پتەوترە لە نزیکبوونەوەی جەستەیی نێوان دوو کەس، خۆشەویسـتی کە دوو ئینســان پـێکەوە گـرێ دەدات، هێنـدە لە

یەکدییان نزیک دەخاتەوە، وەک ئەوەی هەردووکیان، وەکوو بوون و چارەنووس، تاقە کەسێک بن. ئێریک فرۆم (١٩٠٠ _ ١٩٨٠) دەڵێت: ئەوە تەنیا خۆشەویستییە، ئینسان لە غەریبی و نیگەرانی قوتار دەکات و بەبێ خۆشەویستی، ڕەنگە ئینسان یەک ڕۆژ نەژیابا.

ئینسان ئێریک فرۆم گوتەنی، تەنیا ئەو کاتە، وەک تاکێک هەبوونی خۆی دەسەلمێنێت کە بە خۆشەویستییەوە سەرقاڵ دەبێت، ئاخر خۆشەویستی ئەو تاکە هێزە کاریگەرەیە کە دیواری نێوان ئینسانەکان دەسمێت و ئەو خەڵکە یەک دەخات. ئەوە تەنیا خۆشەویستییە کە هاوزەمان وا دەکات، هەم پارێزگاری لە خودی خۆمان بکەین و هەم هەستیش بە تەنیایی و دوورەپەرێزی نەکەین. پارادۆکس لە خۆشەویستیدا ئەوەیە، دوو ئینسان هەم دەبن بە یەک و هەم وەک دوو کەسیش دەمێننەوە. لە ڕوانگەی ئێریک فرۆمەوە، خۆشەویستی چالاکییەکی پۆزەتیڤە، ئاخر ئینسان هەر هەست بە خۆشەویستی ناکات، هەر خۆشەویستی وەرناگرێت، خۆشەویستییش دەبەخشێت. ئەوانەی وای بۆ دەچن، بەخشین لە خۆشەویستیدا ئەوەیە، دەستبەرداری شتێک ببین، یان قوربانی بە شتێک بدەین، کەسانێکن چاوەڕێی پاداشت دەکەن، یان لای کەم بە هیوان، دەدان بە بەخشین و قوربانیدانیاندا بنرێت.

بەخشین لە خۆشەویستیدا، زادەی بەهێزیی و دەوڵەمەندیی کەسایەتیمانە و تا زیاتر ببەخشین، زیاتر هەست بە توانا و لێهاتوویی خۆمان دەکەین، زیاتر لە بەختەوەری نزیک دەبینەوە. ئەویندار، بەوە دڵشاد دەبێت کە ببەخشێت نەک کە وەربگرێت، لە بواری ماددیدا، بۆ ئەوەی ببەخشیت، دەبێت دەوڵەمەند بیت، بەڵام دەوڵەمەند کەسێک نییە کە زۆری هەیە، کەسێکە کە زۆر دەبەخشێت. چاوچنۆک بە چاوپۆشین

لەوەی چەنــدی هەیە، هەر هەژارە، کاتێــک ئینســـان هەســـت دەکــات دەوڵەمەنـدە، کە توانـای بەخشـینی هەبێـت و دەوڵەمەنـدترین ئینسـان کەسـێکە کە ژیـانی خـۆی دەبەخشـێت. لای ئێریـک فـرۆم، دەوڵەمەنـدی بەخـــتەوەر کەســـێکە، لە ڕێـــگەی هـــونەر و ئەدەبەوە، توانـــای دەوڵەمەندکردنی ژیانی ئەوانی دیکەی هەبێت.

وەک چـــۆن زەبروزەنـــگ، زەبروزەنـــگ بەرهەم دەهێنێـــت، خۆشەویسـتییش، خۆشەویسـتی بەرهەم دەهێنێـت. توانـای بەخشـینی خۆشەویســـتی، پێوەنـــدیی بە گەشەســـەندنی کەســـایەتیمانەوە هەیە. کەسـێک دەتوانێت خۆشەویستی ببەخشێت کە کۆیلەی ئارەزووەکانی جەسـتەی نەبێـت، بەسـەر جەسـتەی خۆیـدا زاڵ بێـت، کەسـێک کە نە شـەیدای دەسـەڵات بێـت و نە شـانازی بە خـۆیەوە بکـات، کەسـێک کە متمـانەی بە خـۆی هەبێت. بەخشـینی خۆشەویسـتی لای فـرۆم ئەوەیە: کارێـک بکەیـن، سـوودی بـۆ ئەوانـی دیـکە هەبێـت، بە دەم داخـوازیی کەسـانی دیـکەوە بچـین و کەسـانی ترمـان، وەک خۆیـان هەن، قەبـووڵ بێت.

خۆشەویستی لە کۆمەڵی سـەرمایەداریدا، ڕەنگدانەوەی هەلـومەرجە کـــۆمەڵایەتییەکەیە کە لە ســـایەیدا، ئینســـانی بەئـــامێربوو، توانـــای خۆشەویسـتیی نامێنێـت و پێکەوەنـانی خێـزان، ملکەچـی یاسـای بـازاڕ دەبێت، ژن و مێرد لە یەکتری بێگانە دەبن و فرۆم گوتەنی، (ئەوەی لە سـایەی سـەرمایەداریدا هەیە، تێرکردنـی ئـارەزووە نەک خۆشەویسـتی، هەوڵـدانە بـۆ هەڵاتـن لە دوورەپەرێـزی، نەک هاوسـۆزی و هـاوژینی.) خۆشەویسـتی کاتێـک ئیمکـانی هەبـوونی هەیە، ژن و مێـرد هەم وەک خـود ئـازاد بـن و هەمـیش وەهـا بـۆ یەکـدی بـژین و وەهـا هەسـت بە

یەکدی بکەن، وەک ئەمیان ئەوی دیکەیان بێت. لای فرۆم، تەنیا پێوەندییەکی وەها قووڵ، بەڵگەی هەبوونی خۆشەویستییە.

لای مەسیحییەکان، ڕەوشتی جوان لە خۆشەویستیدا خۆی دەنوێنێت، خۆشەویستی کرۆکی ئینسانە، خۆشەویستی هێزێکە، هەرگیز لە بن نایەت و بەردەوام و بێ پشوودان و بێ هەست بە شەکەتی کردن، خۆشی بەسەر ئینساندا دەبەخشێتەوە. لای قەدیس ئوگەستین (٣٥٤ _ ٤٣٠) سێ جۆر خۆشەویستی هەیە، خۆشەویستیی ئینسان بۆ خودا، خۆشویستنی کەسانی نزیک و خۆشەویستیی خودا بۆ ئینسان. خۆشەویستیی ڕاستەقینە و مەزن و ئەزەلی کە لێ ناگەڕێت بکەوینە گۆمی گوناهەوە، ئەو خۆشەویستییەیە، بەرەو لای (خالق) هەڵدەکشێت، نەک ئەو خۆشەویستییەی بەرەو لای خوڵقێندراو دادەکشێت کە کاتەکی و ڕەوتەنی و فانییە. لای قەدیس ئوگەستین، ئینسان دەتوانێت خودی خۆیشی خۆش بوێت، بەڵام بە مەرجێک خودای زێتر خۆش بوێت، ئەوە بۆیە دەیگوت: ئەوی خودای خۆش بوێت، خۆیشی خۆش دەوێت.

لای مەسیحییەکان، خۆشەویستی ئەوەیە، هەمان ئەو سۆزەی بە کەسانی نزیکی خۆمانی دەبەخشین، بە دوژمنیشی ببەخشین. فەیلەسووف و ئەدیبی ڕۆمانی **سینیکا** کە لە سەرەتای سەدەی یەکەمدا ژیاوە، دەیگوت: پێویستە ئینسان یاریدەی دوژمنەکانیشی بدات و نابێت ستەم، تەبایی نێوان دەروونەکان بشێوێنێت و دەبێت بە خۆشەویستی بەسەر قیندا زاڵ ببین و ئەگەر کەسێک تفێکی کردە ڕوومان، وا بزانین تفەکەی کەفی شەپۆلی زەریایە. سینیکا هانمان دەدات، خۆمان خۆش نەوێت، کەسانی دیکەمان خۆش بوێت و پێی وایە ئینسانی بەهێز، خۆپەرست نییە و دوژمنی خۆیشی خۆش دەوێت.

لای مەسیحییەکان، خۆشویستنی دوژمن، ددانانان نییە بە ئینساندا وەک بالاترین بەها، بەڵکوو لووتکەی ڕەتکردنەوەی خۆپەرستی و زاڵبوونە بەسەر حەز و ئارزووەکانی خۆماندا. ئەمەیش کاتێک دێتە دی کە بە پلەی یەکەم خودامان خۆش بوێت، ئیدی ئەوسا لە گوناهەکان پاکژ دەبینەوە و بە ئاسانی دەتوانین بە ڕاستگۆییەوە، دۆست و دوژمنمان خۆش بوێت و لەو پێناوەدا، قوربانیش بە خۆمان بدەین. کریستیان، چی بۆ خۆی دەخوازێت، هەمان شتی بۆ کەسانی تریش پێ خۆشە و ئامادەیە دەست لە سامانی خۆی هەڵبگرێت و بیبەخشێتەوە. کریستیان با زەلیلیش بکرێت و ئەشکەنجەیش بدرێت، هەر ئینسانی خۆش دەوێت، بەوانەیشەوە کە ئازاری دەدەن و دەیانەوێت بیکوژن.

لێکدانەوەی مەسیحییەکان بۆ خۆشەویستی ئەوەیە، دەروونی خۆمان چاک و پاک ڕابگرین و خۆپەرستی لە خۆماندا بکوژین، چاکە بکەین، ئاخر دەروون لەڕێی چاکەکردنەوە، پەروەردە دەکرێت و لە قین پاکژ دەبێتەوە. چاکەکردن لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت، زادەی خۆشەویستییە و کەسی چاکەکار چاوەڕێی قەرەبوو ناکات و کە بەخشینەوە دەکاتە کاری ڕۆژانەی خۆی، لە سۆنگەی ئەوەوە نییە کە زۆری هەیە، بەڵکوو ئارەزووی لە بەخشینە، بە چاوپۆشین لەوەی زۆری هەیە یان نا.

کریستیان بڕوای بەوە نییە، دادپەروەری بەوە بێتە دی کە بە شەڕ بە گژ شەڕدا بچینەوە و بە خێر وەڵامی خێر بدەینەوە. ڕەنگە ترس وا بکات، خۆمان لە کاری خراپ بە دوور بگرین، بەڵام ڕەوشتی باش، زادەی ترس نییە، ئاخر ترس هیچی باشی تێدا نییە و خۆشویستنی ئینسان بە ترساندن بەرهەم نایەت. کرۆکی ڕاستەقینەی خۆشەویستی ئەوەیە، ئینسان خودپەسەند نەبێت، تۆلستۆی دەیگوت: کاتێک ئەگەری بوونی خۆشەویستی ڕاستەقینە هەیە، پایەی ئەوی دیمان لە هی خۆمان

پێ بڵندتر بێت، خۆمان ڕەت بکەینەوە و قوربانی بە خۆمان بدەین. خۆشەویستی ئەوەیە کە ناتوانین دوای بخەین بۆ هەلومەرجێکی لەبارتر، ئاخر خۆشەویستی یان نییە، یان کە هەبوو، ئێستا و لێرە هەیە، بە تەواوی هەیە، نەک بە نیوەناچڵی. خۆشەویستی دوا ناخرێت بۆ ئایندە، چونکە کردەیەکە ئێستا ئەنجام دەدرێت نەک لە داهاتوودا، ئەوی ئێستا باسی خۆشەویستیت بۆ نەکات، لە داهاتوویشدا نایکات.

لە زۆربەی کار و چالاکییەکاندا، دەتوانین لەبری ئەم، پشت بە ئەو ببەستین، بەڵام لە خۆشەویستیدا ئەوە مەحاڵە. تاک لە خۆشەویستیدا بەهایەکە قەرەبوو ناکرێتەوە و ناتوانین لە جێی ئەم، ئەومان خۆش بوێت. تاک لە خۆشەویستیدا هەست بە بوونی خۆی لە بەرانبەر ئەوی دیکەدا دەکات و دەتوانێت لایەنە هەرە چاکەکانی خۆی پیشان بدات و بەردەوام گەشەیان پێ بدات. خۆشەویستی لووتکەی ئازادیی ئینسانە و ئەگەر نەخوازین، کەس ناتوانێت ناچارمان بکات، ئەم یان ئەومان خۆش بوێت، ئاخر خۆشەویستی دەستپێشخەرییە و لە خودەوە هەڵدەقوڵێت، بە هاندانی دەرەکی نایەتە دی. خۆشەویستی نە زادەی ڕامانی قووڵە و نە هی ئارەزووی ڕووکەش، لە کن فەیلەسووفی ئەڵمانیایی فیورباخ (١٨٤٤ _ ١٩٧٢) خۆشەویستی پێوەندیی بە ئیمانەوە نییە، لە کوێ عەقڵ هەبێت، لەوێ خۆشەویستییش هەیە، چونکە خۆشەویستی پراکتیزەکردنی ئازادییە و ئازادییش بەرهەمی عەقڵە.

فەیلەسووفی فەرەنسایی پاسکاڵ (١٦٢٣ _ ١٦٦٢) لە (لۆگیکی دڵ)دا دەڵێت: (ڕێسای خۆشەویستی جیاوازە لە ڕێسای سروشت و عەقڵ، دڵ ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە کە عەقڵ سەری لێ دەرناکات، دڵ قەت وەدووی یاسای عەقڵ ناکەوێت کە پشت بە هۆکار و سەلماندن دەبەستێت.) خۆشەویستی دەرکەوتنی ئەستێرەی هەستە لە جوانترین

درەوشـانەوەیدا و وەک چـۆن لە تـۆوێکەوە، ڕووەکێـک پەیـدا دەبێـت، هەڵسوکەوتی ئەویندارانیش، زادەی هەسـتی خۆشـەویسـتییە و بە هـۆی خۆشەویستیشـەوە، بە مانـای ژیـان ئاشـنا دەبـین و ئـازادانە بە دەم هاواری خودی خۆمانەوە دەچین.

---

(*) أ. روبينيس، جوهر الحب موضوع للتأمل الفلسفي.

(**) فلسفة الحب، مجموعة من المؤلفين، ترجمـة: هيثم صـعب، الجزء الأول، دار المـدى للثقافة والنشر ٢٠١٠ دمشق.

## (٣)

## ئەوین ژیانمان لە کن شیرین دەکات

کە ژن لە زینـدانی مـاڵ و خێـزان قوتـاری دەبێـت، ئیـدی لە ڕەگەزی دووەمەوە، دەبێـــتە هاوتـــای پیـــاو. ئەم گۆڕانکـــارییە ڕیشـــەییە، زادەی گەشەسـەندنی شارستانییە، یان دروسـتتر زادەی سـەرهەڵدانی شارسـتانیی دووڕەگەزەیە کە شـێوازی ژیـانی ئینسـانەکان و پێوەندییەکانی نێوانیـان، بە خۆشەویستیشەوە، دەگۆڕێت. کە لە ناوەڕاسـتی سـاڵانی شەسـتدا، شۆڕشـی سێکسـی بەرپـا بـوو، کەنیسـەیش وازی لەو تێـزە هێنـا، سـێکس بە گونـاه هەژمـار بکـات و هـاتە سـەر ئەو ڕایەی، پێویسـتییەکانی جەسـتەیش، وەک پێویستییەکانی ڕۆح، شەرعی و ئینسانین.

تـا ئـازادی بەرفراوانتـر بێـت، ڕەوشـی خۆشەویسـتی چـاکتر دەبێـت، کە ئـازادی دەگـاتە لـووتکە، خۆشەویسـتی دەوڵەمەنـدتر دەبێـت. ئینسـان هەر شـتێک زۆر بەکـار بهێنێـت، لێـی بێـزار دەبێـت، بەڵام لە خۆشەویسـتی وەڕز نابێـت. ئینســانی هۆشـــمەند بە دوای هەرە زۆردا ناگەڕێـت، بە دوای هەرە چاکدا وێڵ دەبێت و ڕێسـای کەم و پوخـت نەک زۆر و بۆر، بۆ ئەوینیش هەر دروسـتە. وەک چـۆن ئـازادی ئەگەر لە سـنووری خـۆی تێبپەڕێنێـت، زیانی بۆ ئینسان دەبێت، ئەوینیش سنووری خۆی هەیە و نابێت ئینسـان لە پێناوی خۆشیی خۆیدا، ئەوانی دیکە بخاتە ناخۆشییەوە.

وەک چـۆن بـا لە هەوا جیـا نـاکرێتەوە، ئـاخر بـا، هەوایە لە وەختـی جوولّەدا، سێکسیش لە ئارەزوو، لە هەست، لە سۆز و ئەوین جیا ناکرێتەوە. لە ئەورووپا، هەندێک ڕێکخراوی توندڕۆی لاوان، کە لە ناوەڕاستی سالانی شەستدا بانگەشـەیان بۆ هاوسـەرگیریی بە کۆمەڵ دەکرد و پێیـان وابـوو، نابێـت تێرکردنـی ئـارەزوو، تـێکەڵ بە هەسـت و دەروون بکرێـت، هەر زوو مایەپووچ دەرچوون، ئاخر خۆ ئینسان بیۆڕۆبۆت (ڕۆبۆتی بـایۆلۆژی) نییە و ناکرێت، لە کردەی سێکسدا سایکۆلۆژیا لە بایۆلۆژیا لێک جیا بکەینەوە.

جیـاکردنەوەی سـێکس لە سـۆز و سـەیرکردنی سـێکس وەک ژەمە خواردنێکی سەفەری، ئەو کولتوورەیە کە بازرگانـانی سـێکس لە ڕێـی فیلمـی پۆڕنۆوە، برەوی پێ دەدەن و وایان کـردووە، ئینسـان وەک شـتێکی قێزەون سەیری سێکس بکات. کە سێکس لە سۆز بێبەش بـوو، دەبێتە بەرکەوتنێکی میکـانیکی لە نێـوان دوو جەسـتەی بێ ڕۆحـدا و لە خۆشـی، چێـژ، گەرمـی، هەست و سۆز بێبەش دەبێت. نووسەری فەرەنسایی سـتاندالّ (١٧٨٣ _ ١٨٤٢) دەڵێت: لە سـەروەختی پێکگەییشـتندا، جەسـتە ڕۆحێکی دیکە دەکاتە بەر کە خۆشەویستییە، یـان لە سـەر زاری ئیفلاتـوونەوە: کە جەسـتە پـڕ دەبێت لە خۆشەویسـتی، بە هـۆی ڕۆحەوە تەعبیـر لە خـۆی دەکـات. جیـاکردنەوەی سـۆز لە سـێکس، وەک جیـاکردنەوەی ڕۆحە لە جەسـتە و وەک بە بیابـانکردنی مێرگەکـانی ڕۆحە. بەگەڕخسـتنی سـێکس لە پێنـاوی قازانجـدا، هەر بەنگکردنی ڕۆح نییە، بێ ڕۆحکردنی جەستەیشە.

لە پۆڕنۆگرافیـادا نەک هەر هەسـت و سـۆز بـزرن، بەڵکـوو تەنـانەت جەسـتەیش وەک پێویسـت لەوێ نیـیە، ئـاخر پێوەنـدییەکە زێتـر لە نێـوان ئەندامەکانی زاوزێدایە. پۆڕنۆگرافیـا کاتێک دەست پێ دەکـات کە بزواندنی

ئارەزوو دەبێت بە کالا، ئاخر پۆڕنۆگرافیا و پەیداکردنی سامان، دوو ڕووی یەک دراون. لە پۆڕنۆگرافیادا، کە ئامانج لێی ورووژاندنە، یەکیەتیی نێوان بایۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا هەڵدەوەشێتەوە و ڕۆح لە جەستە دەکرێتە دەرەوە. ئەرکی پۆڕنۆگرافیا لە بزواندنی ئارەزوودا چڕ دەبێتەوە و کار تەنیا لەسەر جەستە دەکات، بەڵام ئێرۆتیکا کە هونەری خۆشەویستییە، کە چێژ تێیدا ئامرازە نەک ئامانج، وامان لێ دەکات، هەست بە خۆشی و تامەزرۆیی بکەین، ئامانجی دەوڵەمەندکردنی ئەوینی نێوان ئینسانەکانە، بە کولتووری گەلان ئاشنامان دەکات و ئینسان لە پارچەپارچەبوون و خێزان لە هەڵوەشاندنەوە دەپارێزێت. پۆڕنۆگرافیا تەنیا بەر یەک کەوتنی دوو جەستەیە، بەڵام ئێرۆتیکا، بە قسە هێنانی دەروونە، ئاوازی ڕۆحە، چرپەی سۆزە، هاواری جەستەیە و وا لە ئینسان دەکات هەست بە بەرزیی ژیان بکات.

ئینسان بریتی نییە لە دڕندەیەک و فریشتەیەک لە هەمان جەستەدا، ئینسان ئەوەیش نییە کە لە سەروو گەدەوە دەست پێ دەکات، ئینسان ڕۆحێکی بەرجەستە و جەستەیەکی بەڕۆحبووە و لە هیچ ڕوویەکەوە، چ وەک ناخ و چ وەک دیوی دەرەوە، لە ئاژەڵ ناچێت. فیورباخ دەڵێت: ئینسان تەنیا لە بیرکردنەوەدا لە ئاژەڵ جیاواز نییە، وەک هەموو بوون لە ئاژەڵ جیاوازە، تەنانەت بۆنکردن و چەژتنیش لای ئینسان دەگاتە ئاستی کردەیەکی ڕۆحی و گەدەیش لای مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئینسانیی هەیە و لە هی ئاژەڵ ناچێت.

کە دوو ئەویندار وەک جەستە لێک دی نزیک دەبنەوە، ئیدی هەست بە زەمەن ناکەن و هەر چی لە دەوریان هەیە وەک نەمێنن، لەبەر چاویان بزر

دەبن. سەروەختی ئاوێزانبوون، ئەوینداران لە کۆت و پێوەندی شوێن و زەمان ڕزگار دەبن و ئیدی هیچ شتێک ئەوان بە دونیاوە نابەستێتەوە و تەنیا هەستێکی بێ سنوور لە کنیان دەمێنێت، هەستێک وەها نابینایان دەکات و یادەوەرییان دەسڕێتەوە، نە بیریان لای خەڵک دەمێنێت، نە لای دابونەریت. کە دەگەنە لووتکەی چێژوەرگرتن، تەنانەت خودی خۆیشیان لە بیر دەچێتەوە و ئیدی بوون و نەبوون (وجوود و عەدەم) لە لایان وەک یەکی لێ دێت.

سایکۆلۆژیا و بایۆلۆژیا لە ئینساندا، وەها تێکەڵ بە یەکدی بوون، تا ئاستی لە یەکتردا توانەوە، ئەم خەسڵەتەیش کە فیورباخ بە یەکیەتیی ڕۆح و ماددەی لە قەڵەم دەدات، یەکێکە لە تایبەتمەندییە گەوهەرییەکانی ئینسان. هەستی خۆشەویستی پێوەندیی بە جەستەوە هەیە، ئاخر هەست ناتوانێت لە دەرەوەی جەستە هەبێت، تەواو وەک با، کە چۆن ناتوانێت بێ هەوا هەبێت. خۆشەویستی: شەماڵی هەست و سۆزە، لە ڕۆحەوە کە بێ جەستە هەبوونی نییە، هەڵدەکات.

ئەگەر شتی هاوبەش لە نێوان ئینسان و ئاژەڵدا هەبێت، پێوەندیی بە جەستەیانەوە هەیە، نەک بە دەروونیانەوە، ئەوە بۆیە تێرکردنی ئارەزووی جەستە، ناوی لێ نراوە: ئەوینی ئاژەڵی. پێکەوە بەستنەوەی ڕۆح و جەستە و تێگەییشتن لە پێویستییە ڕۆحییەکانی لەش، لە ڕێنیسانس بە دواوە هاتنە کایەوە. لە ڕوانگەی گەلێک نووسەری مەزنەوە، ئەوینی تایبەت بە جەستە، شتێکە سروشتی و پاکژ، نەک سەیر و پۆخڵ، لەوانە: بەلزاک، ئێمیل زۆلا، هەمەنگوای، پۆشکین و گۆرگی. هەن دەڵێن، تەنیا ئەوینی ئیفلاتوونی خاوێنە و هەر ئەوینیک پێوەندیی بە جەستەوە هەبێت، پیسە، بەڵام نووسەری

فەرەنسـایی ڕۆمـان ڕۆلآن (١٨٦٦ _ ١٩٤٤) پێـی وایە: خۆشەویسـتی ئیـدی ڕۆحی بێت، یان جەستەیی، لە کرۆکدا ئارەزوویەکە پاکژ، وەکوو ئاگر.

هەرچەندە سەلیقەی سێکسی لە نێوان ئاژەڵ و ئینساندا هاوبەشە، بەڵام سێکس سەرچاوەی دەرکەوتنە هەر بـاڵا و جوانەکانی ئینسانە و هەموو جەسـتە و دەروونـی ئینسـانی سـمیوە و تەنـانەت لە تـۆنی دەنگیشـیدا، کـاریگەریی جـێ هێشـتووە. زانـای سویسـرایی ئوگەسـت فۆریـل (١٨٤٨ _ ١٩٣١) دەڵێـت: بەختیـاریی خێـزان، زادەی پـێکەوە گونجـانی دەروونـی و سێکسی ژن و مێردە و بۆ ئەوەی ئەو بەختیارییە درێژەی هەبێت، پێویستە خۆشەویستیی ڕۆحی و سێکسی لە نێوان ژن و مێرددا بەردەوامیی هەبێت و کە ژن و مێرد، ژووری نوستنیان جیا کردەوە، ئیدی لێک جیابوونەوەیان چاوەڕوانکراو دەبێت.

ژن و مێرد تا لە ڕووی دەروونییەوە لە یەکدییەوە نزیکتر بن، لە ڕووی جەستەیییەوە، زێتر چێژ لە یەکتری دەبینن، ئەگەر نـا، خەمۆکی، جـێگەی شـادی دەگـرێتەوە و جەسـتەیش نە توانـای چێژبەخشـینی دەمێنیـت، نە چێژوەرگـرتن، ئـاخر ئەوە ئەگەرێکـی لاوازە، دوو کەس لە ڕووی دەروونییەوە ناتەبا بن و لە ڕووی جەستەییەوە کۆک بن. خۆشەویستی و سێکس، تەواوکەری یەکدین، چی لەوە ئەستەمترە، کەسێکمان خۆش نەوێت و بتـوانین تونـد لە ئـامێزی بگـرین و قـووڵ و گەرم مـاچی بکەیـن؟ خۆشەویستیی جەستە، وابەستەی خۆشەویستیی ڕۆحییە و ئەوە ئەوینی ڕۆحییە لـێ ناگەڕێـت، ئـاگری خۆشەویسـتیی جەسـتە خـامۆش ببێـت. ڕۆشـنبیریی خۆشەویسـتی، پـێش ئەوەی جەسـتەیی بێـت، ڕۆحییە، گرنـگ

ئەوەیە، بتـــوانین وا هەڵســـوکەوت لەگەڵ خۆشەویســـتەکەماندا بکەیـــن کە ئینسانە، نەک ئامێرێک بۆ ئەوەی چێژمان پێ ببەخشێت.

وەک سایکۆلۆژیا و بایۆلۆژیا، ژنان و پیاوان لە یەکدی جیاوازان، پیاوان زێتر شـەیدای خۆشـەویستیی جەستەیین، ژنـان زێتـر پێویستیان بە ئەوینی ڕۆحییە و ئەوە پیـاوانن پێش ژنـان دەگەنە چڵەپۆپەی چێژوەرگرتن. ڕەنگە نەبوونی زانیـاری لە بـارەی سێکسـەوە، ببێتە هـۆی زوو کوژانەوەی چرای خۆشەویستی، ئاخر ئینسـان بـا تەمەنیشـی هەڵکشـاو بێت، هەر پێویسـتی بە خۆشەویستی دەبێت و ئەوە ئەوینە پیری دوا دەخـات و ئینسـان بە چـالاکی دەهێڵێتەوە. سروشتی ژن وایە، ئەگەر لە ڕووی دەروونییەوە ئامـادە نەبێت، وەک جەستە ئـارەزووی بۆ سـێکس نابزوێت و زۆر جـار ئەوە زادەی هەڵە یان نەزانیی پیـاوە کە ژن بە ساردوسـڕ تۆمەتبـار دەکرێت. لەو ناوەڕاسـتی ئەفریکایە، لای هەنـدێک خێڵ، مێردێک توانـای تێرکردنـی ژنەکەی نەبێت، بە پیاوی ڕاستەقینە هەژمار ناکرێت.

هیگڵ دەڵێت: کرۆکـی خۆشەویسـتیی ڕاسـتەقینە ئەوەیە، ئینسـان خـودی خـۆی ڕەت بکـاتەوە، خـودی خـۆی لەوی دیکەدا بیـر بچێتەوە، بە هـۆی ئەم خۆ لەوی تردا ونکرنەوەوە، ئینسـان بـۆ یەکەمـین جـار خـۆی دەدۆزێتەوە و دەبێتە خـاوەنی خـۆی. فیوربـاخ پێـی وایە: لە خۆشـەویسـتیدا نابێت بە دوای بەختەوەریی خۆماندا بگەڕێین، دەبێت لە هەوڵی بەختەوەرکردنی ئەوی دیدا بین، ئاخر کە ئەوی ترمان بەختەوەر کرد، خۆیشمان هەست بە بەختەوەری دەکەین. لە خۆشەویستیدا شتێک نییە بە  نـاوی خۆفەرامۆشکردنەوە،، ئـاخر ئەوی شادی دەبەخشێت، خۆیشی هەست بە شادی دەکات.

یەکێک لە نهێنییە قووڵەکانی خۆشەویستیی ڕاستەقینە، بەیەکبوونی دوو ئەویندارە. ئیفلاتوون دەڵێت: هەموو ئەویندارێک تامەزرۆی ئەوەیە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا ببن بە یەک و ئەم تامەزرۆییيە گرنگترین لایەنی ئەوینە. ئەویندارى ڕاستەقینە وا توندوتۆڵ لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا یەک دەگرێت، نازانێت لە کوێدا خۆی تەواو دەبێت و ئەو دەست پێ دەکات، هەر وەک ئەو، ئەم بێت. ئەویندارانی ڕاستەقینە هێندە لێک نزیک دەبنەوە، ئەمیان خەم و خولیای ئەوی تریان، بە هی خۆی دەزانێت و هەردووکیان وا هەست دەکەن ڕۆحیان چووەتە نێو جەستەی یەکدییەوە و ئەمەیش گرنگترین جیاوازییە لە نێوان خۆشەویستی و حەزدا. جیاوازیی نێوان حەز و خۆشەویستی، وەک جیاوازیی نێوان خەڵووز و ئەڵماس وایە، خەڵووز و ئەڵماس هەرچەندە هەردووکیان لە کاربۆن پێک دێن، بەڵام ئەمیان بە ئاسانی وردوخاش دەبێت و ئەویان سەختترین ماددەی سەر گۆی زەوینە.

حەز، هەستێکە بە دەوری (خود)دا دەسووڕێتەوە و لە پێناوی (خود)دا هەیە. ڕەنگە حەز لە ئەوین ئاگرینتر بێت، بەڵام ناخی ئینسان ناسمێت، بۆیە زوو دەکوژێتەوە. ئەوین ناخی ئینسان دەپێکێت و بە هەموو گۆشەیەکی دەروونیدا ڕۆ دەچێت، بۆیە تەمەنی درێژە و دەبێتە هەوێنی گۆڕانی قووڵ. ڕێ دەکەوێت، ئەوینێکی قووڵ بە حەزێکی ساکار دەست پێ بکات. ناخودپەسەندی، یان ئەویدیپەسەندی کە بریتییە لە بایەخدان بەوی دیکە، نەک بە خودی خۆمان، بناغەی پتەوی خۆشەویستی پێک دەهێنێت و بریتییە لەوەی چیمان بۆ خۆمان پی باشە، بۆ ئەوی تریشمان پێ باش بێت و وا لەگەڵ ئەوی تردا ڕەوتار بکەین کە پێمان باشە، ئەوی تر لەگەڵماندا بیکات. ئەویندارى ڕاستەقینە لەوەیشی تێدەپەڕێنێت و ئەوەی گوێی پێ

نەدات، بەرژەوەنـدیی خـۆیەتی و بـۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوی دیـدا کـۆک بێـت، دەستبەرداری هەندێک لە شتە تایبەتییەکانی خۆی دەبێت.

ڕەنگە ڕۆژێک دابێت، کۆمەڵ پێویستییە ڕۆژانەییەکان بۆ ئینسـان دابین بکات، بەڵام دابینکردنی پێویستییە ڕۆحییەکان بە جڤاک جێبەجێ ناکرێت، ئاخر دەشێت ئینسان تووشی کەسێکی وا نەیەت کە لەگەڵیدا بگونجێت، یان ڕەنگە کەسێکی خۆش بوێت کە ئیمکانی ئەوە نەبێت پێی بگات، بۆیە با بە هیـوای ئەوە نەبـین، بەهەشـتی خۆشەویسـتی لە سـەر گـۆی زەویـن بێـتە ئاراوە. بۆ شاعیر ئەوە ئاسانە کێش و سەروا بۆ هەموو بەیتەشیعرێکی کە دوو نیـوەدێڕە، پەیـدا بکـات، بەڵام ئەوە وەک مەحـاڵ وایە، هەمـوو کەس نیوەکەی دیکەی خۆی ببینێتەوە.

بۆشاییەک دەکەوێتە نێوان پێگەییشتنی سێکسی و پێگەییشتنی گشتیی ئینسانەوە، ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی ئینسان لە هەموو ڕووەکانی دیکەوە پێ بگـات، ئـارەزووی سـێکس تێیدا سـەر هەڵدەدات و تـا پیـر دەبێت، ئەو ئـارەزووە هەرچەنـدە لاواز دەبێت بەڵام هەر دەمێنێت. تەمەنـی گونجـاو بـۆ دووگیـانبوون، لە دوای بیسـت سـاڵییەوەیە، بەڵام ئـارەزووی سێکسـی، سـاڵانێک پـێش ئەو تەمەنە لە کچانـدا پەیـدا دەبێـت. خۆشەویسـتی هەستکردنمان بە وەخت دەگۆڕێت، ئاخر لە کاتی خۆشەویستیدا هەستی پێ ناکەین، هەر وەک نەبێت، یان لە جێی خۆیدا وەستا بێت، بەڵام هاوزەمان هەر چرکەیەکی ژووان، پڕیشـە لە تاسـە و هەڵچوون. کە خەمناکین زەمەن خـاو دەجـووڵێتەوە و کە دڵشـادین خێـرا، ئەو نـاکۆکییە پێوەنـدیی بە هەستمانەوە هەیە. لە سەروەختی حەسرەت و تامەزرۆییدا، چرکەکان هێندە

خاو تێدەپەڕن، وەک هەر یەکێکیانساڵێک بێت. جۆلیا لە کاتی دابڕانیدا لە ڕۆمیۆ، دەڵێت:

ئەو ساتانەی لێی دوور دەبم
ئەوەندە درێژ دەبنەوە
وا هەست دەکەم
سەد و یەک ساڵ گەورە دەبم.

لە کاتی خۆشیدا، بە جۆرێک دەورووژێین، ڕیتمی ئۆرگانەکانی جەستەمان خێرا دەبێت، ئەوە بۆیە وا هەست دەکەین، زەمان خێرا تێدەپەڕێت، بەڵام لە ناخۆشیدا، هەر دەڵێی دەستیان ناوەتە بینی ڕیتمی ژیانمان، بۆیە زەمان لە کنمان سست دەڕوات. لە یادەوەریماندا بە پێچەوانەوەیە، ناخۆشییەکانمان زوو لە بیر دەچنەوە و خۆشییەکان لە یادماندا جێگیر دەبن، ئەوە بۆیە هەمیشە تامەزرۆییمان بۆ ڕابردوو هەیە.

لە دوورگەیەکی ئیندۆنیسیا، ئەگەر ژنێک ناپاکیی لە مێردەکەی کرد، سزا نادرێت، ئەوە پیاوەی کەتنکەرە، دەبێت قەرەبووی ماددیی، مێردی ژنە بکاتەوە. لە هەندێک شوێنی ماداگاشکەر، ئەو کچە خوازبێنیکەری زۆرترە، کە پێش شووکردن، چەند منداڵێکی بووبێت، چونکە بەوە سەلماندوویەتی کە توانای وەچەخستنەوەی هەیە. ڕەوشت شتێکە ڕێژەیی، شتێک نییە بۆ هەموو هەلومەرجێک دەست بدات. ڕەوشت لە کۆندا پشتی بە (نا) دەبەست، نا بۆ دزیکردن، نا بۆ کوشتن، نا بۆ حەز لە ژنی ئەوی دی کردن، بەڵام ڕەوشتی نوێ، لەسەر بناغەی متمانە بەوی دیکە کردن و دەستنیشانکردنی ئەرک و ماف ڕۆ دەنرێت.

شیرینی، هەرچەندە خۆش و بەسوودە، بەڵام زۆر خواردنی هەم زیانی دەبێت و هەم وا دەکات، لەبەر چاویشمان بکەوێت، سێکسیش بەو جۆرەیە، ئەگەر زێدەڕۆیی تێدا بکرێت، هەم زیانی بۆ جەستە هەیە و هەم دەبێتە شتێکی قیزەونیش. دەشێت نەوەکانی داهاتوو لە ئێمە ئینساندۆستانەتر ڕەوتار بکەن، لە ئێمە زیاتر باوەڕیان بە خۆیان هەبێت، لە سێکسی هەرزان و سووک خۆیان بە دوور بگرن و توانای خودکونترۆڵکردنیان لە هی ئێمە بالآتر بێت. ڕەنگە هاوسەرگیریی لە داهاتوودا، گوێ بە پۆست و پارە و ڕێسا زەوینی و ئاسمانییەکان نەدات و تەنیا لەسەر بناغەی لێکنزیکیی ڕۆحی ڕۆ بنرێت.

ڕۆسۆ دەبێژێت: ئینسان تا کەمتر بزانێت، لای وا دەبێت، زۆرتر دەزانێت. خۆشەویستی هەستێکە قووڵ و نهێنی، لە خۆڕا نییە کە بە مانگیان چوواندووە، ئاخر مانگ بەردەوام دێت و دەڕوات، خۆیمان نیشان دەدات و بزر دەبێت، جارێک لە بڕۆی یار دەچێت و جارێک لە سیمای گەشی. خۆشەویستی لە سفینکس دەچێت، مەگەر (ئۆدیب)ێک پەیدا ببێت، وەڵامی پرسیاری سەختی بداتەوە. بە گوێرەی ئەفسانەی یۆنانی، سفینکس، دڕندەیەکی ترسناک بوو، هەم ژن بوو، هەم شێرێکی باڵداریش، هەر ڕێبوارێکی دیتبا، لێی دەپرسی: ئەو زیندەوەرە چییە، بەیانیان چوار پەل و نیوەڕۆیان دوو پەل و ئێواران سێ پەلی هەیە؟ ئەگەر نەیزانیبا، دەستبەجێ دەیخوارد، باشبوو ئۆدێب مەتەڵەکەی هەڵهێنا و گوتی: ئینسانە.

---

(*) یو. ب. ریورکوف، الحب، حاضره ومستقبله.

(**) فلسفة الحب، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: هیثم صعب، الجزء الأول، دار المدى للثقافة والنشر ٢٠١٠ دمشق.

## (٤)

# ڕێگەی بەرەو ئەوینی خودایی، بە لێبوردەییدا تێدەپەڕێت

ڕەنگە نەزانم پێناسەی خۆشەویستی بکەم، بەڵام دەزانم
ئەوە خۆشەویستییە لێ ناگەڕێت، ئینسان تێکبشکێت.

خۆشەویستی تەواو وەک ئەرکی سەر شانمان بێت، دەستبەجێ بە دەنگییەوە دەچین. ئێمە جاری وا هەیە، بۆ ئەوەی ژیانی کەسێک لە مەترسی ڕزگار بکەین، ژیانی خۆمان دەخەینە مەترسییەکی ڕاستەقینەوە، بێ گوێدانە ئەوەی، کەسی لێقەوماو دەناسین یان نا؟ دەتوانین قوتاری بکەین یان نا؟ بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشتێک بکەین، دەستبەجێ بە هانایەوە دەچین. ئێمە بە نواندنی ئەو هەڵوێستە، ئەرکی سەر شانی خۆمان جێبەجێ دەکەین و ئینسانبوونی خۆمان دەسەلمێنین. ئێمە بە هەمان شێوە، بە چاوپۆشین لە هەموو شتێک و بێ گوێدانە هیچ بەربەستێک، بە پیری خۆشەویستیشەوە دەچین. فەیلەسووفی ئەڵمانیایی کانت (١٧٢٤ _ ١٨٠٤) جوانی بۆ هاتووە کە گوتوویەتی: خۆشەویستی، هەم قەدەرمانە و هەم باڵاترین ئەرکی سەرشانمان.

خۆشەویستی هەڵسوکەوتێک نییە، جڵەوی بە دەستی ئێمەوە بێت، جڵەوی ڕەوتاری ئێمە بە دەست خۆشەویستییەوە. ناتوانین پێشبینی ئەوە

بکەین و بڵێین: ئەگەر فلان وای کرد، یان وای گوت، ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی فیساری خۆش دەوێت، ئاخر خۆشەویستی بە پلانی پێشوەخت داڕێژراو ڕوو نادات، ئەنجامێک نییە، لە ڕێگەی ئامرازێکەوە پێی بگەین. ئەزموون، ئیدی هی خۆمان بێت، یان هی کەسانی دیکە، لە خۆشەویستیدا سوودی نییە و ئەگەر پلانمان دانا، بۆ ئەوەی کە فلانمان بینی، وا دەکەین، یان وا دەڵێین، تا هەست بکات خۆشمان دەوێت، ئەوە دەبێتە دووڕوویی، نەک دەربڕینی هەستی خۆشەویستی، ئاخر هەستی خۆشەویستی، تەواو وەک ئاوی کانی، خۆڕسکانە هەڵدەقوڵێت و خۆڕسکانە ڕێڕەوی خۆی دەبینێتەوە.

بۆچی ئەم ئەوی خۆش دەوێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارە، هەر بە نهێنی دەمێنیتەوە، ئاخر کەس ناتوانێت دەستنیشانی بکات و بڵێت: لەبەر فلان لایەنی دیاریکراو، فیسار کەسم خۆش دەوێت. شەکسپیر دەڵێت: (ئەو لەبەر ئازارەکانم منی خۆش دەویست، منیش بۆیە ئەوم خۆش دەویست، چونکە لەگەڵ ئازارەکانمدا هاوسۆز بوو.) کەواتە هۆکارێکی کۆنکرێت، یان پاڵنەرێکی دیاریکراو نییە، تۆ هان بدات، بۆ ئەوەی ئەوت خۆش بوێت، ئاخر ئەوە بە دەست ئینسان خۆی نییە کە فلانی خۆش دەوێت یان نا، ئاخر خۆشەویستی، ملکەچی ویست یان ئارەزووی ئەویندار نییە و وەک چۆن لەناکاو زەوینلەرزەیەک ڕوو دەدات، ئەوینیش لەپڕ لە ئینسان دەقەومێت.

خۆشەویستی هەستێکی پاکژی بێ خلتەیە، نە هیچ مەبەستێکی دیاریکراوی هەنووکەیی لە دواوەیە، نە چاوی بڕیوەتە هیچ پاداشتێک لە ئایندەدا. خۆشەویستی ملکەچی یاساکانی سروشت نییە، گوێڕایەڵی یاسا نەنووسراوەکانی بەجێگەیاندنی ئەرکە. خۆشەویستی نهێنییەکە، هەرچەند

کۆشش بکەین، لێی تێناگەین، لەناکاو دێتە پێشێ و وەک ئەرک خۆی بە سەرماندا دەسەپێنێت، ئەرکێک کە لە خۆڕا پێی هەڵدەستین، نەک وەک ئەوەی فەرمانێک جێبەجێ بکەین. خۆشەویستی شتێک نییە، بتوانین وا بکەین، بە گوێرەی خواستی ئێمە لە دایک ببێت. ئینسان لەبەردەم هەژموونی خۆشەویستیدا هێندە بێ دەسەڵاتە، تەواو وەک ڕووداوێک بێت، بە ویستی خودا بقەومێت. ڕەنگە لێکچواندنی ئەوین، بە جێبەجێکردنی بێ چەندوچوونی ئەرک، تاقە پەنجەرە بێت، بتوانین لێیەوە سەرنجی خۆشەویستی بدەین و تاقە زمان بێت، بتوانین بە هۆیەوە، باسی خۆشەویستی بکەین. بۆ ئەوەی فێری خۆشەویستی ببین، لە خۆشەویستیکردن بەولاوە، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەمان نییە.

٭

هەر چی هەیە
ڕوو لە سیسبوون و وەرینە
ئەو دووانەیەی
بە نەمریی دەمێننەوە،
یەکێکیان خوای دلۆڤانە،
ئەوی دیکەیان ئەوینە.

لە ڕوانگەی عیساوە، ئینسان دەبێت وەک چۆن کەسوکاری خۆی خۆش دەوێت، دوژمنانی خۆیشی خۆش بوێت و نابێت سەرقاڵی بە دوژمن هەژمارکردنی ئەم و ئەو بێت، تا ڕقیان لێ هەڵبگرێت، بەڵکوو دەبێت خەریکی ئەوە بێت، وەک دۆست سەرنجی دوژمن بدات. عیسا لەگەڵ یاسای چاو لەبری چاو و ددان لەبری دداندا نەبوو، ئەوەی پێ خراپ بوو، ئینسان بە شەڕ بە گژ شەڕدا بچێتەوە و لەگەڵ ئەوەدابوو، کە لە ڕوومەتی

ڕاستیان داین، ڕوومەتی چەپیان تێ بکەین، تا زللەیەک لەویش بدەن. کە تۆلستوی و دواتر (گاندی)یش، هەمان ڕێبازیان گرتە بەر، خەڵکی دەیانپرسی: ئەوە قایلبوونە بە هەژموونی شەڕ ، ئەدی چۆن داکۆکی لە خێر بکەین؟

عیسا دەیگوت: ئەگەر بە هێز بە گژ شەڕدا بچینەوە، بەوە شەڕێک دەکەین بە دوو شەڕ و لە خێر کەم دەکەینەوە، بۆیە پێویستە بە خێر بە گژ شەڕدا بچینەوە و بە چاندنی تۆوی خێر، شەڕ لاواز بکەین و لەناوی ببەین. دەیگوت: نابێت لە ململانێی نێوان خێر و شەڕدا، چەکی ئێمە هێز بێت، پێویستە چەکی دەستی ئێمە، خۆشەویستی بێت. لای مەسیح ئەوە خۆشەویستییە ئینسان بە خوداوە دەبەستێتەوە، نەک ترس لە سزا، ئەوەیش هەر زادەی خۆشەویستی بوو کە مەسیح لە پێناوی ئینساندا گیانی خۆی بەخشی.

(وەک چۆن خودا منی خۆش دەوێت، منیش ئێوەم خۆش دەوێت، خودا منی بۆ ئەوە نەناردووە، سەرکۆنەتان بکەم، بۆ ئەوەی ناردووم ڕزگارتان بکەم و داواتان لێ بکەم، لە دڵ و دەروون و فیکرەوە خوداتان خۆش بوێت. چیتان بۆ خۆتان پێ خۆشە، بۆ ئەوانی دیکەیشتان پێ خۆش بێت. ئەوی بڵێت خودام خۆش دەوێت، بەڵام قینم لە فڵان کەسە، ئەوە بە ڕاستی خودای خۆش ناوێت، ئاخر چۆن خودای خۆش دەوێت کە نایبینێت، بەڵام ڕقی لە برای خۆی دەبێت کە چاوی لێیەتی؟ ئەوی هەموو ئینسانێکی خۆش نەوێت، ناتوانێت خودای خۆش بوێت، ئاخر ڕێگەی خۆشەویستیی بەرەو لای خودا، بە خۆشویستنی ئینساندا تێدەپەڕێت. کۆیلە نازانێت، سەردار نیازی چییە، من چونکە بە کۆیلەتان نازانم، بە خۆشەویستی خۆمتان

دەزانم، بۆیە هەر چیم لە خوداوە بیستووە، بە ئێوەشم گوتووە، وەک چۆن من ئێوەم خۆش دەوێت، ئێوەیش یەکدیتان خۆش بوێت!) ئەوە دوا پەیامی عیسایە.

پێش سەرهەڵدانی کریستیانیزم، قسە لە دوو جۆر خۆشەویستی دەکرا: خۆشەویستیی خودایی و خۆشەویستی زەوینی کە پێوەندیی بە هەست و سۆزەوە هەبوو، ئەوە عیسا بوو، جۆرە خۆشەویستییەکی دیکەی داهێنا کە شەلاڵ بوو لە لێبوردەیی. عیسا دەیگوت: ئەوی برای خۆی خۆش نەوێت، سەر بە خودا نییە و ئەوە خۆشویستنی ئەوانی دیکەیە کە نەمریمان بۆ دابین دەکات. (پیاوینە! ژنانی خۆتان خۆش بوێت، وەک چۆن جەستەی خۆتان خۆش دەوێت، وەک چۆن عیسا کەنیسەی خۆش دەویست و سەری لە ڕێیدا بەخشی.) ئەوە یەکێکە لە پەیامەکانی (پۆلس)ی یەیامبەر.

خۆشەویستیی ڕاستەقینە، ئەوەیە دوو ئەویندار هەست بکەن یەکێکن، ئەوسا دەروونیان نوقمی خۆشی و ڕۆحیان شەلاڵی چێژ دەبێت. خۆشەویستی کە بەو پلە باڵایە گەییشت، دەبێتە لووتکەی چاکی و ئەوپەڕی پاکی. ئەگەر ئینسان ئومێدی بە بەختەوەریی هەمیشەیی هەبێت، تەنیا لە ڕێی خۆشەویستیی ڕاستەقینەوە، ئەو هیوایەی دێتە دی. پۆڵس دەڵێت: با پەیامبەریش بم، با شارەزای هەموو نهێنییەکانیش بم و توانای گوێزانەوەی چیاکانیشم هەبێت، ئەگەر خۆشەویستی شک نەبەم، بە کەڵکی هیچ نایەم. یوحەننا کە یەکێکە لە پەیامبەرەکان، پێی وایە: ئەوی خۆشەویستی شک نەبات، خودا ناناسێت، چونکە خۆشەویستی لای خوداوە دێت و خودا لە خۆشەویستی بەولاوە، هیچی دیکە نییە. گۆگۆڵ (١٨٠٩ – ١٨٥٢) لە کۆتایی ژیانیدا بۆ لای ئەو خۆشەویستییە گەڕایەوە کە مەسیح بڕوای پێی هەبوو،

بەڵام ڕەخنەگرە دڵڕەقەکان، هێندە ئازاریان دا، وەک کاردانەوەیەک بەشی دووەمی ڕۆمانەکەی (دەروونە مردووەکان) سووتاند.

ئایین هیچ نییە، غەیری ناسینی خودا و پەرستنی نەبێت، دوای ئەوە یەکسەر خۆشویستنی ئینسان دێت. لای کریستیانیزم، ڕەوشت: ئینسانیبوونە، دەربڕینی خۆشەویستییە، دلۆڤانییە، بەزەیی و سۆزە بەرانبەر بە ئینسان. عیسا پێی وابوو، لووتکەی ڕەوشت، درێژکردنی دەستی یارمەتییە بۆ هەر ئینسانێک، پێویستی بە یارمەتی هەبێت، بە چاوپۆشین لەوەی کێیە. لە کن عیسا، دوا ئامانجی خۆشەویستیی پاکژ، یان ڕۆحی، نزیکبووەنەوەیە لە خودا، ئاخر ئەوە تەنیا ئاگری خۆشەویستییە، کارێک دەکات ڕۆحی ئینسان ببێت بە تەم و بەرەو لای خودا هەڵبکشێت. ئەوە خۆشەویستییە، ڕۆحمان لە ئارەزووی پۆخڵ، پاکژ دەکاتەوە، گەوهەرەکانی ناخمان دەدۆزێتەوە و ڕێگەی گەییشتن بە خۆشییەکی بێسنوورمان نیشان دەدات.

گریگۆری پالاما (١٢٩٦ _ ١٣٥٩) کە لاهووتییەکی بیزەنتی بوو، دەیگوت: (ئەگەر دەروونی ئینسان چرایەک بێت، پلیتەکەی خۆشەویستییە و بە نەوتێک دەگرێت، ناوی چاکەکردنە. ئەگەر کاری چاک، دیواری ماڵ بێت، خۆشەویستی بنمیچەکەیەتی، ماڵیش بێ بنمیچ هیچ کەڵکێکی نییە. ئەوینی دنیایی، ئینسان لە خۆشویستنی خودا دوور دەخاتەوە. خۆشویستنی خودا، هەوێنی هەموو چاکەیەکە، بەڵام خۆشویستنی دونیا، هەوێنی هەموو خراپەکارییەکە و هەر یەکێک لەم دوو خۆشەویستییە، ئەوی دیکەیان لەناو دەبات.)

له ئاستی خۆشەویستیدا
شمشێر هیچ سامێکی نییە،
عاشق لە کەوانی برۆ و
لە تیری مژۆڵ دەترسێ.
ئاگرێ ژن،
لە دەروونی
پیاودا هەڵی گیرساندبێ،
خامۆش نابێ.

جۆردانــۆ برۆنــۆ (١٥٤٨ _ ١٦٠٠) کە فەیلەســووفێکی ئیتالیــایی بــوو، بە فەرمــانی کەنیســە ســووتێندرا، دەڵێــت: (خۆشەویســتی هەمــوو شــتێکە، کاریگەریەتیی بەسەر هەمووانەوە هەیە، دەتوانین هەموو شتێکی لەبارەوە بڵێین و بیبەینەوە سەر هەموو شتێک.) کە خۆشەویستی هەموو شتێک بێت، دیارە جێی ئەوینی دنیایی و جەستەییشی تێدا دەبێتەوە. ژاکۆپ بیومی (١٥٧٥ _ ١٦٢٤) کە فەیلەسووفێکی سۆفیی ئەڵمانیایی بوو، پێی وابوو، (ئەوین و تــووڕەیی، دوو تایبەتمەنــدیی خــوداییین و هێــزی بــزوێنەری مێــژووی ئینسانیشــــن.) لای پاســـکاڵ، ڕێــگە بەرەو خۆشەویســـتیی خـــودایی، بە لێبوردەییدا تێدەپەڕێت، بەڵام هانابردنی ئینسان بۆ خامۆشکردنەوەی ئاگری ئـارەزوو، هەڵاتنە لە بێزاری. لای فەیلەسووفی هۆڵاندی سپینۆزا (١٦٣٢ _ ١٦٧٧) پێویست ناکات ئارەزووەکانمان سەرکوت بکەین، بەڵکوو دەبێت بوار نەدەیــن لە دەســت دەربچــن، ئەوســا تێرکردنــی ئــارەزوو، بەشــداری لە دەوڵەمەندکردنی دەروونماندا دەکات.

زانــــای ئەڵمانیـــایی لیپینتـــز (١٦٤٦ _ ١٧٦١) پێـــی وایە، فەیلەســــووفی فەرەنسـایی دیکـارت (١٥٩٦ _ ١٦٥٠) نەیتوانیـوە جیـاوازیی لە نێـوان هەسـتی خۆشەویسـتیی پـاک و گەڕان بە دوای چێژوەرگرتنـدا بکـات، کە یەکەمیـان هەرچەندە لە قووڵایی ناخەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵام ڕۆشـنە، کەچـی دووەمیان هەرچەنـدە ڕووکەشـــە، وەلـــێ لـــێڵە. وەنەبێـــت لیپینتـــز پێـــی وابووبێـــت، خۆشەویســـتی یـــان ڕۆحیـــیە، یـــان جەســـتەیی، نـــا ئەو دەیگـــوت: نە خۆشەویسـتیی جەسـتەیی، بـێ نزیکبـوونەوەی ڕۆحـی هەبـوونی هەیە، نە ئەوینێک هەیە ڕۆحی بێت، بێ نزیکبوونەوەی جەستەیی. شـاعیری ئینگلیـز (١٦٨٨ _ ١٧٤٤) ئەلێکسەندەر پۆپ دەیگوت: تەنـانەت خودخۆشویستنیش هەر خۆپەرستییەکی تەسکبینانە نییە، ئـاخر دەشـێت جۆرێک بێت لە نەفسبڵندی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەنجامی باشی لێ دەکەوێتەوە.

فەیلەســـووفی ئینگلیـــز شافتســـپێری (١٦٧١ _ ١٧١٣) بە پشتبەســـتن بە بەڵگەکانی ئیفلاتوون، دەیگوت: خۆشەویستی سروشتێکی گەردوونیـی هەیە، بە تەنیا نـاژی و لەگەڵ جوانی و خێر و حەقیقەتدا یەکی گرتووە. ئەو وای بۆ دەچوو: خۆشەویستی زادەی وردبوونەوەیە لە جوانی، بۆ چاکەکردن و دلۆڤانی هانمـان دەدات و ئەوەی لە خۆشەویستیدا ڕۆڵـی کـاریگەر دەبینێت، عەقڵێکـی بیرکەرەوە نییە، دڵێکـی پڕ لە سۆزە. (ئەوە خۆشەویسـتییە، خـودا بەسەر دونیادا دەگشتێنێت، دونیای ماددی لەگەڵ خودادا یەک دەخـات و وا دەکـات، هەمـوو هەسـتپێکراوێک پیـرۆز و هەمـوو پیـرۆزێکیش هەسـتپێکراو بێت.) ئەوە گوتەی سۆفییەکان نییە، ڕۆمانتیکەکان وایان دەگوت.

فەیلەسـووفی ئەڵمانیـایی یۆهـان هێـردەر (١٧٤٤ _ ١٨٠٢) دەنووسـێت: (ئەو ئەوینەی ئیفلاتوون باسـی دەکـات، نائینسـانییە، ئـاخر ئەوین ئەوەیە، هەسـت

به هەبوونی ئینسانێکی دیکە و هەست بە ترپەی دڵی بکەیت، هەست بەو چێژ و خۆشییە بکەیت کە تۆ لەناو قووڵایی ژیانی ئینسانێکی دیکەدایت و پێوەندییەکی گەرم بە کەسێکی دیکەتەوە دەبەستێتەوە.) پاکی و پیرۆزیی ئەوین لەوەدایە، ژیانی دیکە بەرهەم دەهێنێت، ئەویندارانی ئەگەر ئەو هەستەیشیان لە کن دروست ببێت کە گوناهێکیان کردووە، بە لە دایکبوونی منداڵێک، ویژدانیان ئاسوودە دەبێت.

شاعیری ئەڵمانیایی فرێدریک شیللەر (١٧٥٩ _ ١٨٠٥) پێی وایە، خۆشەویستی لە هەموو ئەو شتانەوە کە نزم و پۆخڵن، دوورە. خۆشەویستی دووبەرەکی دەسڕێتەوە، ڕۆڵی گرنگی لە یەکخستن و گەشەسەندنی مرۆڤایەتیدا هەیە و ئینسان بەرەو شوێنێکی بڵندتر دەبات. لای گەورەئەدیبی ئەڵمانیایی گۆتە (١٧٤٩ _ ١٨٢٣) یش، ئەوە ئەوینە، کەسایەتیمان بونیاد دەنێت، پاکژمان دەکاتەوە، کوانووی بوێریمان دەگەشێنێتەوە، هانمان دەدات بە گژ دابونەریتی سەردەم بەسەرچوودا بچینەوە و بێ سڵکردنەوە لە کۆسپ، ڕێگەی سەرکەوتن بگرینە بەر. ئەوەتا لە (فاوەست)دا کە یەکێکە لە شاکارەکانی، دەنووسێت: هیچ دەسەڵاتێک توانای خامۆشکردنی ئاگری ئەوینی نییە، تەنانەت مەرگیش.

فەیلەسووفی ئەڵمانیایی فیختە (١٧٦٢ _ ١٨١٤) کە هیتلەر گەلێک پێی سەرسام بوو، دەڵێت: (خۆشەویستی و هاوسەرگیری یەک شت نین، بەڵام نابێت بێ خۆشەویستی هاوسەرگیریی بکەین و ئەوەیش خۆشەویستی نییە کە ئامانجی هاوسەرگیری نەبێت.) فیختە پێی وابوو، (ئاوەز) هاوواتای پیاوە و (لاوازی)یش هاوواتای ژن، ئەو دەیگوت: دەبێت سەروەختی سەرجێیی، پیاو ئەکتیڤ و ژن پاسیڤ بێت، نابێت ژن خەو بە چێژوەرگرتنەوە ببینێت،

نابێت ژن چاوەڕێی سۆزی مێرد بێت، ئاخر ئیشی ئەوەیە گوێڕایەڵی پیاو بێت و هیچی دیکە.

ئایینی مەسیح دەیویست لە ڕێی ئەوینەوە، یەکیەتیی نێوان ئینسانەکان بپارێزێت، هیگڵ کە لێکدانەوەی سۆفییانەی بۆ ئەوین ڕەت دەکردەوە، دەیگوت: (بۆشاییەک لە نێوان ئارەزووەکانی ئینسان و واقیعدا هەیە، بەڵام ئینسان دەتوانێت ئەو بۆشاییە بە هۆی ئەوینەوە کە هەمان هێزی ئایینی هەیە، پڕ بکاتەوە.)  لایەنی گەشی ئایین لای هیگڵ ئەوەیە، خەیاڵی ئینسان هێندە فراوان و دەوڵەمەند دەکات، تا ئەو ئاستەی دەبێتە پردێک لە نێوان خودی ئینسان و ئەو بابەتانەدا کە خەویان پێوە دەبینێت. هیگڵ دەیگوت: هاوسەرگیری یەکگرتنی ڕۆحیی نێوان ژن و مێردە، ئەوینێکە هەم ڕەوشتی تێدا ڕەچاو دەکرێت و هەم مافی تێدا دەپارێزرێت.

فیورباخ دەڵێت: (نە خۆشەویستی دەکەوێتە نێو بازنەی ئیمانەوە، نە ئیمان سەر بە خێزانی خۆشەویستییە.) ئەو فەیلەسووفە مەتریالیستە، داوا دەکات، خۆشەویستیی ئینسان بۆ ئینسان، جێگەی ئایین بگرێتەوە و وەک ئایین سەرنجی ئەوین بدرێت. فیورباخ پێی وایە، دەتوانین پێوەندیی سێکسی بە بناغەی ڕەوشت هەژمار بکەین، چونکە سیمبۆلی یەکگرتنی ئینسانە لەگەڵ ئینساندا، بەیەکبوونی خود و بابەتە و هەوڵدانە بۆ گەییشتن بە بالایی. فیورباخ خۆشەویستی بە چارەسەری هەموو دەرد و بەڵایەک دەزانێت، تا ئاستی بە پیرۆزکردن، بایەخ بە پێوەندیی نێوان ئینسانەکان دەدات و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە من پێویستی بە تۆ هەیە و تۆ بە من. ئێنگڵس دەنووسێت: (خۆشەویستی لای فیورباخ، فەریادڕەسێکە هەمووان لە تەنگوچەڵەمەکانی ژیان ڕزگار دەکات و دووبارەکردنەوەی ئەو

گۆرانییە دێرینەیە کە دەیگوت: یەکتریتان خۆش بوێت و خۆتان فڕێ بدەنە ئامێزی یەکدییەوە.)

ئایا خۆری ڕۆح ئاوابووە و سێکس لەسەر عەرشی ئەوین ڕۆ نیشتووە؟ فەیلەسووفی ئەڵمانیایی شۆپنهاوەر (١٧٨٨ _ ١٨٦٠) وەک ئارەزوویەکی نابینا سەرنجی ئەو خۆشەویستییە دەدات، پێوەندیی بە سێکسەوە هەبێت. لای نیتشە خۆشەویستی زادەی خۆپەرستییە و لەگەڵ ڕەوشتدا هێندە ناکۆکە، هەر یەکێکیان ئەوی تریان ڕەت دەکاتەوە. فەیلەسووفی دانمارکی کیر کیگارد (١٨١٣ _ ١٨٥٥) یش پێی وایە ئێرۆس، گەڕانە بە دوای چێژدا و ڕۆح وێران دەکات. فرۆید وەک سەججان و جەلـلاد، سەرنجی ئەو کولتوورە کۆمەڵایەتییە دەدات، کە لە هەوڵی بەندکردن و تێکشکاندنی حەز و ویستی ئینساندایە. دەروونناسی سویسرایی کارڵ یۆنگ (١٨٧٥ _ ١٩٦١) بەو پاساوەی سێکس تەنیا یەکێکە لە چالاکییەکانی ئینسان، پێی وایە فرۆید ئارەزووی سێکسی لە قەوارەی خۆی گەورەتر نیشان داوە، بەڵام زانای دەروونناس ویلیەم ڕایش (١٨٩٧ _ ١٩٥٧) لە پێناوی ئەوەدا، ئینسان بتوانێت، ئارەزووەکانی تێر بکات، داوای شۆڕشێکی سێکسی دەکات.

سارتەر هەرچەندە خۆشەویستی بە هەستێکی ناجێگیر وەسف دەکات، بەڵام پێی وایە، ئەو خۆشییەی خۆشەویستی بە ئینسانی دەبەخشێت، ڕۆڵێکی گرنگی لە ئازادکردنیدا هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی متمانە بە خۆی پەیدا بکات. لایەنی لاوازی خۆشەویستی لای سارتەر ئەوەیە، ئینسان بەوەی لەگەڵ یەکێکی دیکەدا یەک دەگرێت، دەشێت خودی خۆی لە دەست بدات، ئەمەیش باجێکی گەلێک گەورەیە و خۆشییەکی تیژتێپەڕ، ئەو قوربانیدانە ناهێنێت. لە ڕوانگەی ئێریک فرۆمەوە، سەرمایەداری هێندە لە

بەهـای ئەوینـی کەم کـردووەتەوە، تـا ئاسـتی بازرگـانیکردن بە هەسـتی ئینسانەوە، بەڵام ئومێدی بەوە هەیە، ئەوین وەک هێزێکی داهێنەر، بەشداری لە دەوڵەمەنـدکردنی هەسـت و سـۆزی ئینسـاندا بکـات و لە ڕێیەوە ئینسـان بتوانێت خودی خۆی بسەلمێنێت.

---

(١) ت. أ. كوزمينا، الحب كمبدأ أخلاقي.

(٢) ف. ف. بيشكوف، نموذج الحب في العالم المسيحي_ البيزنطي.

(٣) ى. س. نارسكى، موضوعة الحب في الفكر الفلسفي للعصور الحديثة.

(٤) فلسـفة الحـب، مجموعـة مـن المـؤلفين، ترجمـة: هيـثم صـعب، الجـزء الأول، دار المـدى للثقافـة والنشر ٢٠١٠ دمشق.

(٥)

## ئینسان بەسەر دڵی خۆیدا زاڵ نییە

لەناو دڵتا
تەنیا مۆمی خۆشەویستی
داگیرسێنە!
تەنیا گوڵی خۆشەویستی
لە باخی دڵتا بڕوێنە!

عیشق ئاگرێکە بە نهێنی لە دڵدا دەگرێت، وەک چۆن بە دڵ، نەک بە ئاوەز، باوەڕ بەم یان ئەو ئایین دەهێنین، هەر لە ڕێی دڵیشەوە، پەی بە خۆشەویستی دەبەین. وەک چۆن کەسێکی سۆفی، وا هەست دەکات، لەگەڵ خودای خۆیدا یەکی گرتووە، لە خۆشەویستیشدا کە دوو کەس شەیدای یەک دەبن، وا هەست دەکەن، هەردووکیان کەسێکن، نەک دوو کەسی جیاواز. سۆفییەکان لایان وایە، ئەوی بکەوێتە بەر تیشکی سەرنجی خودا، پشکۆی عەقڵ لە دڵیدا دەگەشێتەوە، کە پشکۆی عەقل بە

زەبری خۆشەویستیی خودایی، لە دڵدا گەشایەوە، ئیدی بە چاوی ئاسایی نا، بە چاوی دڵ، شتەکان دەبینین.

دەڵێن مورغی سولەیمان ئاو، لەژێر خاکا دەبینێ شەو
منیش حەوت ڕۆژە ڕێ دوور بێ، بە چاوی دڵ دەبینم ئەو.
(پیرەمێرد)

ساکفورودا کە فەیلەسووفێکی ئۆکرانیاییە و لە سەدەی هەژدەیەمدا ژیاوە، دەڵێت: (دڵ قووڵترین و پڕبایەخترین جێی ئینسانە، دڵ ڕاستگۆترین ئینسانی نێو ئینسانە. غەیری ڕۆحی ئینسان، دڵ هیچ دیکە نییە و ئەوە ئەو ئاگری خۆشەویستییەی نێو دڵی ئینسانە، هەبوونی ئینسان دیاری دەکات.) دەستۆیفسکی لە بارەی دڵەوە دەڵێت: (ئەگەر دڵ توانای بینیی جوانیی هەبوو، ئیدی جوانی، ئاگرێک لە دڵدا بەرپا دەکات کە دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی دونیا.) دڵ چەقی ئینسانە و گرنگترین ئەندامی جەستەیە، ئەوە هەر دڵیشە، ئینسان لە پەرشوبڵاوی دەپارێزێت و کۆی دەکاتەوە. دڵ هەواری درەختی ژیانی ئینسانە، کار و کاردانەوەی ئینسان لە دڵییەوە هەڵدەقوڵێن و دڵ کەسایەتیی تایبەتیی هەر ئینسانێکیش دیاریی دەکات.

لە خۆشەویستیدا، سێکس شتێکی سەرەکی نییە، ئاخر خۆشەویستی کاتێک دەگاتە بڵندترین لووتکەی خۆی، کە زادەی پێکەوە گونجاوی ڕۆحی و لە یەک نزیکبوونەوەی ویژدانی بێت. حەزی ئینسان بۆ سێکس، شتێکە ڕێژەیی و لە توانادا هەیە بپێورێت، بەڵام خۆشەویستی، ملکەچی هیچ پێوانەیەک نابێت، چونکە لە خۆشەویستیدا هەر کەسە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. فەیلەسووف و لای مەسیحییەکان جۆرێک لە

خۆشەویستی هەیە کە (ئەوینی برایانە)ی پێ دەڵێن و ئەوینێکە گەردوونی و داوای برایەتی لە نێوان هەموو گەلاندا دەکات. عیسا کە داوای لە هەموو گەلان دەکرد، لەژێر چەتری خودادا کۆ ببنەوە، ڕووی دەمی لە دڵیان بوو، نەک لە ئاوەزیان.

ئەگەر ئایینێکی هەمیشە گەشاوە هەبێت، هەموو دونیا ڕووناک بکاتەوە، ئەوە خۆشەویستییە. زۆر شت دەمانبەستێتەوە بە ژیانەوە، بەڵام ئەوە تەنیا خۆشەویستییە، هانمان دەدات حەزمان لە ژیان بێت. خۆشەویستی نەک هەر لەوە بەرفراوانترە کە ئامانجی تەنیا لە خستنەوەی وەچەدا چڕ بکەینەوە، بەڵکوو ڕاستییەکەی، نەوەخستنەوە یەکێک نییە لە ئەرکەکانی خۆشەویستی، ئاخر خۆشەویستی بەختەوەرییەکی سەربەخۆیە، ئامرازێک نییە، ئامانجی درێژەدان بێت بە ڕەچەڵەکی ئینسان. هاوسەرگیرییش زۆر جار، دوور و نزیک، پێوەندیی بە خۆشەویستییەوە نییە، ئاخر ژمارەی ئەو ژن و مێردانەی، بەرژەوەندی کۆی کردوونەتەوە، گەلێک هەڵکشاوترە، لە ژمارەی ئەو ژن و مێردانەی خۆشەویستی یەکی خستوون. چی لەو پێوەندییە قێزەونترە، ژن و مێردێک یەکیان خۆش نەوێت و بە زەبری بەرژەوەندی، درێژە بە ژیانی هاوسەرگیریی بدەن؟ خۆشەویستی یەک نوسخەی ڕەسەنی هەیە، ئەوانی تر، هەر بە ڕوواڵەت لە خۆشەویستی دەچن و ساختەن. لە ژمارە نایەت، چەند ژن و مێرد و چەند دڵدار و دڵبەر، خۆشەویستیی ساختە کۆی کردوونەوە و تەنیا ڕۆڵی ئەویندار بۆ یەکتری نمایش دەکەن.

لەبیدۆ لای فرۆید، هەر وزەی سێکسی نییە و هیچی تر، بەڵکوو هەموو هەستێکی خۆشەویستی، دۆستایەتی و هۆگربوونە بەخود و

نیشـتمان و کەسـوکار و تەنـانەت بە خودایشـەوە. لای فرۆیـد لە دوای هەمـوو هەسـتێکەوە، پـاڵنەرێکی سێکسـی هەیە، ئیفلاتـوونیش جـوانیی بـێگەردی ئاسـمانیی دەبـردەوە سـەر ئێـرۆس و دەیگـوت: ئێـرۆس کە حاڵەتێکە لە نێوان نەمری و لەناوچووندا، پێش هەمـوو شـتێک، هەوڵدانە بۆ گەییشـتن بەوپەڕی بـاڵایی و خەبـاتە لە پێنـاوی ئەوەدا، تێگەییشـتنی ئینسـان بگـاتە جێیەکی بـاڵاتر لەوەی سروشـت پێی بەخشـیوە و هەر بە زەبـری ئێرۆسـیش، گـۆڕانە گەورەکـان ڕوو دەدەن. لای فرۆیـد ئێـرۆس، سـەرچاوەی هەمـوو چـالاکییەکی ئینسـانە، هەوێنـی داهێنـانە، ئەوە داهێنانیشە نەمریی بۆ ئینسان دابین دەکات و هەر ئێرۆسیشە وا دەکات، ئینسـان ژیانی هێندە خۆش بوێت، تـا ئەو ئاسـتەی خەو بەوەوە ببینێت، هەرگیز کۆتایی بە تەمەنی نەیەت.

هەرچەنـدە سـەرکوتکردنی ئـارەزووی سێکسـی، دەبێـتە هـۆی بڵاوبـوونەوەی لادانـی سێکسـی و هەنـدێک نەخۆشـیی دەروونـی. کەچـی ویلـیەم ڕایـش پێـی وایە، ئەو سـەرکوتکردنە، ڕۆڵێکـی گرنـگ لە گەشەسـەندنی کولتـوور و شارسـتانیدا دەبینێـت. ئەمەیـش هەر پاتەکردنەوەی تێزەکەی فرۆیدە کە پێی وابوو، داهێنـان زادەی چەپانـدنی سێکسـییە. لای ڕایـش مێـژووی مرۆڤـایەتی بە دوو قۆنـاغی گرنگـدا تێپەڕیـوە، لە قۆنـاغی یەکەمیانـدا کە بە کـۆمەڵگەی دایکـانە ناسـراوە، سـێکس ئـازاد بـووە، بەڵام لەگەڵ دەسـتپێکردنی قۆنـاغی دووەمـدا کە بە کۆمەڵگەی بابسالاری ناسراوە، چەپاندنی سێکسی سەری هەڵداوە.

فەیلەسووف و کۆمەڵناس هەربێرت مـارکۆز (١٨٩٨ _ ١٩٧٠) پێی وایە، سـەرکوتکردنی ئـارەزووی سێکسـی، دەبێتە هـۆی تێکشـکانی کەسـایەتی،

بۆیە بۆ ڕزگارکردنی ئینسان، تەنیا شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەس نییە و بێ شۆڕشی سێکسی، چەوساندنەوە هەر درێژەی دەبێت. مارکۆز خەون بە شارستانییەکەوە دەبینێت، تێیدا لەبیدۆ ئازاد بێت و ئیرۆسی داهێنەرانە زاڵ بێت، ئاخر لای ئەو تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا، ئینسان لە نامۆبوونی سێکسی قوتاری دەبێت، ئیدی لەبیدۆیش لەبری ئەوەی هەڕەشە لە کولتوور بکات، دەبێتە هەوێنی پێشکەوتنی.

ئەوە شۆڕشی سێکسی بوو وای کرد، لەبری ئەوە دوو کەس، وەک ناخی دەروون پێکەوە بگونجێن، بیریان هەر لای بەریەککەوتنی دەرەکی بێت، هەر لە خەمی تێرکردنی جەستەدا بن و ئاوڕ لە ڕۆح نەدەنەوە. شۆڕشی سێکسی، خۆشەویستی لە پەرەستگە هێنایە دەرەوە و فڕێی دایە سەر شەقام و خستییە ناو بازاڕەوە، ئیدی ئینسان هێندەی دیکە لە خۆی و لە خەڵکی نامۆبوو. ئەو گۆرانی و کلیپە نزمانەی بازاڕیان گەرمە، گەواهی لەسەر ساردبوونەوەی کوانووی ئەوین دەدەن و بەڵگەن بۆ ئەوەی خۆشەویستیی ساختە، جێی بە خۆشەویستیی ڕاستەقینە لێژ کردووە. پێ دەچێت هەنووکە هەموو شتێک لە ئەوین گرنگتر بێت، ئەوە نییە، ئەو خەڵکە خەباتیان لە پێناوی پارە و پاوەردایە و هیچ خەمێک لە فێربوونی هونەری خۆشەویستی ناخۆن.

ئێریک فرۆم هەوڵی ئەو هاوسەرانە ڕیسوا دەکات کە دەخوازن، وەک چۆن شتومەکی تریان هەیە، ئاوا خاوەنی ئەوینیش بن، ئاخر زۆر ژن و مێرد، پێیان وایە، بە شێوەیەکی شەرعی، خاوەنی جەستە و سۆزی یەکترین و ئیدی هیچ پێویست بەوە ناکات، هەوڵ بۆ ڕاگرتنی دڵی یەکدی بدەن و کارێک بکەن، سەرنج و سۆزی یەکتر ڕابکێشن، ئەمەیش لە

یەکدی بێزاربوونی بە دوادا دێت و دەگاتە جێیەک ئیدی جوانییەکانی یەکتر نابینن، ئەوسا لەبری ئەوەی یەکدییان خۆش بوێت، لەبری ئەوەی بە دەم هاواری پێویستییە ڕۆحی و جەستەیییەکانی یەکدییەوە بچن، لەبری ئەوەی بایەخ بە یەکدی بدەن، لەبری ئەوەی بەردەوام هەستی گەرم بەرانبەر یەکدی دەرببڕن، بیریان هەر لای ئەو شتانە دەبێت کە بە هاوبەشی هەیانە، وەک منداڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی و پارە و خانوو. ئەو جۆرە هاوسەرانە، چونکە نازانن خۆشەویستی، خانوو نییە، تا لەسەر خۆیانی تاپۆ بکەن، بۆیە هەر یەکێکیان گوناهی تێکشکانی خۆشەویستییەکەیان، دەخاتە ئەستۆی ئەوی تریان و ئیدی ئەگەری ئەوە زۆرە، هەر یەک لە قوڵی خۆیەوە، بە دوای دۆستدا بگەڕێت.

لەگەڵ ئەمەیشدا، فرۆم هەر هاوسەرگیری بە باشترین چارەسەر دەزانێت، بۆ دوو کەس کە یەکیان خۆش بوێت، چونکە پێی وایە، هەڵەکە لە هاوسەرگیریدا نییە، بەڵکوو لەوەدایە، مێرد بێ ئاگا لەوەی، وەفا ناکەوێتە خانەی موڵکەوە، هەست و سۆز و جەستەی ژن، وەک سامانی لە گوێزانەوە نەهاتوو بن، بە موڵکی جێگیری خۆی بزانێت. فرۆم پێی وایە، ئەگەر بازاڕ بەسەر پێوەندییە ئینسانییەکاندا زاڵ بێت، ئەگەر بە ئاوەزی خاوەنموڵکەوە سەیری ئەوین بکرێت، ئەگەر بەها ماددییەکان بەرە لەژێر پێی بەها ڕۆحییەکان ڕابکێشن، ئەگەر ئینسان بیر لە مانای ژیان نەکاتەوە و بایەخ بە خودسەلماندن نەدات، ئیدی نسکۆی خۆشەویستی، ئەنجامێکی حەتمی دەبێت.

فرۆم وەک بەهایەکی بڵندی ئینسانی سەرنجی خۆشەویستی دەدات و باوەڕی بەوە هەیە، ئەوەی ئینسان لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە، ئەوەیە

ئینســـان پێویســـتییەکی قـــووڵی بە خۆشەویســـتی هەیە و ئەوی بەبـــێ خۆشەویستی بژی، ویژدانـی ئازاری دەدات. لای فـرۆم، خۆشەویستی هەستێکی هێندە ئینسـانییە، کە لەناکاو دەکەوینە ناوییەوە، دەستبەجێ هەموو بەربەستەکان بزر دەبن و ئیدی وەک ناسیاوی دێرین، نەک وەک غەریب، لەگەڵ یەکدیدا دەدوێین و هەڵسوکەوت دەکەین.

خۆشەویســـتی هەر هەر هەســـتێکی گەرم و بەهێـــز نیـــیە، بڕیـــار و بەڵێنیشـــە. ئـــێمە کەســـێکمان لەبەر ئەوە خـــۆش ناوێـــت کە لە ڕووی سێکســـییەوە تێرمـــان دەکـــات، ئـــاخر بەختەوەریـــی سێکســـی، زادەی خۆشەویســـتییە، نەک بە پـــێچەوانەوە. ئێریـــک فـــرۆم گـــوتەنی، ئەوە خۆشەویستی نییە کە بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی، یان لە ترسی تەنیـــایی، هانـــای بـــۆ دەبەیـــن و ئەو جـــۆرە پێوەنـــدییە کە زادەی خۆشەویستی نییە، نە خۆشی دەخاتە دڵمانەوە، نە چێژ بە جەستەمان دەبەخشێت.

ئینسانی تێکشکاو، ئەوی لە هیچ بوارێکدا توانای داهێنانی نییە، بۆ ئەوەی زریانی کەپووبڵندیی خۆی هێور بکاتەوە، هانا بۆ ئەوە دەبات، زۆرترین پێوەندیی سێکسی دابمەزرێنێت. کەسی وا ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کورت هەست بە سەرکەوتن بکات، بەڵام لە کۆتاییدا نائومێد دەبێت و خەم تەنگی پێ هەڵدەچنێت. سێکسکردن بەبێ خۆشەویستی، هەوڵێکی شکســـتخواردووی ئەوانەیە، کە دەخـــوازن بـــاڵاتر لەوەی هەن، خۆیـــان نمـــایش بـــکەن. لای فـــرۆم لێکنزیکبـــوونەوەی جەســـتەیی، ئەگەر بـــێ نزیکبوونەوەی ڕۆحی بێت، نەک کۆتایی بە نامۆیی و تەنیایی ناهێنێت، بەڵکـــوو قووڵتریـــان دەکـــاتەوە و لـــووتکەی هەســـت بە غەریبـــی کـــردن

وەختێکە، دوو کەس وەک جەستە ئاوێزانی یەکدی ببن، بەڵام وەک ڕۆح، داوێکی پێوەندی لە نێوانیاندا نەبێت.

گابریـل مارسـیل (۱۸۸۹ _ ۱۹۷۳) دەڵێـت: (خۆشەویسـتی دڵـی دونیـای مرۆڤـایەتییە، بەڵام هەنــووکە لە لێــدان کەوتــووە.) ئەو فەیلەســووفە فەرەنســاییە وجــوودییە کاســۆلیکە، خەوی بەوەوە دەبینــی، بە هــۆی فراوانکردنی فەزای خۆشەویستییەوە، مرۆڤایەتی قوتار بکات و دەیگوت: پێشــکەوتنی جیهــان بە پێشــکەوتنی خۆشەویســتییەوە بەنــدە و هەر بە سەرلەنوێ لە دایکبوونەوەی خۆشەویستی، ئینسـان سـەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە. ئەو پێی وابوو: (خۆشەویستی، خوداییە و پیرۆز، چونکە زاتی خـودا، لە غەیـری خۆشەویسـتی هیچـی دیـکە نیـیە.) دەیگـوت: بـا وەک جەســـتە بشــمرین، بەڵام بە هــۆی خۆشەویســتییەوە بە نەمــری، لە هۆشیاری و یادەوەریی ئەوانەدا کە خۆشیان ویستووین، دەمێنینەوە.

خۆشەویستیی ڕاستەقینە وێستگەیەک نییە بۆ پشـوودان، جێیەکە بۆ کــاری هاوبەشــی بەردەوام. ئەوینــداری ڕاســتەقینە، کەســێک نیــیە خۆپەرسـت، کەسـێکە بەخشـندە و خـودی خـۆی بەوی دی دەبەخشـێت. فرۆم پێی وایە خۆشەویستیی ساختە، بریتییە لە دەست بەسەرداگرتنی ئەوی دی و تێرکردنـی ئەو ئـارەزووە تەسکانەی، زادەی خۆپەرسـتین و زیـاتر لە گیرۆدەبـوون دەچێـت، وەک لەوەی لە پـێکەوە ژیـانێکی ئـازاد بچێت.

سـارتەر بە دەگـمەن، پۆزەتیـڤ باسـی خۆشەویسـتیی کـردووە، ئەو زیاتر بایەخی بە مازۆشیزم و سادیزم و لادانە سێکسـییەکان داوە. دژی

ئەوە بووە، خۆشەویستی لە نزیکبوونەوەی جەستەییدا کورت بکرێتەوە و پێی وابووە، کۆیلایەتی لە ئەویندا کە زادەی ترسە لەوەی ئەویندااران یەکدییان لە کیس بچێت، خۆشەویستی دەکوژێت و ئاگری ئەوینێک بە کۆمەکی ئارەزوو هەڵگیرسا بێت، درەنگ یان زوو، دەکوژێتەوە. سارتەر لە کارە فەلسەفییەکانی و لە ڕۆمان و دراماکانیشیدا، نە باسی ئەوینی بەختیاری کردووە، نە ئەو هەموو داهێنانەی کە زادەی خۆشەویستین.

ئەوەیش بۆ خۆی کارەسات بوو، لە سایەی ئەو سۆسیالیزمە مارانەیەدا کە هەرەسی هێنا، تاک ملکەچی کۆمەڵ بوو، ئەوین بە خەباتی فیکری و چینایەتییەوە گرێ دەدرا، دادگای پشکنینی خۆشەویستی، دەستی لە ناخی ئەویندااران وەر دەدا و دەیویست هەستیان بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، ئەوسا لەوێ پاسەوانانی ڕەوشت، نە پشتی ئەوینی پێش هاوسەرگیرییان دەگرت، نە لەگەڵ هاوسەرگیریی پێشوەختدا بوون. ئەوسا لەوێ سانسۆری کۆمەلایەتی، یان دروستتر پۆلیسی پاراستنی مۆراڵ، لێ نەدەگەڕا کوڕانی حیزب، بە داوی ئەوینی کچانی دوژمنی چینایەتییەوە ببن!

خۆشەویستی چییە؟ لاو تسی کە دامەزرێنەری فەلسەفەی تاوییە، پێی وایە: (زانا لەو بارەیەوە، هیچ نالێت و ئەویشی لەو بوارەدا قسە دەکات، هیچ نازانێت.) خۆشەویستی هەستە و هەستیش لۆگیکێکی جیاواز لەوەی عەقڵی هەیە، لۆگیکێکی ئازاد کە ئەفسوونی جوانییەکەی لە خۆڕسکییەکەیدایە، لۆگیکێک سنووری سانسۆری هۆش و عەقڵی تێپەڕاندووە، ئەوە بۆیە لەوەدا کە پێوەندیی بە هەستمانەوە هەبێت، مەرج نییە خاوەنی ویستی خۆمان بین. ئەوی لە هەوڵی ئاڕاستەکردنی

هەستی ئەوانی دیکەدا بێت، وێڕای خۆ بە خۆڕاییماندووکردن، ڕەنگە ببێتە مایەی پێکەنینیش. دەشێت بتوانین لە ترسی سانسۆر، هەستی خۆمان لە نزیکترین کەسی خۆمان بشارینەوە، بەڵام ئەو هەست حەشاردانە، نەخۆشی دەروونی، تێکشکانی کەسایەتی و مەرگی لێ دەکەوێتەوە.

هەست زمانێکی گەرموگوڕی خۆڕسکە، وشە قەت ناتوانێت، هەستێکی ئاگرینی سروشتی دەرببڕێت، عەقڵ دەتوانێت بۆسە بۆ هەست بنێتەوە، بەڵام قەت ناتوانێت دیلی بکات. هەست هێندە داهێنەرە، تەنیا ئەو کەسە لێی تێدەگات کە ئاڕاستەی دەکرێت، ئەوە بۆیە پاسکاڵ دەڵێت: (لە خۆشەویستیدا، بێدەنگی لە قسەکردن، کاریگەرترە.) یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەست ئەوەیە، بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی خۆی، پێویستی بە هێنانەوەی بەڵگە نییە، بۆیە بە عەقڵ کەویی ناکرێت.

هەیە پێی وایە، لە خۆشەویستیدا هیچ شتێک ئالۆز و تەمومژاوی نییە، هەموو شتێک ساکار و ئاشکرایە. دوو کەس یەکدی دەبینن، بە یەکدی سەرسام دەبن و ئیدی چیرۆکی خۆشەویستی دەست پێ دەکات. ڕەنگە دواتر لە یەکدی بێزار ببن و ئیدی سووک و ئاسان جیا ببنەوە و سەرلەنوێ لەگەڵ کەسێکی دیکەدا تێ هەڵبچنەوە. ئەم لێکدانەوەیە، مەگەر توانای قایلکردنی عەقڵێکی هەبێت، دوور و نزیک پێوەندیی بە ڕۆحەوە نەبێت و هیچی دەربارەی هەست و سۆز نەژنەفتبێت. ڕەنگە هەبن بیر لەوە بکەنەوە، نهێنیی خۆشەویستی ئاشکرا بکەن، بەڵام چونکە ئەوین ملکەچی عەقڵ نییە، ئەوە کارێکی مەحاڵە.

پاسکاڵ دەڵێت: ئەوین بە هەست خۆی گەرم دەکاتەوە، نەک بە عەقڵ، هێــزی خۆشەویســتی لە هێــزی مەزنتــرین عەقــڵ بــاڵاترە. نووســەری مۆرالیســـــتی فەرەنســـــایی فرانســــۆ دی لارۆشـــــفۆکۆ (١٦١٣ _ ١٦٨٠) دەنووسێت: عەقڵ لە بەرانبەر دڵدا، هەمیشە وەک گێل ڕەوتار دەکات. ژن ددان بەو ڕاستییانەدا دەنێت و ئەوەی بە لای پیاوەوە سەیرە، لای ژن شتێکی ئاساییە، ئەوە بۆیە لەگەڵ ناوهێنانی خۆشەویستیدا، ئینسان ژنــی بیــر دەکەوێــتەوە. سروشــتی خۆشەویســتی وایە، لە هەمــوو ئەو بڕیــارانە ڕاســتگۆترە کە لە دەزگاکــانی کــۆمەڵگەوە دەردەچــن، ئــاخر خۆشەویستی هـاواری سروشـتە و بە گـوێرەی یاسـاکانی سروشـتیش، خۆشەویستییەک نییە، لەگەڵ مۆراڵدا ناکۆک بێت. کێشەکە هێندە سەخت نییە، ئەوە ئێمە نین کە خۆشەویستی هەڵدەبژێرین، ئەوە خۆشەویستییە، بێ گوێدانە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئێمە هەڵدەبژێرێت. ئەوانە بە لای خۆشەویستییەوە، هیچ بایەخێکیان نییە، هاوسەرگیریمان کردووە، یان نا؟ جوانین یان ناشیرین؟ گەنجین یان پیر؟ خانەدانین یان (ناکەسبەچە؟) ساغ و سەلیمین، یان نەخۆش و پەککەوتە؟

خۆشەویستی منداڵە،
منداڵی ئازادی،
لە هەموو یاساکان بەهێزترە.

ئەگەر بشخوازین لە دەست خۆشەویستی هەڵێین، یان بەسەریدا زاڵ بــین، هەر بۆمــان جێبەجــێ ناکرێــت، ئەوە لە خــۆڕا نیــیە، بە گــوێرەی ئەفســانەی ڕۆمــانی، ئــاموور کە خوداوەنـدی خۆشەویسـتییە، منـداڵێکی

ڕووخۆشــی باڵـداره. شــاعیری ئیتالیــایی فرانسیســکۆ پەتــرارک (١٣٠٤ _ ١٣٧٤) دەڵێت: (بەسەر دڵی خۆمدا زاڵ نیم، یان دەنووسێت:

نە شەڕ لە گۆڕێدا هەبوو،
نە من نیازی هێرشم هەبوو،
ئیدی چۆنم زانیبا
بە دیل دەگیرێم؟

---

(1) Kärlekens Konst av Erich Fromm.

(٢) أبراموف، ميتافيزيقا الحب و فلسفة الحب في الفكر الفلسفي الروسي. (٣) سيمينوفا، الحب هو رغبة في الخلود. (٤) ستريلتسوفا، مصير الحب اليوم، بحث سيكولوجى أخلاقي.

(٦)

## ژن پیاو دەخولقێنێت

خۆشەویستی وەک فرۆید دەیویست پیشانی بدات، هەر سێکس نییە،
بەڵکوو سێکس، ئەگەر لە سنوورێکی گونجاودا بێت،
جۆرێکە لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی.

هەن پێیان وایە، خۆشەویستی بە کۆسپەوە خۆشە و ئەگەر هیچ بەربەستێک لە ئارادا نەبێت، پێویستە بە ئەنقەست، تەگەرە لە بەردەمیدا دروست بکەین! ئۆڤیدی شاعیری ڕۆمانی دەڵێت:

هەر چی بە ئاسانی دەستمان بکەوێت،
تەمەنکورت دەبێت،
پیاو چونکە بە ئاسانی پێی دەگات،
زوو لە ژنی خۆی بێزار دەبێت.

خۆشەویستی هەندێک جار لە وەختی نەگونجاودا پەیدا دەبێت، یان لە کاتی چاوەڕواننەکراودا، بزر دەبێت. خۆشەویستی کانییەکە لە وشکبوون نایەت و بارانێکی بەخوڕە، خۆش ناکاتەوە. خۆشەویستی هەر لە ژانی منداڵبوون دەچێت، ژانێک کە ژن بە پیرییەوە دەچێت و لە پێناوی ئەوەدا ببێت بە دایک، سڵی لێ ناکاتەوە.

ئەگەر هاوسەرگیری، لە ئەنجامی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەوە سەری هەڵنەدابێت، بە جیابوونەوە کۆتایی دێت و لە حاڵەتی وەهادا، منداڵ باجی

هەڵەی گەورەکان دەدات. با باوک یان دایک کەسی دیکەی خۆش بوێت و نیازی پێکەوەنانی ژیانی تازەیشی هەبێت، هێشتا هەر ئەوە هەڵەی خۆشەویستی نییە کە باوک یان دایک دەست لە منداڵی خۆی هەڵدەگرێت، بەڵکوو هەڵویستی وا نائینسانی، بڕوابوونە بە تۆڵەسەندنەوە و زادەی هەستنەکردنە بە بەرپرسیاری و لە سۆنگەی لاوازی و خۆپەرستییەوەیە.

خۆشەویستی هەستێکی پاکژ و جوانە و هەمیشە ئەویندار، ڕێزێکی زۆر و قووڵی بۆ خۆشەویستەکەی هەیە، وەک نموونەی باڵا سەرنجی دەدات و تەنانەت ئەوەندە بە پیرۆزی دەزانێت، ئامادەیە سەجدەی بۆ ببات و ژیانی خۆی بە قوربانی بکات، بۆیە خۆشەویستی هەرگیز ڕووخێنەر نییە، هەمیشە بونیادنەرە و پێوەندییەکە، ئینسان لە ڕێیەوە بە هەواری کامڵبوون دەگات. خۆشەویستی، واقیعێکە تەمومژاوی و ئاڵۆز، ئاخر ئەوە تەنیا داوێکە قین لە ئەوین جودا دەکاتەوە و ڕەنگە یەک هەنگاوی هەڵە، ئەوین بگۆڕێت بە قین. لە ئەویندا ئینسان نابێت بایەخ بە شتە بچووکەکان بدات و ئەویندار پێویستە کەسێکی زیرەک و سینگفراوان بێت، کەسێک توانای ئەوەی هەبێت، بە چاوی دڵ ببینێت، نەک تەنیا بە چاوی سەر، کەسێک گەردێک لە خۆپەرستیی تێدا نەبێت، ئەگەر نا ڕەنگە ئەوین، لە بەختەوەرییەوە بگۆڕێت بە نەفرەت.

خۆشەویستی سەرچاوەیەکی ڕۆشنە، ڕۆشنتر لە خۆر، ژیانی مرۆڤایەتی ڕووناک دەکاتەوە. خۆشەویستی، وەک چاکە و سۆز و دلۆڤانی وایە، بە گژ قین و شەڕ و تاواندا دەچێتەوە. خۆشەویستی نە سەرچاوەی شەڕە، نە هەوێنە بۆ کاری خراپ و قەتیش ناکەوێتە خانەی بەدڕەوشتییەوە. ئەو تاوانانەی ڕوو دەدەن، بە زەبری ئەوین ئەنجام

نـادرێن، ئـاخر بەدگومـانی و قـین، تاوانیـان لـێ دەکەوێـتەوە، نەک سـۆز و ئەوین. بە هۆی ئەوینەوە نەبوو کە ئۆتێللۆ دێزدەموونەی بەوەفای کوشت، لە ئەنجـامی بەدگومـانییەوە بـوو. بەدگومـانی، کاتێـک سـەرهەڵدەدا، ئینسـان بـڕوای بە خـۆی لاواز بێـت، بە دەربڕینێکـی دیـکە، گرێـی هەسـتکردن بە کەموکووڕی هەبێت. زۆر جار بەدگومانی لەوەوە پەیدا دەبێت، ئەم ئەوی دیکە بە مـوڵکی خـۆی دەزانێت، بە مەرجێک لە نێوان دڵبەر و دڵداردا، نە موڵک هەیە و نە خاوەنموڵک.

کەسێک خۆپەرست بێت، نە بۆ هاوڕێیەتی دەشێت، نە بۆ خۆشەویستی، ئـاخر خۆپەرسـت، نە هاوسـۆزیی لـێ دەوەشـێتەوە و نە ددان بە دڵسـۆزیی ئەوانـی تـردا نانێت، خۆپەرسـت نە متمـانەی بە خـۆی هەیە، نە بە کەسـانی دیکە و هەمیشە گومان دەروونی دەکرۆژێت. گومان جنۆکەیەکە باڵی مەلی خۆشەویستی دەشکێنێت و درەختی متمانەبوون بەوی دیکە، بنکۆڵ دەکات. گومـان هەسـتێکە، هەق بـوو نەبێت، ئـاخر ئەگەر کەسـێک خۆشـی بـوێین، پێویسـتمان بەوە نابێـت گومـانی لـێ بکەیـن، ئەگەر هـیچ خۆشەویستیشـی بۆمـان نەبێت، ئیـدی لە پـای چـی گومـانی لـێ بکەیـن؟ ئەگەر گومانمـان لە کەسێک هەبێت، دەیخەینە ژێر چاودێرییەوە، چاودێریکردنیش، هیچ لەگەڵ ئەویندا کۆی ناکـاتەوە و بە چـاوی گومـانەوە سـەرنجدانی ئەم و ئەو، هەم ئازادی لێ زەوتکردنە و هەم ئەوپەڕی بێڕێزی پێکردن.

خۆشەویسـتی بەدەر لە ویسـتی خۆمـان ڕوو دەدات و ئەگەر بەرەو ڕووی ببینەوە، ئەوە گرنگترین ڕووداو دەبێت لە ژیانماندا، ئاخر دەستبەجێ پێمـان وا دەبێـت، بـووین بە خـاوەنی هەمـوو شـتێک. ئەوە خۆشەویسـتییە وامـان لـێ دەکـات، هەسـت بکەیـن لە تەلاری بەختەوەریـدا ژیـان بەسـەر

دەبەیــن، بە پــێچەوانەی هاوســەرگیرییەکەوە، خــوێنی ئەویــن بە دەماریــدا نەگەڕێت، کە لە زیندان دەچێت، زیندانێک خۆمان دروستمان کردبێت.

خۆشەویستی بناغەی ژیانە و هەر چی دیکە هەیە، دوای ئەوین دێت، چونکە لووتکەی بەختەوەری ئەوەیە، دوو کەس پێکەوە کۆشکی ئەوین ڕۆ بنـێن، کۆشـکێک هـێلانەی دوو ڕۆحـی ئـازاد بێـت، ئـاخر خۆشەویسـتیی ڕاسـتەقینە، لە سـەرەتاوە ڕۆحـییە و دواتـر لێک نزیکبـوونەوەی جەسـتەیی دێتە ئاراوە. شاعیری ئەڵمانیایی هۆڵدەرلین (١٧٧٠ _ ١٨٤٣) دەڵێت:

لەمێژبوو چاوەڕێم دەکردی،
پێش ئەوەی پێت بگەم،
دڵم پێی گوتبووم،
ڕۆژێ دێی.

کە دوو کەس بە ڕاســتی یەکــدییان خــۆش دەوێــت و لەگەڵ یەکتــردا دەگونجێن، بەوە نەک هەر کەسیان دەستبەرداری لایەنە تایبەتییەکانی خۆی نابێت، بەڵکوو تایبەتمەندییەکانی هەر یەکێکیان دەوڵەمەندتر دەبێت و تۆختر دەبێــتەوە. تــا تایبەتمەنــدییەکانی هەر یەکێکیــان زێتــر گەشــە بکــات، خۆشەویســتییەکەیان بەهێزتــر و پــێکەوە گونجاوییەکەیــان پتەوتــر دەبێــت، ئاخر جیاوازییە تایبەتییەکانی نێوانیان، دەبێتە هۆی ئەوەی زێتر پێویستیان بە یەکدی ببێت، زێتر لە یەکدی نزیک ببنەوە، یەکتری دەوڵەمەندتر و کامڵتر بکەن و هەر یەکێکیـان بەبێ ئەوی تریـان، خـودی خـۆی بە هەژار و ناکامڵ بزانێت. فیورباخ دەڵێت: (ژن و پیاو پێکەوە ئینسانێکی کامڵ پێک دەهێنن، بێ ئەو یەکبوونە، ئینسانی کامڵ نین، هەر یەکێکیان بەشێکە لە ئینسانێک.)

له خۆشەویستیدا، جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی نێوان دوو ئەویندار، دەبێتە هۆی ئەوەی هەر یەکێکیان زێتر پێویستی بەوی دیکەیان ببێت و هاوسۆزی لە نێوانیاندا پتەوتر ببێت. جیاوازییە تایبەتییەکانی نێوان نێر و مێ، دەبێتە هۆی ئەوەی لە یەکدی نزیکتر ببنەوە و زێتر حەوجەیان بە یەکدی ببێت. ئەوە ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانەیە، وا دەکەن ئینسان چۆن پێویستی بە خۆر و هەوا هەیە، هەر وایش پێویستیی بە سۆز و خۆشەویستی هەبێت. نابێت ئەوینداران لێ بگەڕێن، خۆشەویستی وەک خوویەکی جێگیری لێ بێت، ئاخر ئەوسا لە یەکدی تێر دەبن و یەکدییان لەبەر چاو دەکەوێت. ئەوە هەوڵدانە بۆ بەرپاکردنی گۆڕانکاری لە خۆشەویستیدا، وا دەکات بەردەوام خۆشەویستی نوێ ببێتەوە و بە زیندوویی بمێنێتەوە. هەندێک جار بە ئەنقەست لە یەکدی دوورکەوتنەوەی کاتەکی، خۆشەویستی دەبووژێنێتەوە و لێ ناگەڕێت ئەوینێکی ماندوو، ببێتە ئەوینێکی مردوو. ئەلێکسی تۆلستۆی (١٨٨٢ _ ١٩٤٥) دەڵێت:

خۆشەویستم!
کە بەڵا بەسەرمدا دەبارێت،
ئەگەر گوتم ئیدی خۆشم ناوێی،
بڕوام پێ مەکە،
کە زەریا لە سەروەختی داکشاندا بوو،
پێت وا نەبێ
ناپاکیی کردووە،
ئاخر هێندە نابا،
دیسان زەوین
پڕ دەکاتەوە لە ئەوین.

ئینسان خۆی چۆن بێت، خۆشەویستییەکەیشی وەها دەبێت، ئینسانێکی بچووک، ناتوانێت ئەویندارێکی مەزن بێت. خۆشەویستی تا لە بواری غەیری سێکسیدا بەرفراوانتر و دەوڵەمەندتر بێت، لە بواری سێکسیشدا پتەوتر و دەوڵەمەندتر دەبێت. کەسێک نە خەڵکی خۆش بوێت، نە نیشتمانی خۆش بوێت، نە سروشتی خۆش بوێت و نە ئەدەب و موزیکی خۆش بوێت، ئەستەمە بە قووڵی تاقە ئینسانێکی خۆش بوێت. ئینسان ئەگەر خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی گشتی نەبێت، ئەگەر هەستی ناسینەوەی جوانی شک نەبات، ئەگەر ڕێز لە بەها بڵندە ئینسانییەکان نەگرێت، ناتوانێت خاوەنی خۆشەویستییەکی مەزن بێت. وەک چۆن لە هەناوی هەموو بەردێکدا، پەیکەرێک زیندانی کراوە و تەنیا پەیکەرتاشی هونەرمەند لە توانایدا هەیە، دەرگای لێ بکاتەوە، تەنیا عاشقی لێزانیش، لە توانایدا هەیە، بوار نەدات ئەو گوڵی ئەوینەی لە ناخی ئینساندایە، بژاکێت و هەڵبوەرێت.

نووسەری ڕووس سۆخۆملینسکی (١٩١٨ _ ١٩٧٠) کە لە بواری پەروەردەدا زانایە، دەڵێت: (لە پەروەردەکردنی خۆشەویستیدا، ژن ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، ئاخر ژن هەر دایکی منداڵ نییە، پیاویش پەروەردە دەکات، ئەوە ژنی ئازا و بەهێز و دڵسۆزە، پیاوی ئازا و بەهێز و دڵسۆز دەخوڵقێنێت و پیاو لە ژنی ڕۆحدەوڵەمەندەوە، فێر دەبێت، قەدری جوانی بگرێت.) وەک چۆن لە هونەردا، بەهرەمەندی گەورە هەیە، لە ئەوینیشدا، عاشقی مەزن هەیە، ئەوینی مەزن، وەک ئەوینی (جاهان شا)یە، بۆ (مومتاز)ی ژنی، کە پەرستگەی (تاج مەحەل)ی لە کەناری ڕووباری جەمنا، بۆ بونیاد نا و تا مرد ناپاکیی لە یادەوەریی ژنەکەی نەکرد. فەیلەسووفی ئەڵمانیایی شیلینگ (١٧٧٥ _ ١٨٥٤) کە ئەویش ئەویندارێکی گەورە بوو، لەسەر کێلی مەزاری ژنەکەی دەنووسێت: (خوا تۆی بە من بەخشیوە،

مەرگ ناتوانێت تۆم لێ بسەنێتەوە.) شاعیری بەلچیک، ئێمیل فێرهارن (١٨٥٥ _ ١٩١٦) خەوی بەوەوە دەدی، ئەم پێش مارتای ژنی بمرێت، تا ئەو بە دەست و پەنجەی خۆی، چاوەکانی ئەم دابخات.

لای شاعیری ڕووس سۆلۆڤیۆڤ (١٨٥٣ _ ١٩٠٠) سێ جۆر لە ئەوین هەیە: ئەوینی داکشاو کە زێتر دەبەخشێت وەک لەوەی وەربگرێت، وەکوو خۆشەویستیی باوک و دایک بۆ منداڵەکانیان. ئەوینی هەڵکشاو کە زێتر وەردەگرێت وەک لەوەی ببەخشێت، وەکوو خۆشەویستیی منداڵان بۆ دایک و باوکیان. ئەوینێک کە بەخشین و وەرگرتن تێیدا یەکسانن، وەکوو خۆشەویستیی جەستەیی نێوان ژن و مێرد. ئیفلاتوون لە هەوڵی ئەوەدابوو، ئەو خۆشەویستییە سێکسییە ڕووکەشەی نێوان ژن و پیاو، بۆ خۆشەویستییەکی باڵا بگۆڕێت، بۆ خۆشەویستییەک کە ڕۆحە جوانەکان پێکەوە ببەستێتەوە و ببێتە خۆشویستنی جوانی و خێر و حەقیقەت و خودا. ئیفلاتوون پێی وابوو، خۆشویستنی ئینسان، هەنگاوی یەکەمە بەرەو سەرهەڵدانی هەستی باڵا و پاکژی ئایینی و بەرەو خۆشویستنی خودامان دەبات. بەڵام سیمۆن فرانک (١٨٧٧ _ ١٩٥٠) کە فەیلەسووفێکی ڕووسە، پێی وایە، چونکە خۆشویستنی ئینسان، خۆشەویستییەکی واقیعی و هەستپێکراوە، بۆیە باڵاترین و زیندووترین جۆری خۆشەویستییە. مارکس لە نامەیەکدا بۆ (جێنی)ی ژنی دەنووسێت: (هەست دەکەم پڕ بە پێستی وشەکە، ئینسانم، ئینسانێکی تەواو، چونکە خۆشەویستیی تۆ شک دەبەم. ئاخر تەنیا بە هۆی خۆشویستنی ئینسانەوە، بە تایبەتی ئینسانێکی وەک تۆ، ئینسان سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە.)

ئینسان ئەگەر خودی خۆی خۆش نەویێت، ناتوانێت هەبوونی خۆی وەک ئینسان بسەلمێنێت و پێی ناکرێت، کەسی تریشی خۆش بوێت. بۆ ئەوەی ببین بە ئینسانی تەواو، تەنیا ئەوە بەس نییە، یەک ئینسانی دیاریکراومان خۆش بوێت، ئاخر خۆشویستنێک ئاوێتە نەبێت بە خۆشویستنی مرۆڤایەتی، بەرەو ئەوەمان دەبات، هەوڵ بدەین، ئەو تاقە ئینسانە بکەین بە موڵکی خۆمان و ویستی خۆمانی بەسەردا بسەپێنین. ئینسان چونکە خۆیشی ئینسانە، بۆیە دەبێت خۆیشی خۆش بوێت و وەک چۆن خۆی خۆش دەوێت، خەڵکی تریشی خۆش بوێت، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو خەڵکە دەناسێت، یان نا. خۆخۆشویستن، خۆپەرستی نییە، ڕێز لە خۆ گرتنە، ڕێز لە خۆ گرتنیش، ڕێز لە کەسانی دیکە گرتنە، ئاخر ئەوی ڕێز لە خودی خۆی نەگرێت، وەک مەحاڵ وایە، ڕێز لە کەسانی تر بگرێت. پاسکاڵ فێرمان دەکات، قینمان لە لایەنە تاریکەکانی خۆمان بێت و تەنیا لایەنە گەشەکانی خۆمان خۆش بوێت، ئەگەر نا لەگەڵ حەقیقەت و دادپەروەریدا دەکەوینە ناکۆکییەوە، ئەگەر نا ناتوانین بەسەر خۆپەرستیی خۆماندا زاڵ ببین.

---

(١) ستريلتسوفا، مصير الحب اليوم، بحث سيكولوجي أخلاقي.

(٢) أ. أ. إيفين، عالم الحب المتعدد

(٣) فلسفة الحب، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: هيثم صعب، الجزء الأول، دار المدى للثقافة والنشر ٢٠١٠ دمشق.

## (٧)

## توانەوە لە دونیادا

خۆشەویستی هەر ئەوە نییە، نێرێک، مێیەکی خۆش بوێت، هەیە شـەیدای ئـازادی دەبێت، هەیە هـی داهێنـان، هەیە حەزی لە ناوبانـگ دەبێت، هەیە لە دەسەڵات، هەیە پیشەکەی خۆش دەوێت، هەیە سامان، هەیە سـەفەر دەبێت بە خولیـای یەکەمـی، هەیە خـواردن، هەیە گیـرۆدەی دەسـتی خـواردنەوەی شـەراب دەبێـت، هەیە ئـالوودەی بەدزمـانی. ڕەنـگە هەمـووان حەزیـان لە سـێکس بێـت، بەڵام هـیچ مەرج نیـیە، هەمـووان شـەیدای خـودا، حەق یـان دادپەروەری بـبن، بەڵام کەمیـنەیەک حەزیـان لە دەسـەڵات یـان ناوبانـگ دەبێت.

خۆشەویستییەک نییە، لەگەڵ خۆشەویستیی سێکسی نێوان ژن و پیاودا نـاکۆک بێـت، ئـیللا مەگەر هاوڕەگەزبـازی، ئـاخر زۆربە، خۆشەویسـتیی سێکسی نێوان دوو توخمی جیاوازیـان پێ ئاسـاییە، هاوڕەگەزبازییان پێ نائاسـاییە، بەڵام خۆشویسـتنی ژیـان، نـاکۆکە لەگەڵ خۆشویسـتنی مەرگ و کاولکاریـدا، بەڵام خۆشویسـتنی حەقـیقەت، نـاکۆکە لەگەڵ ئـالوودەبوون بە درۆکـردنەوە، وەلـێ خۆشویسـتنی دادپەروەری، نـاکۆکە لەگەڵ لایەنگرتنـی ستەمدا.

ئەوی تووشــی نەخۆشـیی نیکرۆفیلیـا ببێت، هەمیشــە هەواڵـی ناخۆشـی پێیە، هێنـدە باسـی مەرگ و کارەسـات و ڕووداوی دڵتەزێن دەکات، کەسـە نزیکەکانی نەک هەر دووچاری بێزاری، ڕەنگە تووشـی خەمۆکیشـیان بکات. ئەوی نیکرۆفیلیای هەبێت، ڕەنگی تـاریکی پێ جوانتر دەبێت لە هـی ڕوون، هەمیشــە چــاوی لە ڕابــردوو دەبێــت، بیــری لای داهــاتوو نابێــت، هێنــدە کۆنەپــاریزانەیش بیــر دەکــاتەوە، جــڵەوی زینــدووەکان، دەداتە دەســت مردووەکان. ئەوی ناپاکیی لە نیشـتمان دەکات، لەناکـاو نـابێتە ناپـاک، تنۆک تنـۆک شــەرمی دەتکێـت، خـانە خـانە ویژدانـی دەڕزێـت، ئیـدی قەت بیـر لە داهاتوو ناکاتەوە و دەبێتە ئامێرێک بۆ لەنـاوبردنی هاوخوێنـانی خـۆی و بـۆ کاولکردنی نیشتمانی باب و باپیرانی. کەسی وا ڕەنگە بە سەربڕینی چۆلەکە دەسـتی پـێ کردبێـت و دواتـر وەک قارەمـانەکەی (نـامۆ)ی ئەلبێـر کـامۆ، کوشتنی ئینسانیشی لە کن بووبێتە شتێکی ئاسایی.

ئەوەی ئامێرەئینسان شـکی نەبـات، هاوسـۆزییە، کەسـی وەهـا، ناپـاکی لە نیشتمان دەکات و دەبێتە ئامێرێک بە دەست دوژمنانییەوە، بۆ قەلاچۆکردنی هاووڵاتییانی خۆی، وەکوو کوردە ئەنفالچییەکان کە بۆ کوشـتوبڕی کـورد و بـۆ کـاولکردنی کوردسـتان، پـێش لەشـکری داگیرکـار دەکەوتـن. کەسـێک کە دەبێـتە ئامێرەئینسـان، گەردێـک لە ئەویـن لە دڵیـدا نامێنێـت و هەڵسـوکەوتی بێجگە لە نواندنی زەبروزەنـگ، هیچـی دیـکە نابێـت و زەبروزەنگیشـی، چـی سـنوورە دەبەزێنێت. لە ڕوانـگەی ئێریـک فرۆمەوە، دەمـاغی ئامێرەئینسـان، یەک ئاڕاسـتەیی دەبێـت و هەرچەنـدە وەک ئـامێرێکی گچـکەی لـێ دێـت، لە دەزگـایەکی گەورەدا، کەچـی ئەوەنـدە خودپەسـندە، وای بـۆ دەچێـت، خـۆی هەوێنی هەموو سەرکەوتنێکە.

ئامێرەئینسان، بورغوویەکە لە ماشێنێکدا، تەنێکە بێ ڕۆح و بیر لە شتی تازە ناکاتەوە، دەسەڵات هەر چۆنێک بێت، هەر چی لێ داوا بکات، دەیکات و وەها وابەستەی دەسەڵات دەبێت، متمانەیەکی هێندە ڕەهای پێی دەبێت، هەر فەرمانێکی پێ بسپێرێت، بێ قەید و شەرت، بێ کاردانەوە و بیرکردنەوە و پەشیمانبوونەوە، جێبەجێی دەکات. ئەوە بە لای ئامێرەئینسانەوە کارێکی ئاساییە، ئەم فڕێ بداتەوە زیندانەوە، ئەو بداتە بەر دەستڕێژ و ئەوانی دیکە لە ژوورێکدا بە گازێکی کوشندە بخنکێنێت. ئامێرەئینسان گونجاوترین کەرەسەیە لە بەر دەستی دیکتاتۆردا، بە چاوپۆشین لەوەی، دیکتاتۆر هیتلەرە یان ستالین، سکرتێری حیزبە، یان سەرۆکی وڵات، یان هاوزەمان، ئەمیشیانە و ئەویشیان.

ئەوانەی بڕوایان بە دەوڵەتی حیزبی هەیە، کەسانێکن ستەمکار، کەسانێکن خۆیان بە تاکە نوێنەری حیزب و دەوڵەت دەزانن و هەموو دەسەڵات دەخەنە ژێر کونترۆڵی خودی خۆیانەوە، کەسانی وا پێویستیان بە ئامێرەئینسان دەبێت، بۆ ئەوەی بۆ تێکدان و کوشتوبڕ وەگەڕیان بخەن. لای ئێریک فرۆم، وەک چۆن دیکتاتۆر نیکرۆفیلیای هەیە، ئامێرەئینسانیش گیرۆدەی هەمان دەرد بووە، ئەوە بۆیە ئامێرەئینسان، بە فەرمانی ستەمکار، تەنانەت دەست لە نزیکترین کەسی خۆیشی، کە ڕەنگە براکەی بێت، ناپارێزێت. ئەوە بە کاریگەریەتیی نیکرۆفیلیا بوو، هیتلەر شارەکانی خاپوور و ئینسانەکانی قەلاچۆ دەکرد، پارادۆکس ئەوەیە، (نەخۆش)ی وەها کە دەبێت، جێی قەرەوێڵەی نەخۆشخانە بێت، نەک کورسیی دەسەڵات، زۆر جار کەسێکە لێهاتوو، لەوانەی هەم بیروباوەڕی تایبەتیی هەیە، هەم توانای گوتاردان و ڕێبەرایەتیکردنیش.

ئەوە ئاسـاييیە توند و تەنانەت زبریش، ڕەخنە لە نیشتمان بگرین، نائاسـایی ئەوەیە، ڕەخنە لە نیشـتمان، لە خۆشویسـتنی نیشـتمانەوە، سـەرچاوە نەگرێت. ڕەخنە لە نیشتمان هەمیشە دەبێت، لەسـەر بناغەی خۆشویستنی (ژیان) ڕۆ بنرێت، ئاخر گەش نیشاندانی (مەرگ،) قەت زادەی خۆشەویستی نییە. ڕەخنەگرتن لە ئایینیش ئەگەر لە ئیلحادێکی ڕووکەشەوە سـەرچاوە بگرێت، بە قـازانجی نیشـتمان ناشکێتەوە. ئەوە برینـدارکردنی هەستی خەڵکە، نەک ڕەخنە، ئەگەر بانگەشە بۆ ئەوە بکەین، هیچ شتێک پیرۆز نییە، ئاخر بۆ نموونە خۆشویستنی خودا، یەکێکە لە هەستە هەرە قووڵەکان و ڕەنگە بەسەر هەموو ئارەزووەکانی ئینسـاندا زاڵ ببێت، بە ئـارەزووی (سێکسی)یشەوە و دەشێت کەسانێکی زۆر لە بەدکاری دوور بخاتەوە.

فەیلەسووفی ئەڵمانیایی ماکس شیللەر (١٨٧٤ – ١٩٢٨) دەڵێت: (ئەوانەی لە زەریای خۆشویستنی خودادا بزر دەبن، بەرگەی هەموو ئازارێک دەگرن، تەنـانەت بە خۆشـییەوە بەرەو ڕووی مەرگیش دەبنەوە.) ئەوی شـەیدای پیرۆزییەک ببێت، ئیدی هیچی تری لەو پیرۆزییە خۆشتر ناوێت و ئەوە ئەو پیرۆزییەیە، هانی دەدات بە دڵسۆزییەوە کار بکات و سڵ لە هیچ ئازارێک و تەنانەت لە مەرگیش نەکاتەوە. خۆشویستنی خودا، پێوەندیی بەو (وێنە)یەوە هەیە، کە هەر تاکێک لە زەینی خۆیدا بۆی کێشاوە، ڕەنگە ئەو خوداوەندەی فـلان شـەیدای بـووە، زۆر جیاواز بێت، لەو خوداوەندەی فیسـار عاشـقی بووە، با هەمان خوداوەندیش بن. ناکۆکییەک لە نێوان خۆشویستنی خودا و خۆشویستنی ئینساندا نییە، بەڵکوو تەواوکەری یەکترین، ئاخر ئەوی خوای خۆش ویست، ئینسانیشی خۆش دەوێت، لەبەر ئەوە نا کە خوا ئینسـانی خوڵقاندووە، لە سۆنگەی ئەوەوە، ئینسـان شـیاوی خۆشویستنە. ئینجیل

پێمـان دەڵێـت: (ئەوی بمخـوات، برسـی دەبێـت و ئەوی بمخـواتەوە، تینـوو دەبێـت.) کەواتە دەشـێت، ڕێـگەی خۆشویسـتنی خـودا، بە خۆشویسـتنی ئینساندا تێبپەڕێت.

لە ئـایینی (جـوو)دا، پێوەنـدیی نێـوان یەزدان و گەلـی هەڵبـژاردە، وەک هاوسـەرگیری بـاس کـراوە، ئەگەر گەل لە یەزدان هەڵبگەڕێتەوە، وەک ئەوە وایە زینـای کردبێـت. دیـارە ئەم لێکچوانـدنە بە شـێوەیەکی حەرفـی لێـک نـادرێتەوە، ئـاخر ناکرێـت بە هەمـان چـاو سـەرنجی هەسـتی ئـایینی و ئارەزووی سێکسی بدرێت. فرۆید پێی وایە، (ئەو ئارەزووەی لای کۆمەڵگە پەسەند نەبێت، دەمامکێک دەپۆشێت کە کۆمەڵگە پەسەندی بکات، ئەوە بۆیە ئارەزووی سێکسی لای کەسانی بڕوادار، لە خانەی چالاکی ڕۆحیدا جێی بۆ دەکرێتەوە و بڕوادار ئەوەی لە واقیعدا دەستی ناکەوێت، لە وەهمدا بۆی دەگەڕێت.) لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێزەدا: ئەو حۆرییانەی قەرارە لە بەهەشتدا بە نسیبی بڕواداران ببن، وەهمێکە لە چەپاندنی سێکسییەوە، سەرچاوەی گرتووە!

لە هەندێک لە ئایینە خۆرهەڵاتییەکاندا، پێوەندیی جەستەیی نێوان نێر و مێ، جۆرێکە لە سرووتی ئایینی و هۆکارێکە بۆ نزیکبوونەوەی ئینسان لە خودا. خۆشەویستیی ئینسان بۆ خودا، بە گوێرەی لۆگیک لێک نادرێتەوە، ئاخر وەک هەر خۆشەویستییەکی دیکە، لە ناخی ئینسانەوە هەڵدەقوڵێت و نهێنییەکە بە کەس ئاشکرا ناکرێت. سۆفییەکان وای بۆ دەچن لە حاڵەتی وەجددا، ڕۆحیان لە جەستەیان جودا دەبێتەوە و دەچێت لە ڕۆحی خودادا دەتوێتەوە، ئەمەیش حاڵەتێکە، لەبەر ڕۆشنایی لۆگێکدا، ئەستەمە لێک بدرێتەوە.

سروشت وێنەیەکی بێ گیانی نابینا نییە،
هەم ڕۆحی تێدایە و هەم ئازادی،
هەم ئەوین شک دەبات و هەم زمان.(*)

هەستکردن بە یەکیەتی لەگەڵ دونیادا و توانەوە لەناویدا، هەستێکی گەردوونییە و ئینسان گەردوونیش وەک تاکێک دەبینێت و لە هەوڵی ئەوەدایە لەگەڵیدا یەک بگرێت. سۆفییەکان هەموو گەردوون لە خودادا چڕ دەکەنەوە و ئەم هەستە گەردوونییە لە کنیان دەبێتە هۆی ئەوەی ئینسانیان بە گشتی، بە چاوپۆشین لە هەموو شتێک، خۆش بوێت. **شاردین** لەم بارەیەوە دەڵێت: (بە زەبری خۆشەویستی کە هێزێکی گەردوونییە، بەشەکانی گەردوون بە دوای یەکدیدا دەگەڕێن.) ئانینسکی (١٨٥٥ _ ١٩٠٩) کە شاعیرێکی ڕووسە، دەڵێت: (ناوبەناو هەست دەکەم، هەموو دونیا ڕژاوەتە نێو منەوە، هەموو دونیا لە مندا تواوەتەوە.)

ئێنگڵس دەڵێت: (بۆچوونەکان لەبارەی خێر و شەڕەوە، لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی دیکە دەگۆڕێن، لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکی دیکە دەگۆڕێن و تەنانەت دژ بە یەکیش دەبن.) فریدریک شیللەر پێی وایە، (ئەگەر ئینسان خێری خۆش نەوێت، قینی لە شەڕیش نابێت.) کە ئینسانێک دەبێتە کەسێکی بەدکار، هی ئەوەیە کەس خۆشی نەویستووە، بۆیە تەنیا خۆی بەرپرس نییە لە کارە خراپەکانی، هەمووان بەرپرسن، ئاخر ئینسان بە خراپی لە دایک نابێت. خێر زادەی خۆشەویستییە و نیشاندانی خۆشەویستی، خێرە. خێر لە بەرەی حەقیقەت و جوانیدایە، ئەوی لە بەرەی خێردا بێت، لایەنی جوانی و حەقیقەتیش دەگرێت. بیرمەندەکانی سەردەمی ڕێنیسانس دەیانگوت: (ئەو شەڕەی لە ناخی کەسێکدا هەیە، زادەی هەلومەرجە دەرەکییەکەیە، بۆ

ئەوەی خێر سەرهەڵبدات، دەبێت ئەو زەوینەیە لەناو ببەین کە شەڕ تێیدا گەشە دەکات.)

دادپەروەری وەختێک سەروەر دەبێت، هاوسەنگی لە نێوان، کاری باش و پاداشت، ئەرک و ماف، تاوان و سزادا هەبێت. زوڵم وەختێک زاڵ دەبێت، دادپەروەری بەردەوام ئەتک بکرێت، ئەوە داواکردنی دادپەروەرییە، خەڵک یەک دەخات، بەڵام هەوڵدان بۆ گەییشتن بە دەسەڵات، خەڵک لە یەکدی جودا دەکاتەوە. سوکرات پێی وابوو، هیچ بەهایەک لە دادپەروەری باڵاتر نییە، بەڵام ئەرستۆ دەیگوت: هەموو کەس بڵند سەرنجی دادپەروەری دەدات، هەرچەندە هەر کەسێک بە گوێرەی ئارەزووی خۆی لێی تێدەگات. کالیگۆلا کە ستەمێکی دەنواند، دەیگوت: دەزانم ئەمە دادپەروەری نییە، وەلێ حەز دەکەم بە دادپەروەری لێک بدرێتەوە. ستەمکار ناتوانێت دادپەروەر بێت، ئاخر دادپەروەر کەسێکە، دادپەروەری بە تەرازووی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی دەپێوێت. نە چاو لەبری چاو و ددان لە بری ددان، دادپەروەرییە، نە ئەوە دادپەروەرییە، ئینسان نابینایانە داکۆکی لە گرووپی خۆی بکات. لووتکەی دادپەروەری ئەوەیە، هەموو کەسێک بەو شێوەیەی کە شیاوێتی، پاداشت بکرێت.

نیکۆلای پێردیاییڤ (١٨٧٤ _ ١٩٤٨) کە فەیلەسووفێکی ڕووسە، دەڵێت: (نە لە فیکرمدا و نە لە ژیانی ڕۆژانەمدا، قەت بەوە قایل نەبووم، تاک ملکەچی کۆمەڵ بێت، یان تاک چەکێک بێت بە دەست کۆمەڵەوە. فەلسەفەکەم هەمیشە، فەلسەفەی بەرەنگاربوونەوە بووە، قەت لەگەڵ ئەوەدا نەبووم، گرووپ، تاک سەرکوت بکات، لە نێوان زۆرینە و تاکدا، هەمیشە لایەنی تاکم گرتووە و لە نێوان ڕێسا و هەڵاوێردندا، هەمیشە لایەنی دووەمیانم

گرتـووه.) بەڵام مۆسـۆلینی دەیگـوت: (هەمـوو شـتێک دەبێـت لە خزمەتـی دەوڵەتدا بێت، نابێت هیچ شتێک دژی دەوڵەت بێت،)

هەیە بۆیە پارەی خۆش دەوێت، تا بە ئارەزووی خۆی پەخشانی بکات، کەسی وا، چاوچنۆک نییە، چاوچنۆک کەسێکە قەت متمانەی بە داهاتوو نییە و هەمیشـە لە هەوڵی کۆکردنەوەی پارەدایە بۆ ڕۆژی ڕەش، کەسـی وا، تـا بە ساڵدا بچێت، دەسـتنوقاوتر دەبێت. نووسـەری ئەڵمانیـایی هێرمـان هیسـە (١٨٧٧ _ ١٩٦٢) دەڵێت: **(ئەوە نەبـوونی متمـانەیە، پـارە و پـاوەر دادەهێنێت، ئەوی لە ناخیدا بڕوای بە هێزی ژیان نەبێت، یان ئەو هێزە شک نەبات، بە پارە و هێز قەرەبووی دەکاتەوە، وەلێ ئەوی بڕوای بە خۆی هەبێت، بە ئازادی و پاکژی ژیان بەسەر دەبات و وەک شتی لاوەکی سەرنجی پارە و پاوەر دەدات.)**

وەک لە ئینجیلـدا هـاتووە، خۆشویسـتنی سـامان، سـەرچاوەی هەمـوو بەدکارییەکە، مەسیح داوامان لێ دەکات، وەک گوڵاڵەسـوورە وابین، کە هـیچ گوێ بە داهـاتووی خـۆی نـادات، نەک وەک گوڵەمێخەک کە وەک پاشـا، تـاج لەسەر دەنێت. (کە پێڵاویـان لـێ دزیت، دوای دزەکە مەکەوە بۆ ئەوەی لێی بسەنیتەوە، بۆ ئەوە دوای بکەوە، گۆرەوییەکانیشـتی بـدەیتێ.) پارە ئەگەر لە جێیەکی نهێنیدا حەشار بدرێت، هیچ دەسەڵات، یان پاوەرێک بە خـاوەنەکەی نابەخشـێت، کاتێـک خـاوەنەکەی چێـژی لـێ دەبینێـت، کە لە پێنـاوی کۆنترۆڵکردنی ئەوانـی دیکەدا، وەگەڕی بخـات. ئینسـان تـا پارەی زیـاتر کۆ بکاتەوە، تا قاسەکانی پڕتر بن، زیاتر هەست بە بۆشـایی ڕۆحـی دەکات و ژیانی بێماناتر دەبێت. **ئینسان ئەگەر لەشولارێکی جوانی هەبێت و جلەکانی**

**کۆن و دڕاو بن، باشترە لەوەی جەستەیەکی شێواوی هەبێت و بە پۆشاکی جوان بیشارێتەوە.**

خۆشویستنی پارە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام خۆشویستنی کحوول یان بەنگ، نەخۆشییە و ئالوودەبوونە. گەڕان بە دوای چێژدا، ئەگەر (نەخۆشی)یش نەبێت، ئەوا لای کەم، ئینسان بە هۆیەوە، ناوی خەوشدار و شکۆی بریندار دەبێت. هەیە خوو بە بەدزمانییەوە دەگرێت، جوێندان لە کولتوورێکەوە، بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، لای ئەسکیمۆ، ناشیرینترین جنێو ئەوەیە بە یەکێک بڵێیت: تۆ لە هیچ نازانێت، لە چین، کیسەڵی سەوز، جنێوێکی پیسە. لەو شوێنانەی مانگا پیرۆزە، مانگا، پەسندانە، بەڵام لە ڕووسیا یەکێکە لە جنێوە هەرە دزێوەکان. لای موسڵمان، بەراز جنێوە، وەلی لە گینیا، نازناوە. ئەوی زمانی دەوڵەمەند نەبێت، لە کاتی گفتوگۆدا، هانا بۆ وشەی زبر و جوێن دەبات. ڕاهاتن لەسەر زمانپیسی، خوویەکی دەرەکییە، ئینسان دەتوانێت، خۆی لێ قوتار بکات.

خۆشەویستی نەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵکوو لووتکەی کۆمەڵایەتیبوونی ئینسانە، یان کۆمەڵایەتیبوونی ئینسانە لە ئەوپەڕی درەوشانەوەیدا. ئینسان یان کەسێکی خۆش دەوێت، یان خەو بە خۆشویستنی کەسێکەوە دەبینێت، یان بەو یادگارییانەوە دەژی کە لە خۆشەویستییەوە بۆی جێ ماون. چونکە هەستی خۆشەویستی لای هەمووان هەیە، ئەوە جێی باوەڕ نییە، ئەگەر یەکێک بڵێت، من قەت خۆشەویستیم نەکردووە. خۆشەویستی، زەوینلەرزەیەکی بەهێزە، دەروون دەهەژێنێت و ڕەنگە تێڕوانینی ئینسان بۆ هەموو شتێک بگۆڕێت و شتەکان بە پێچەوانەی جارانەوە ببینێت. ئەوە زادەی نەزانییە، ئەگەر بە ئەویندارێک

بڵێین، ئەوی خۆشت دەوێت جوان نییە، چونکە لە ڕوانگەی ئەویندارەوە، خۆشەویست هەمیشە جوانە. نهێنیی خۆشەویستی لەوەدایە، ئەویندار خۆشەویستەکەی وەک فریشتە دەبینێت، نەک وەک ئینسانێکی ئاسایی، ئەویندار هەمیشە خۆشەویستەکەی لەو دیو خەرمانەیەکەوە دەبینێت، ئەوە بۆیە دەڵێن، ئەوین نابینایە. شۆپنهاوەر پێی وایە، خۆشەویستی هێندە نابینایە، دەشێت ئەویندار لە پێناوی خۆشەویستەکەیدا کام تاوان گەورەیە، ئەنجامی بدات، بێ ئەوەی هەستی پەشیمانبوونەوە دایبگرێت. سیمۆن فرانک پێی وایە، کە کەسێکمان خۆش ویست، کەموکوڕییەکانی وەک خەوش نابینین، وەک نەخۆشی دەیانبینین و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدەین. ئەوە چییە وا دەکات، دوو کەس هێندە وەک ڕۆح لە یەکدی نزیک ببنەوە، تا ئەو ئاستەی وا هەست بکەن، یەکیان گرتووە و یەک کەسن، نەک دوو کەس؟ ئەمە هەم لایەنی هەرە گرنگی خۆشەویستییە و هەم ئەو نهێنییە تەمومژاوییەشە کە لێک نادرێتەوە.

---

(١) أ. أ. إيفين، عالم الحب المتعدد.

(٢) فلسفة الحب، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: هيثم صعب، الجزء الأول، دار المدى للثقافة والنشر ٢٠١٠ دمشق.

(*) فیۆدۆر تیۆچیڤ.

(٨)

## عەقڵ پەی بە نهێنییەکانی دڵ نابات

ڕێز لە هەموو ئەوانە دەگرم کە خۆشم دەوێن،
هەموو ئەوانەم خۆش دەوێت کە ڕێزیان لێ دەگرم.

ئیفلاتوون دەڵێت: (خەڵک هیچ لەبارەی خۆشەویستیی ڕاستەقینەوە نازانن، ئەگەر بیانزانیبا گەلێک پەرستگەیان بۆ ڕۆ دەنا و زۆر پەیکەریان بۆ چێ دەکرد و بەردەوام قوربانییان پێشکەش دەکرد.) ئینسان چونکە لە ئەنجامی خۆشەویستییەوە، وەچە دەخاتەوە، بۆیە نەمری، زادەی خۆشەویستییە و هەر لەو سۆنگەیەشەوە ئیفلاتوون پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە هیچ خوداوەندێک هێندەی ئێرۆسی خوداوەندی خۆشەویستیی، ئینسانی خۆش نەویستووە.

وەک چۆن مێ، بە زەبری خۆشەویستی، وەک جەستە دووگیان دەبێت، هەر بە زەبری خۆشەویستی دەشێت ئینسان وەک ڕۆحیش دووگیان ببێت، دووگیانبوونی ڕۆحی، چاکەکردن و داهێنانی لێ دەکەوێتەوە. ئینسانێکی ئاسایی لە ڕێی خستنەوەی وەچەوە، نەمریی مسۆگەر دەکات، بەڵام کەسێکی وەک هۆمیرۆس، بە هۆی داهێنانەوە، کە زادەی دووگیانبوونی ڕۆحییە، بە لووتکەی شکۆ و نەمریی گەییشتووە و هەمیشە لە یادماندا زیندووە.

با لە بواری نووسین یان گوتندا بلیمەتیش بین، هێشتا هەر ناتوانین لە ڕێی وشەوە، خۆشەویستی بەرجەستە بکەین، ئاخر خۆشەویستی لە ڕێی کردەوەوە خۆی نمایش دەکات، تەنانەت خۆشویستنی خودایش، هیچ نییە، غەیری ئەوەی بە کردەوە یەکتریمان خۆش بوێت. ئەوە خۆشەویستی نییە کە ئینسان شێت دەکات، ئاخر بە درێژایی مێژوو، هیچ مەزنێک، هیچ کەسێکی خاوەن ئاوەزی گەورە، بە زەبری خۆشەویستی شێت و هار نەبووە، ئەوانەی بە زەبری ئەوین، عەقڵ لە دەست دەدەن و ڕوو لە هەرد و کێو دەکەن، کەسانی گچکەن، نەک مەزن.

ئینسان ئەگەر زۆر بە خۆیشی سەرسام بێت، زۆر شانازیش بە خۆیەوە بکات، هێشتا خۆی لە جێگەیەکی هێجگار هێندە بەرزدا نابینێت کە جێی باوەڕ نەبێت، بەڵام عاشقان هەمیشە خۆشەویستەکانیان لە شوێنێکی هێندە بڵنددا دەبینن کە لەسەروو خەیاڵیشەوە بێت. ئەمە ئەو لایەنە لاوازەی عاشقە، کە زۆر جار بێجگە لە خۆی، هەموو کەس هەستی پێ دەکات. ئەوی زیاد لە پێویست، گیرۆدەی هەستی خۆشەویستی ببێت و زێدەڕۆیی لە بەرز نرخاندنی خۆشەویستەکەیدا بکات، ڕەنگە نەک هەر، چی(سەروەت)ی هەیە، بە فیرۆ بڕوات، بەڵکوو دەشێت، چی (حیکمەت)یش شک دەبات لە دەستی بدات. خۆشەویستی چونکە هەر دەڵێیت لە دایکێک کەوتووەتەوە کە ناوی نامەعقوولە، ئەوە بۆیە ئەگەر لێ بگەڕێین بە تەواوی ژیانمان داگیر بکات، ڕەنگە ئیدی لە تواناماندا نەبێت، بەرانبەر هیچ ئامانجێکی بالای دیکە، بەوەفا بین. فرانسیس بیکۆن دەڵێت: (ئەوینی نێوان ژن و مێرد، درێژە بە مانەوەی توخمی ئینسان دەدات، ئەوینێک کە لە هاوڕێیەتییەوە هەڵبقوڵێت، ژیان دەوڵەمەند دەکات، بەڵام ئەوینی نێوان بەدئاکاران، ئینسانگەل دەشێوێنێت و ڕیسوایان دەکات.)

زۆر جار ئەوانەی وەدووی ئارەزوو دەکەون، ئەگەر عەقڵیش شک ببەن، ڕەنگە لە دەستی بدەن، بەڵام هەندێک جار، دەشێت ئەو وەدووی ئارەزوو کەوتنە، ئینسان لە گێلەوە بکات بە عاقڵ. زۆر دەستکەوتی گەورەی مێژوویی کە وەک بەرهەمی فیکری ڕۆشنی کەسانی مەزن لێکیان دەدەینەوە، ڕەنگە زادەی ئەو گەمانە بن کە تێرکردنی ئارەزوو هەوێنیان بووە. ئارەزووەکانی ئینسان بەردەوام گۆڕانیان بەسەردا دێت، کە پشکۆی ئارەزوویەک لە دڵماندا خامۆش دەبێت، پشکۆی ئارەزوویەکی دیکە، لە دڵماندا دەگەشێتەوە. ئینسان ئەگەر هیچ ئارەزوویەک شک نەبات، ئەگەر چالاکییەک نەنوێنێت، ئەگەر ژیانی سست و خاو بەڕێوە بچێت، ئیدی لە سنووری مەرگ نزیک بووەتەوە.

ئەوە بە لای ژنەوە، گرنگ نییە ناشیرینە یان نا، ئەوەی بە لاوە گرنگە، بە جوانی بزانن.  ئەوە بە لای پیاوەوە گرنگ نییە، گێلە یان نا، ئەوەی بە لاوە گرنگە بە زیرەکی بزانن، ئەوەشی بە لاوە گرنگ نییە، بەدکارە یان نا، ئەوەی بە لاوە گرنگە بە چاکەکاری بزانن. فەیلەسووفی فەرەنسایی جولیان دی لامیتری (١٧٠٩ _ ١٧٥١) دەڵێت: ئەو (پیاو)ەی بایەخێکی زۆر بە (ژن)ەکەی بدات، بەوە کوت و پێوەندی لە گوڵ بۆ چی دەکات. بە چاوپۆشین لەوەی (دڵبەر) هەستی پێ دەکات یان نا، (دڵدار) ئامادەیە لە پێناویدا، قوربانی بە هەموو شتێک بدات.

فەیلەسووفی یۆنانی ئاپیکور (٣٤١ _ ٢٧٠پ. ز) دەبێژێت: سوپاس بۆ سروشت کە وای کردووە، لە هەمان (پرۆسە)دا، هەم خۆشترین چێژمان پێ بگات و هەم توخمی خۆمان بەرهەم بهێنینەوە. سوپاس بۆ سروشت کە وای کردووە، جوانی پیر نەبێت، ئاخر دەتوانین، بێ گوێدانە چرچولۆچی

ڕووخسـار و سـپیبوونی قـژ، هەر جـوانی بـدۆزینەوە. ئەوەیـش یەکـێکە لە پەرجووەکـانی سروشـت کە خۆشەویسـتی، ئیـدی هـی ئینسـانی بێـت، یـان خـودایی، بە عەقـڵ ناکرێـت، بە دڵ دەکرێـت، ئەوە بـۆیە عەقـڵ سـنووورێکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام دڵ سنوور ناناسێت.

خۆشەویسـتی هەر ئەوە نیـیە، دوو ئەویـندار وا هەسـت بـکەن یەکیـان گرتووە، کرۆکی خۆشەویسـتی یەکسـانبوونی هەردوو لایە. وەک چۆن ئەوە ژیان نییە، کەسێک بە تەنیا بژی، ئـاخر ژیـانی ڕاسـتەقینە، ژیـانێکە هـاوبەش، ئەوەیــش خۆشەویســتی نیــیە، کە لە دەرەوەی پرۆســەی بە یەکبــوون و یەکســانی هەیە، ئـاخر خۆشەویسـتی یەکگـرتن و هـاوژینییە بە یەکســانی. خۆشەویســتی شــتێک نیــیە، بە خۆمــان، یــان بەم و بەوی ببەخشــین، خۆشەویستی کردەیەکی تـاکلایەنە نییە، چـالاکییەکی هاوبەشـە، بەخشـینێکە هەردوو لا بەرهەمی دەهێنن. خۆشەویستی هەر سۆز و ئـارەزوو نییە، هەر بەدگومـانی و ئـازاری ویـژدان نیـیە، هەر ئـاوێزانبوون و لێکـدابڕان نیـیە، تیشکێکیشە لە نووری خودا، دڵ پاکژ و ڕۆح گەرم دەکاتەوە.

خۆشەویسـتی نە لەبەردەم هـیچ کۆسـپێکدا چـۆک دادەدات، نە هەرگیـز دەکوژێتەوە. خۆشەویستی لە لووتکەی بەهێزیی خۆیـدا، هـێمن و نەرمونیـان خـۆی نمـایش دەکـات، دەشـێت بە گـژ دەوروبەر و هەلومەرجـدا بچێـتەوە، بەڵام لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەرکدا، ناکەوێتە ناکۆکییەوە، ئاخر خۆشەویسـتی خـۆی یەکەمـین ئەرکـی سەرشـانمانە و بـۆ ڕاپەڕانـدنی ئەرکەکـانی تـریش هانمـان دەدات. ئەوە خۆشەویسـتی نییە کە بەرەو تـاوان و فریـودانی ئەم و ئەومــــان دەبــــات، ئــــاخر ئەگەر ئەنجــــامی وای لــــێ کەوتەوە، لەگەڵ

تایبەتمەندییەکانی خۆیدا دەکەوێتە ناکۆکییەوە و لەوە دەردەچێت خۆشەویستی بێت.

عەقڵ نە پەی بە نهێنییەکانی دڵ دەبات، نە توانای خوێندنەوەی کتێبی سۆزی هەیە. ئەگەر بخوازین بە ئاوەز، سۆز لێک بدەینەوە، بەرەو بەدگومانی بەڕێ دەکەوین، بەدگومانییەک کە ڕەنگە ڕۆح بکوژێت. ئاخر ئەوە چۆن بە عەقڵ شی دەکرێتەوە کە دڵدار پێی وابێت، هەموو گەردوون لە دڵبەرەکەیدا چڕ بووەتەوە؟ ناوهێنانی ئەوی دیکە بە گێل، هیچ لەگەڵ ئەویندا کۆی ناکاتەوە، ئاخر گوتنی شتی وا، هەر ئەوین ناکوژێت، یەکسانییش لە بەین دەبات.

خۆشەویستیی پاکژ، نەک هەر لە خۆپەرستی خاڵییە، بەڵکوو قوربانیدانە بە خۆمان لە پێناوی ئەوانی دیکەدا. لە خۆشەویستیی ڕاستەقینەدا، کاتێک هەست بە هەبوونی خۆمان دەکەین کە ئەوانی دیکە لە ناخماندا هەبن و کاتێک هەست بە ئازادی دەکەین کە خۆمان بەوانی دیکە ببەخشین. جیاوازیی نێوان ماف و خۆشەویستی ئەوەیە، لە پێناوی یەکەمیاندا، خەڵک دەبن بە چەند بەشێکەوە، بەڵام بە هۆی دووەمیانەوە، خەڵک یەک دەگرن. ڕەنگە هیچ خۆشەویستییەک، هێندەی خۆشویستنی خودا، ڕۆڵی کاربڕی لە یەکگرتنی خەڵکدا نەبێت.

فلادیمیر سۆلۆفیوڤ پێی وایە: خۆشەویستیی بەهێز، تاکلایەنەیە، نەک هاوبەش، تەنانەت ئەگەر هاوبەشیش بێت، بە کارەسات کۆتایی دێت و ناگاتە قۆناغی وەچە خستنەوە. کە خۆشەویستی هەبوو، ئیدی نابێت بە دوای پاساودا بگەڕێین، چونکە نائومێد دەبین، ئاخر ئەوین تەنیا هەستێکی

تـایبەت بە ئەویـنـدار نییە، بەڵکـوو کارێـک دەکـات، زیـاتر لە خۆمـان، بـایەخ بەوی دیکە بدەین و چەقی ژیانی تایبەتیمان، لە خودی خۆمانەوە، بۆ ئەوی دی دەگوێزێتەوە. ئەم لێکدانەوەیە، تـایبەت نییە بە خۆشەویستیی سێکسی، بـۆ ئەوینەکـانی دیکەیـش هەر دروسـتە، بەڵام بـۆیە بـۆ ئەوینـی سێکسـی دروسـتترە، چـونکە دەشـێت ئەوینێکـی هـاوبەش بێـت و بەرەو یەکگرتنـی ڕاستەقینەی دوو کەس بچێت.

خۆشەویستی بە پلەی یەکەم هەر لەوە دەچێت، ڕووداوێکی سروشتی، یان بەخشینێکی خودایی بێت و بەدەر لە ویستی ئێمە ڕوو بدات، بەڵام ئەم لێکـدانەوەیە، نابێـت وامـان لـێ بکـات، خۆشەویسـتی بە قەدەر بـزانین و خۆمـانی بە دەسـتەوە بـدەین، بەڵکـوو دەبێـت هەوڵ بـدەین بەرەو ئامـانجی بـاڵای بـبەین و وا بکەیـن نـاوەڕۆکێکی دەوڵەمەنـدی هەبێـت. بەهـەرەی ئاخاوتنیش وەک خۆشەویستی، شتێکە سروشتی، ئاخر ئەوە خۆمان نین کە زمـان دادەهێنـین، بەڵام بە ویسـتی خۆمـان دەپەیڤـین. ئەگەر لـێ گەڕابـاین، سروشـت بڕیـاردەر بێت، هیچ دوور نەبوو، ئاخـاوتنی ئێمەش لە جریوە و جـووکەی مەل چووبـا. وەک چـۆن ئەویـن کارێـک دەکـات، هەر تاکێـک تایبەتمەندی خۆی هەبێت، زمانیش هەمان ڕۆڵ دەبینێت. جیاوازیی زمـان و ئەویـــن، ڕەنـــگە لەوەدا بێـــت، زمـــان بەردەوام گەشـــەی کـــردووە، لایەنە تاریکەکانی ڕۆشن بووەتەوە و نهێنییەکانی ئاشکرا بوون، بەڵام نهێنییەکانی خۆشەویستی، هێشتا هەر شاراوەن و هێشـتا ئەوین بەبێ ویسـتی ئینسـان، خـۆی دەسـەپێنێت. وەک چـۆن لە پێنـاوی قسـەکردندا، قسـە نـاکەین و قسـەکانمان هەڵگـری پەیـامن، دەبێـت ئەوینـیش لە چێژوەرگرتنـدا چـڕ نەکەینەوە و هەوڵمان بۆ ئەوەبێت، ئەو کەسەی خۆشمان دەوێت، هەست بە بایەخی خۆی، لە کن ئێمە، بکات.

مەرگ، بریتییە لە هەڵوەشانەوەی زیندەوەر، هەرچەندە مرۆڤ لە هەموو زیندەوەرێک زیرەکترە، بەڵام تەمەنی مرۆڤ لە هی زۆر زیندەوەر کورتترە. ئینسان ئەگەر کەسێکی زێدە چاک و بلیمەتیش بێت، هێشتا هێندەی فیلێک یان قەلەڕەشێک ناژی. یەکێک لەو هۆکارانەی کە بەردی بناغەی ژیان، سەرچاوەی داهێنان، هەوێنی تەمەندرێژی و بە خۆشیی ژیانی ئینسانە، خۆشەویستییە، یان ڕاشکاوانەتر، پێوەندیی دروستی سێکسییە. خۆشەویستی کاتێک لە ترۆپکی درەوشانەوەی خۆیدا دەبێت، کە هەردوو ئەویندار ددان بە بایەخی ڕەهای یەکدیدا بنێن.

بتی تۆ دەتپەرستم من، عیبادەت بۆ خودا ناکەم
ئەگەرچی ئاگری جوملەی جەهەننەم بۆم لە کارابێ
عەلی عارف ئاغا
لەبەر ئەوەی حەزم لێتە
هەموو کەس پێم دەڵێن شێتە.
لەتیف هەڵمەت

بە گوێرەی ئایین، ئەوە نەک هەر حەرام، کوفریشە، ئینسان کەسێک بپەرستێت، بەڵام لە پێوەندیی خۆشەویستیدا، لە نێوان عاشقاندا، ئەوە زۆر ئاسایی و باوە، دڵدار بە دڵبەرەکەی بڵێت: دەتپەرستم. ئەوە بە سووکایەتییەکی گەورە دەزانین، ئەگەر کەسێک بە شێت ناومان ببات، بەڵام بە ویستی خۆمان، ڕوو دەکەینە دڵبەر و پێی دەڵێین: من شێتی تۆم، یان ئەگەر ئەوی شەیدای بووین، دلۆڤانی بنوێنێت و بە (شێتە) بانگمان بکات، لە خۆشیاندا پێمان لە زەوی دەبڕێت.

خۆشەویستی:
ئەوەیە تۆ،
لە گۆشەنیگای خۆتەوە،
وای ببینی
گەردوون لەودا
چڕ بۆتەوە.

ژیــانی ڕاســتەقینە ئەوەیە، ئینســـان وەک چــۆن لە خۆیــدا دەژی، لەوی تریشدا بژی و بە هۆی ئەوی دییەوە، هەست بە باڵاییی خۆی بکات. مەگەر خۆشەویستیی سێکسی لەسەر وەختی هاوسەرگیریدا، ئەو ژیانە زامن بکات و جەستە بە بەر ئەو هەستەدا بکات، ئەویش ئەگەر هەردوو لا، وەک ماف و بەها، یەکسان بن و لە ڕێی پێوەندییەکی هەمیشە زیندووەوە، بەشداری لە تەواوکردنی یەکتریدا بکەن، تەنیا پێوەندییەکی دووقۆڵی نا، پێوەندییەک کە هەم بە کۆمەڵ و هەم بە سروشت و هەم بە گەردوونیانەوە گرێ بدات.

ئەگەر بانگەشــە بــۆ ئەوە بکەیــن، هەمــوو کەســمان وەک یەک خــۆش دەوێت، ئەوە ڕاستییەکەی، کەسمان خۆش ناوێت، ئاخر دڵی ئینسان جێی خۆشەویســتیی ئەو هەمــووەی تێــدا نــابێتەوە، بــۆیە باشــترە، هۆگربــوونی خۆمان بۆ کەسێک، یان ئەوپەڕی چەند کەسێکی هەڵبژاردە ئاشکرا بکەین. خۆشەویستی لە کن ئینســان هەر هاوسۆزی و نزیکبوونەوەی جەستەیی نییە، ئاخر لای گەلێک ئاژەڵیش، بە تایبەتی شیردەرەکان، وێڕای ئارەزووی سێکسی و هاوسۆزی، هەم هەستی دایکایەتی و باوکایەتی هەیە و هەم بە دەم هاواری یەکدییەوە چوونیش.

فەیلەسووفی ئینگلیز بێرتراند ڕاسڵ (١٨٧٢ _ ١٩٧٠) دەڵێت: (**خەڵک لە سۆنگەی ئەوەوە، بە عاشقی سەرچڵی دڵسۆز، سەرسام دەبێت، چونکە بە گژ کۆت و پێوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا چووەتەوە، بێ ئاگا لەوەی، هێندەی پێ ناچێت، ئەو خۆشەویستییە، دەبێتە کۆتێکی کۆمەڵایەتی.**) ڕەنگە هەندێک لایەنی خۆشەویستی پەسەند نەکەین، ئاخر ئەوینیش لە کەموکووڕی بەدەر نییە، بەڵام دەست لە خۆشەویستی هەڵناگرین، چونکە کاتێک لە پێناوی خۆشەویستەکەماندا قوربانی دەدەین، هەست بە بەختیاری دەکەین، چونکە خزمەتکردنی خۆشەویست، بە ئەرکی بێ چەندوچوونی سەرشانمان دەزانین. ئەوە بە ئەفسوونی خۆشەویستییە کە دایک ئەگەر منداڵەکەی تاوانیشی کردبێت، هەر داکۆکیی لێ دەکات. با منداڵ کەسێکی خراپیشی لێ دەربچێت، وەلێ لە ڕوانگەی دایکییەوە، هەر ئەو کۆرپە جوانە، بەستەزمانەیە کە بۆ یەکەمین جار لێوی بە بزە گەشاوەتەوە.

عاشق با شوێنکەوتووی ئەم یان ئەو ئایینیش نەبێت، با بڕوای بە دەسەڵاتێکیش نەبێت لەسەروو سروشتەوە، وەلێ هەر هێندە بڵند سەرنجی مەعشووق دەدات، تەواو وەکوو خۆشەویستی، هەستێکی ئایینی بێت. گەلێک شیعر بۆ ستایشی بەهەشتی خۆشەویستیی سێکسی نووسراون، بەڵام ئەگەر خۆشەویستی تەنیا لە ئارەزووی سێکسیدا چڕ ببێتەوە، ئەگەر مەبەست لێی هەر تێرکردنی ئارەزوو بێت، هەر لە پێناوی ئەو چێژە سێکسییەدا بێت کە دڵبەر بە دڵداری دەبەخشێت، ئەوا وەک گوڵێکی بۆنخۆشی لێ دێت، گوڵێک کە هێندە نابات، سیس دەبێت و دەوەرێت. خۆشەویستی لە شێوە باڵاکەیدا، هیچ مەبەستێکی لە دواوە نییە، تێیدا عاشق، چێژ لە جوانیی ڕۆحی مەعشووق دەبینێت. خۆشەویستیی لەو چەشنە، پێ بزانین یان نا، هەستێکی پاکی ئایینی تێدایە، بەڵام ئەوینی

سێکسی، کە ڕەنگە هەڵبگەڕێتەوە بۆ ڕق، ئایینێکی مارانەیە، یان جۆرێکە لە بتپەرستی.

لە کریستیانیزمدا کە بە ئایینی ئەوین ناوی دێت، ئەوین بەسەر هەموو جیاوازییە چینایەتی، کولتووری و نەتەوەییەکاندا زاڵ دەبێت و ئەوەیش ئینسان سەر بە کام ڕەگەز یان توخمە، پێستی سپییە یان ڕەش، هیچ بایەخێکی نامێنێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێزەدا کە دەڵێت: (هەتا پانتایی چەمکێک فراوانتر بێت، کرۆکەکەی هەژارتر دەبێت،) ئەو ئایینە، بە حەق ئایینی ئەوینە، کە تێیدا ئینسان لە سەنتەردا بێت، نەک ئەم خوداوەند، یان ئەو کتێبی پیرۆز. لە ئایینی وادا، خۆشەویستی: بایەکە تەمومژی بەر چاوی ڕۆح ڕادەماڵێت و ئیدی ئینسانگەل بەچاوپۆشین لە جیاوازییەکانی نێوانیان، یەکدییان خۆش دەوێت.

ئەگەر خۆشەویستی لە پێویستی و بەخشیندا چڕ بکەینەوە، ئەوا خودای بەخشندە، هەموو شتێکی هەیە و پێویستی بە هیچ نییە. خۆشەویستی با(ئینسانی)یش بێت، نەک خودایی، هێشتا هێندە دەسەڵاتدارە، عاشق دەکاتە کۆیلەی خۆی و هەر ئەرکێکی پێ بسپێرێت، بە چاوپۆشین لەو باجەی دەیدات، بێ یەک و دوو، وەک فەرمانی لە خوداوەندەوە بۆ هاتبێت، جێبەجێی دەکات. تا خۆشەویستی بەهێزتر بێت، ئەم لایەنە ئایینییەی ڕوونتر دەردەکەوێت و ئەم لێکدانەوەیە بۆ هەموو ئەوینێکی ڕۆمانتیک دەست دەدات، وەلێ هیچ لەگەڵ تێرکردنی ئارەزوودا کۆی ناکاتەوە. ئەو خۆشەویستییەشی دایک بۆ منداڵی خۆی هەیە، هێندە قووڵ و خودایییە، دایک وا هەڵسوکەوت دەکات، وەک تەنیا لە پێناوی منداڵەکەیدا بژی.

خۆشەویستی کە هەر بەخشین بوو، کە هەر قوربانیدان بوو، کە هەر لە خزمەتی ئەوی دیدا بوو، ئەگەر تەواو وەک خۆشەویستیی خوداییش نەبێت، ئەوا زۆر لێیەوە نزیکە، بەڵام خۆشەویستی ئەگەر هەر لە پێناوی ئەوەدا بێت، کە ئەم پێویستی بە ئەوە، ڕەنگە جۆرێک بێت لە هۆگربوونی ئەوی دیکە، وەلێ ناتوانین ناوی ئەوینێکی پیرۆزی لێ بنێین. ئەوین و حەز لەگەڵ یەکدیدا ناکۆک نین، یەکتری تەواو دەکەن، ئاخر کە کەسێکمان خۆش ویست، ئاساییە حەزیشمان لێی بێت و چێژیشی لێ وەربگرین و لە حاڵەتی وەهادا، ئاسان نییە سنووری نێوان لایەنە جەستەیی و ڕۆحییەکان دەستنیشان بکەین.

(١) لويس كلايف ستيبلز، الحب.

(٢) فرانک سيمون لودفيغوفتش، الله معنا.

(٣) برتراند راسل، تأريخ الفلسفة الغربية.

(٤) بيير تيا دي شاردين، الحب طاقة.

(٥) فلاديمير سۆلۆفيوف، معنى الحب.

(٦) أ. سميتانا. أهمية عصرنا الراهن.

(٧) هيغل، محاضرات فی فلسفة الدين.

(٨) نوفاليس، الإيمان و الحب.

(٩) بنيامين دي ريبيک كونستان، مقالات في الأدب والسيسة.

(١٠) فرانس باديو، من دفتر الذكريات.

(١١) فوفينارغ، تأملات وحكم.

(١٢) جوليان دي لاميتري، مقال في السعادة.

(١٣) فرانسو دى لاروشفوكو، حكم وتأملات أخلاقية.

(١٤) فرنسيس بيكون، دروس وإرشادات أخلاقين وسياسية.

(١٥) افلاطون، المأدبة.

(١٦) فلسفة الحب، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: هيثم صعب، الجزء الثاني، دار المدى للثقافة والنشر ٢٠١٠ دمشق.

## (٩)

# ئەوی هەر خۆی خۆش بوێت، ددان بە خەوشی خۆیدا نانێت

پێوەندیی ڕۆح بە جەستەوە،
وەک پێوەندیی خۆشەویستی وایە بە ڕۆحەوە،
وەک چۆن کە ڕۆح بزر دەبێت، جەستە دەمرێت، هەر وایش
کە خۆشەویستی بزر دەبێت، ڕۆح دەمرێت.

ئەوە بە خەوش لە ئینساندا هەژمار ناکرێت، کە لایەنی هاوبەش لە نێوان ئینسان و ئاژەڵدا هەبێت. جۆرە خۆشەویستییەکی ساکار هەیە کە دەتوانین ناوی (هۆگربوون)ی لێ بنێین، وەک چۆن لە نێوان ئاژەڵاندا هەیە، لە نێوان ئینسانگەلیشدا هەیە. ئەم جۆرە خۆشەویستییە، یان هۆگری یەکدی بوونە، لە نێوان ئینسان و ئاژەڵیشدا هەیە و دەشێت هێندە قووڵ و پتەو بێت، تا ئاستی ئەو پێوەندییەی، ئەندامانی خێزان پێکەوە دەبەستێتەوە. هۆگربوون لە نێوان دوو ئەویندار یان دوو هاوڕێدا، کە دەگاتە لووتکە، هەر یەکێکیان لە لای خۆیەوە، وا هەست دەکات، بۆ ئەوی دیکە خوڵقاوە.

هۆگری یەکدی بوون، ڕەنگە ناعەقڵانیترین جۆری خۆشەویستی بێت، ئاخر بۆ ئەوەی کەسێک خۆشی بوێین، پێویستمان بەوە هەیە، بە کردەوە پێی بسەلمێنین کە ئێمەیش ئەومان خۆش دەوێت و بێ یەک و دوو، ئامادەین قوربانی لە پێناویدا بدەین، بەڵام دەشێت کەسێک هۆگرمان ببێت، بێ ئەوەی ئێمە لەو پێناوەدا، هیچ هەوڵێکمان دابێت. ڕەنگە ئێمە شیاوی ئەوە نەبین،

کەسێک خۆشی بوێین، بەڵام نزیکەی هەمیشە کەسێک پەیدا دەبێت، هۆگرمان ببێت. کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە بن هەمان میچدا، لەگەڵ هەمان کەسدا، ژیان بەسەر دەبەین، ڕەنگە ئەوەی کۆی کردووینەوە، خۆشەویستی نەبێت، هۆگری یەکدی بوون بێت.

خۆشەویستیی نێوان دایک و منداڵ، لای دایک بەخشین و لای منداڵ زادەی پێویستییە. دایک بە سەلیقە منداڵی خۆش دەوێت و لەو پێناوەدا چی لە دەست بێت، دریغی ناکات. دایک پێی خۆشە، منداڵی، لە هەموو بوارێکدا لە خۆی باشتر بێـــت و داهـــاتووی ئەو، زۆر لە هـــی خـــۆی گەشـــتر بێـــت، تەواو وەک ئەو مامۆستایەی، پێی خۆشە قوتابییەکانی لە خۆی زیرەکتر دەربچن، یان وەک ئەو ڕاهێنەرەی دەخوازێت، یاریکەرانی تیپەکەی، گەلێک لە سەردەمیی لاویی خۆی، جوانتر گەمە بکەن.

ڕکابەری، هەر تەنیا لە بواری ئابووریدا ڕۆڵی کاریگەری نییە، لە ژیانی تایبەتی و پێوەندییە ئینسانییەکانمان و خۆشەویستیشدا، کەم و زۆر هەر ڕۆڵی بەرچـــاو دەبینێـــت. ئەوە زادەی ڕکـــابەرییە، کە بانگەشـــە بـــۆ ئەوە دەکەیـــن، زۆرترین نامەی دڵداریمان پێ گەیشتووە، سەدان ژووانمان دیتوە و دەیان کەس عاشقمان بووە. ئەوە ڕکابەرییە، وا دەکات، ئێرەیی بەوانە ببەین کە لەم یان لەو بواردا، لە ئێمە سەرکەوتووترن، گاڵتەمان بەوانە بێت، کە زۆر لە دوای خۆمانەوەن. ڕەنگە بە هۆی ڕکابەرییەوە، بڕوا و متمانەمان بە کەسانی دیکە هێندە لاواز ببێت و کار بگاتە ئەوەی، تەنیا و تەریک بمێنینەوە.

خۆشەویستی، تاکە ڕێگەیە، بۆ ئەوەی بە چاکی لە کرۆکی یەکتری تێبگەین. لە گەوهەری یەکتر تێناگەین، تا خۆشەویستی نەکەوێتە نێوانمانەوە، ئاخر تەنیا

به هۆی خۆشەویستییەوە، دەتوانین، تایبەتمەندییەکانی یەکتر بخوێنینەوە. تەنیا کە یەکتریمان خۆش ویست، ئەوسا نهێنییەکانی ناخمان بۆ یەکدی ئاشکرا دەکەین. ئێمە بۆچی باڵاترین زیندەوەرین؟ چونکە توانای ئەوەمان هەیە یەکدیمان خۆش بوێت، چونکە توانای ئەوەمان هەیە، بەدەم هاواری ویژدانەوە بچین، چونکە توانای ئەوەمان هەیە، لە نێوان خێر و شەڕدا، یەکەمیان هەڵبژێرین، ئەگەر ئەو توانایانە شک نابەین، با خۆمان پێ ئینسان نەبێت.

ڕەنگە سەدان فیلمی ڕۆمانتیکمان دیتبێت و گوێمان لە هەزاران گۆرانیی دڵداری گرتبێت و هێشتایش هیچ لە هونەری خۆشەویستی نەزانین، ئاخر ڕەنگە هەر هەستمان بەوەیش نەکردبێت، کە خۆشەویستی هونەرێکە، دەبێت فێری ببین. ژن، کاتێک سەرنجی پیاو ڕادەکێشێت، کە جەستەیەک بێت لە سۆز، پیاو کاتێک دەچێتە دڵی ژنەوە، کە ڕۆحێکی تەژی لە تۆلێرانس شک ببات. گرنگ ئەوە نییە، بکەوینە نێو دنیای خۆشەویستییەوە، ئەوە گرنگە بتوانین لەو دنیایەدا بمێنینەوە. خۆشەویستی ئەو کاتە دەست پێ دەکات، کە لەناکاو دیواری نێوان دوو کەس بزر دەبێت و وا هەست دەکەن بوون بە یەک، ئەو وەختی بەیەکبوونە، خۆشترین، وەختی ژیانە، ئاخر وەختێکە لە کوشندەترین حاڵەت کە دوورەپەرێزییە، ڕزگارمان دەکات. ئەگەر ئەو هەستە گەرموگوڕەی لە سەرەتاوە، بۆ یەکتری دەردەبڕین، زادەی ئەو دوورەپەرێزییە بێت کە تێیدا ژیاوین، نەک زادەی خۆشەویستی، ئەوە ڕەنگە هێندە نەبات، لە یەکدی بێزار ببین و چرای ئەو هەستە ئاگرینەی نێوانمان، خامۆش ببێت.

با ئازا و بوێریش بین، ئەگەر خۆشەویستی دڵی ئاوەدان نەکردبینەوە، وەک مەحاڵ وایە، لە ژیاندا سەرکەتوو بین. هیچ وەک خۆشویستنی ئینسان بە هانامانەوە نایەت، با لە گەرمەی شەڕێکی نابەرابەریشدا بین، ئەگەر دڵمان

تەژی بوو لە ئەوین، ئەوا بێ شک سەردەکەوین. کونفۆشیۆس گوتوویەتی: ئەوی خەڵکی خۆش نەویێت، بە چاوپۆشین لەوەی لە هەلومەرجێکی سەخت یان خۆشدا، ژیان بەسەر دەبات، تەمەنی درێژ نابێت. بە لای ئەو مامۆستایەوە، تەمەن ئەو بایەخەی نەبووە، ئەوەتا دەڵێت: **ئەگەر دانی بەیانی ڕێی خۆشەویستیمان دۆزییەوە، ئیدی ئەوە هیچ گرنگ نییە، ئەگەر تاقی ئێوارە بمرین.** لە ڕوانگەی کۆنفۆشیۆسەوە، ئەگەر ئینسانمان خۆش بوێت، کاری خراپمان لێ ناوەشێتەوە و ئینسانی چاک لە لووتکەی نائومێدیشدا، خراپ هەڵسوکەوت ناکات.

تەنیا ئەوانە نەمر دەبن کە ئینسانیان خۆش ویستووە. لای کۆنفۆشیۆس: (خۆشەویستی ئەوەیە، لە ماڵی خۆماندا، لەگەڵ میواندا چۆن ڕەوتار دەکەین، لە دەرەوەیش بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەم و ئەودا هەڵسوکەوت بکەین. خۆشەویستی ئەوەیە، پێمان خۆشە ئەو خەڵکە لەگەڵماندا چۆن بن، ئێمەیش لەگەڵ ئەو خەڵکەدا وابین. ئەوی ئینسانی خۆش بوێت، کەسێکە ئازا، بەڵام مەرج نییە، هەموو ئازایەک، ئینسانی خۆش بوێت. کەسێک مەعدەنی پاک بێت، هەرگیز لە پێناوی ئامانجی تایبەتیی خۆیدا، دەستبەرداری خۆشویستنی ئینسان نابێت.)

ئەگەر خۆری خۆشەویستی لە نێوان خەڵکدا ئاوا ببێت، شەوەزەنگی ڕق جێی دەگرێتەوە. خۆشەویستیی پاک، هیچ مەبەستێکی لە دواوە نییە، ئەوی ژیانی بۆ خۆشویستنی ئینسان تەرخان دەکات، نە بەو مەبەستە دەیکات، شانازییەکی گەورە بۆ خۆی تۆمار بکات، نە مەبەستی پەیداکردنی ناوبانگە. خۆشەویستی دژی ئەوەیە، قسەی ئەم، بۆ ئەو ببەین، ئاخر (ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە بزانێت، کەسە نزیکەکانی چی لە بارەیەوە دەڵێن، ڕەنگە ئەوسا لە وڵاتێکدا بۆ دوو دۆستی بەوەفا بگەڕێین، بۆمان پەیدا نەکرێن.)

وەک چۆن ئێمە بێجگە لە نیشتمانی خۆمان، دەشێت وڵاتێکی تریشمان هەبێت و ناوی نیشتمانی دووەمی خۆمانی لێ دەنێین، هەروایش منداڵەکانمان هەر خۆمانن، بەڵام خۆمانی دووەم. ئەوی منداڵی خۆی خۆش بوێت، زەبروزەنگ لە دژی بەکار ناهێنێت، ئاخر نواندنی توندوتیژی، لە بڕوابوون بە کۆیلایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت و هەرگیز زادەی خۆشەویستی نییە. خۆشەویستیی دایک و باوک بۆ منداڵ، بەهێزترە لە خۆشەویستیی منداڵ بۆ دایک و باوک. ئەرەستۆ دەڵێت: (تۆ کە چاکە لەگەڵ کەسێکدا دەکەیت، ئەوە بەو مانایەیە کە خۆشەویستیی تۆ بۆ ئەو، زیاترە لە خۆشەویستیی ئەو بۆ تۆ. خۆشەویستیی نێوان خاوەنقەرز و قەرزداریش بە هەمان شێوەیە، خۆشەویستیی یەکەمیان بۆ دووەمیان، قووڵترە لە هی دووەمیان بۆ یەکەمیان.) لای خوداناسان، ئەوەیش مشتومڕ هەڵناگرێت کە خۆشەویستیی خالیقیش بۆ مەخلووق، گەلێک زیاترە لە هی مەخلووق بۆ خالیق.

دەشێت دایک ئەگەر چەند منداڵێکی هەبێت، هەموویانی وەک یەک خۆش نەوێت، لە حاڵەتی وەهادا، دایک هێندە دلۆڤانە، ئەوەیانی زیاتر خۆش دەوێت کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، نوقسانە. سولەیمانی حەکیم گوتوویەتی:(منداڵی عاقڵ، باوکی دڵخۆش دەکات، بەڵام هی گێل، دایکی خەمبار دەکات.) **ئەگەر دایک دلۆڤان نەبووایە، چی زیندەوەرە، بەرەو ڕووی فەوتان دەبووەوە، ئەگەر منداڵیش باوک و دایکی خۆی خۆش نەویستبا، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروست نەدەبوو. ئەوە خۆشەویستیی پاکی منداڵان بوو بۆ دایک و باوکیان، هانی دان بەجێیان نەهێڵن و ئیدی بەو جۆرە خێڵ سەری هەڵدا و گەشەی کرد.**

ئەوانەی زێدەڕۆیی لە خودی خۆ خۆشویستندا دەکەن، کەم و زۆر زیانیان بۆ کۆمەڵ هەیە، بۆیە وا باشە بتوانین هاوسەنگی لە نێوان خۆخۆشویستن و بەجێگەیاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕابگرین و وەفامان بەرانبەر بە خۆمان، تا ئەو ئاستە بێت، کە ستەم لەوانی دیکە نەکەین. ئەوانەی تەنیا خۆیان خۆش دەوێت، لەو مشکانە دەچن کە هەر ئەو خانووەی تێیدا دەژین، خەریک بوو بڕووخێت، دەستبەجێ جێی دەهێڵن. ئەرەستۆ دەڵێت: ئەوەی دوورەپەرێز بژی، یان ئاژەڵی کێوییە، یان خوداوەند. نەرسیس کە هەر خۆی خۆش دەویست، دوورەپەرێز دەژیا و لەگەڵ کەسدا هەڵی نەدەکرد. کەسانی خۆویست، لە کۆمەڵێک ناکۆکیدا دەژین، جارێک درۆزنن، جارێکی تر ڕاسبێژ، کەڕەتێک دلۆڤانن، کەڕەتێکی تر دڵڕەق، ماوەیەک شەیدای ناوبانگن، ماوەیەکی تر بە دوای ساماندا وێڵن.

ئەوی هەر خۆی خۆش بوێت، پێی وا دەبێت، مرۆڤایەتی لە خۆیدا چڕ دەبێتەوە. پاسکاڵ دەڵێت: ئەوە خراپە، ئینسان خاوەنی چەندان خەوش بێت، وەلێ لەوە خراپتر ئەوەیە، ددان بە هەبوونی خەوشەکانیدا نەنێت. لای پاسکاڵ نابینا، کەسێکە خەوشی خۆی نەبینێت و خۆی پێ خوداوەند بێت. فرۆید پێی وایە، ئەگەر هاوسەنگیی لەبیدۆی ئینسان تێک بچێت، وەک نموونە ئەگەر هاوڕەگەزباز بێت، ڕەنگە زیاد لە پێویست خۆی خۆش بوێت. دەشێت ئەم خۆخۆشویستنە لای تاوانبارانیش هەبێت، بە تایبەتی ئەوانەیان کە ددان بە تاوانەکانی خۆیاندا نانێن و خۆیان بە غەدرلێکراو دەزانن.

لە شاری گەورەدا، دوورەپەرێزیی گەورەیش هەیە، خەڵکەکە هێندە لە یەکدییەوە دوورن مەحکوومن بە دوورەپەرێزی. ئەو خۆشەویستی و دۆستایەتی و هاوسێیەتییە گەرموگوڕەی لە شارێکی بچووکدا هەیە، لە شاری

گەورەدا شوێنەواریشی نەماوە. فیساگۆرس دەڵێت: دڵی خۆت بەر قەپاڵ مەدە! ئەوی تەنیا و دوورەپەرێز بژی و کەسی دەست نەکەوێت، هەستی خۆی بۆ دەرببڕێت و دڵی خۆی بۆ بکاتەوە و هەر خۆی بخواتەوە، وەکوو ئەوە وایە، گۆشتی خۆی بخوات. ئەگەر خۆشەویستیی ڕاستەقینە شتێکی دەگمەن بێت، ئەوا هاوڕێیەتیی ڕاستەقینە دەگمەنترە.

ژن پێی خۆشە نزیکترین هاوڕێی، پیاو بێت، پیاویش پێی خۆشە نزیکترین هاوڕێی، ژن بێت، ئەم جۆرە پێوەندییە، ڕەنگە خۆشەویستی نەبێت، بەڵام دۆستایەتییش نییە، پێوەندییەکی دیکەی تایبەتە. تێپەڕبوونی زەمان، ڕەنگە دۆستایەتی بەهێز بکات، بەڵام خۆشەویستی لاواز دەکات. ئینسان لە خۆشەویستیدا لە هەڵەی خۆشەویستەکەی دەبوورێت، بەڵام لە دۆستایەتیدا کەمتر لێبوردنی هەیە. دەڵێن ژن دۆستایەتی ناکات، ئیللا مەگەر بڕێک لە هەستی خۆشەویستیی بۆ قەرز بکات. **ئەوە لووتکەی بەختەوەرییە بۆ پیاو، ئافرەتێک بناسێت، هەم یاری بێت و هەم یاوەری.**

نە پیاو توانای ناسینی پیاوی هەیە و نە ژنیش بە تەواوی ژن دەناسێت، ئاخر هەندێک لایەنی پیاو هەیە، تەنیا ژن دەیبینێت و هەندێک لایەنی ژنیش هەیە، تەنیا پیاو دەیبینێت. زۆر پیاو کە ڕەنگە لە ڕوانگەی پیاوانەوە، کەسانی بەختەوەر بن، دەشێت لە ڕوانگەی ژنەکانیانەوە، مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوە بن. زۆر ژنیش کە ڕەنگە دەستەخوشکانیان ئێرەییان پێ ببەن، دەشێت ئەگەر باش بیانناسن، بۆیان بدەنە پڕمەی گریان.

کە ڕێمان دەکەوێتە ناو کەسانێکەوە و هیچ کامیان لە نزیکەوە ناناسین، شەرم دەکەین و دەشڵەژێین، بەڵام هەر کە لە ماوەیەکی کورتدا یەکێکیان دەبنە

دۆستمان، ئیدی تەمی شەرممان دەڕەوێتەوە و متمانە بە خۆمـان پەیدا دەکەیـن. دەشێت ئەو دۆستایەتییە کە لەو شڵەژانە قوتارمـان دەکات و وامـان لـێ دەکات بکرێینەوە و بە بڕوا بە خۆ بوونەوە، ناخی خۆمان دەربـبڕین، تەمەنێکی درێژی هەبێت و بە تەواوبـوونی دانیشـتنەکە، تەواو نەبێت. دەشـێت دۆسـتایەتیی وەهـا، لە نێوان ژن و پیاویشدا سەر هەڵبدات و پاڵنەری پێویسـتیی ئێرۆسـیی لە دواوە بێـت و تـا ئاسـتی وەچەخسـتنەوەیش بـڕوات. خۆشەویسـتییەک کە زادەی پێویسـتیی ئێرۆسـی بێـت، نە لەگەڵ دۆسـتایەتییەکی قووڵـدا نـاکۆکە، نە لەگەڵ خۆشەویستیی ڕۆحیدا، بۆیە دەشێت تەمەنێکی هێندە درێژی هەبێت کە بتـوانین ناوی بنێین، خۆشەویستیی تەمەن.

ئەوە خۆشەویستی نییە کە لاوێکی سەرچڵ، تەنیا بیر لە خۆشییەکانی خـۆی بکـاتەوە و هـیچ گـوێ بە ژیـانی خۆشەویسـتەکەی نەدات و لە گەلێـک ڕووەوە زیانی پێ بگەیەنێت، ئاخر خۆشەویستی هەمیشە خێری بۆ ئەوی دی دەوێت و شەڕی لێ ناکەوێتەوە. هەندێک خۆشەویسـتیی درۆزنە هەیە، سـەرەتا بە گـوڕ و تینەوە دەست پێ دەکات، بەڵام هێنـدە نابـات، بە ڕقێکی ئەسـتوور کۆتـایی دێت. کە بە برینداری لە پێوەندییەکی خۆشەویسـتی دێینە دەرەوە و بـۆ سـاڕێژکردنی برینەکەمـان، بە پەلە پێوەنـدییەکی تـازە، دادەمەزرێنـین، ئەوە چـاوەڕوانکراوە، بە برینی نوێوە، لەم پێوەندییە تازەیەش بچینە دەرەوە.

خۆشەویسـتی هەسـتێکی سـەیرە، ڕەنـگە قـووڵترین (خۆشەویسـتی) بە ئەسـتوورترین ڕق دوایـی بێـت. مەرج نیـیە ئەو (خۆشەویسـتی)یەی درێـژەی هەیە، هەسـتێکی گەرموگـوڕ درێـژەی بە تەمەنـی دابێـت، ئـاخر دەشـێت، لە خۆشەویسـتی دەرچووبێـت و وەک بەجێگەیانـدنی داوایەکـی سـەپێندراوی لـێ هاتبێت. خۆشەویسـتی، سـۆزێکە، ئەگەر هەمـانبوو، نـاتوانین بیشـارینەوە، ئەگەر

نەمانبوو، ناتوانین بیبەخشین. جاری وا هەیە، خۆشەویستی شکۆمان هێندە بریندار دەکات، کە لێی ڕزگار دەبین و بیری لێ دەکەینەوە، شەرممان بە خۆمان دێت.

گیانلەبەرێک هەیە، هیچی لە دەست نایەت و بەردەوام دەزیکێنێت، زیکزیکە هەموو هێزی خۆی لە زیکەزیکدا کۆ دەکاتەوە. جەنگاوەری دێرینی وایش هەیە، بە قووڵایی تەمەندا ڕۆ چووە و لەسەر گێڕانەوەی سەروەرییەکانی دەژی، تەواو وەک ئەوانەی دڵیان لە ئارەزووی سێکس تەژییە، بەڵام چونکە پیری بە پیریانەوە هاتووە و کاروانی دڵداری بەجێی هێشتوون، هەمیشە سەرچڵییە دڵدارییەکانی ڕابردوویان دەگێڕنەوە. لایەنی هاوبەشی ئەو جەنگاوەرە دێرین و عاشقە بە ساڵدا چووانە، سەرقاڵبوونیانە بە زیکەزیککردنەوە. ئەم بەزیکزیکەبوونە، بۆ ژن کە تەمەنی هەڵدەکشێت و بەردەوام باسی جوانییەکانی تافی لاویی خۆی دەکات، گرانتر ڕادەوستێت، ئاخر هەم دەبێتە جێگەی پێکەنین و هەم مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیش.

نووسەری فەرەنسایی لارۆشفۆکۆ (١٦١٣ _ ١٦٨٠) دەڵێت: (خۆشەویستی یەک جۆری ڕاستەقینەی هەیە، جۆرە زۆر و زەبەندەکانی دیکەی هەموویان ساختەن. خۆشەویستی وەک ئاگر وایە، هەر کە هێور بووەوە، دەمرێت. خۆشەویستی وەک جنۆکە وایە، هەموومان باسی دەکەین، بەڵام بە دەگمەن کەسێکمان چاوی پێی کەوتووە.) کە دوو ئەویندار لە یەکدی جیا دەبنەوە و دواتر دیسان تێ هەڵدەچنەوە، وەک مەحاڵ وایە، هێندەی یەکەم جار، یەکدییان خۆش بوێتەوە. ئەوە ئاسانە، ئەوانە خۆشیان بوێین کە پێمان سەرسامن، گران ئەوەیە، ئەوانە خۆشیان بوێین کە پێیان سەرسامین. لایەنی هەرە گەشی خۆشەویستی ئەوەیە، ئەوی ئەویندار بێت، لێبوردەیش دەبێت. ئەوە ئەویندار نییە کە هەڵە زلەکانی خۆی نابینێت، بەڵام لە هەڵە گچکەکانی ئەوی دی نابوورێت. عاشق دەشێت، کەسێکی شێتئاسا بێت، بەڵام گێلئاسا نابێت.

پیاو پێی باشترە، خۆشەویستەکەی فریوی بدات، نەک ڕاستییە تاڵەکانی بۆ بگێڕێتەوە. ژن گەورەترین خراپەی لەگەڵدا بکەیت، ڕەنگە زوو لێت ببوورێت، بەڵام بچووکترین ناپاکیی لێ بکەیت، ئەستەمە لە بیری بچێتەوە. ژن، تەنیا ئەو کاتە، باسی ناپاکییەکانی دۆستە کۆنەکەی دەکات، کە خۆی دۆستێکی تازەی گرتبێت. هیچ ئازارێک هێندەی ئەو ئازارە بەسوێ نییە، کە ئەویندارێک هەست بکات، خۆشەویستەکەی ناپاکیی لێ دەکات، ئەو ئازارە هێندە سەختە، ئەگەر کۆتایی بە ژیانی عاشقی دڵبریندار نەهێنێت، ئەوا کۆتایی بە چیرۆکی خۆشەویستییەکەی دەهێنێت. خۆشەویستی و بەگەڕ خستنی عەقڵ دانوویان پێکەوە ناکوڵێت، تا زیاتر عاشق ببین، کەمتر عەقڵ دەخەینە گەڕ، ئەوە بۆیە کە ئاگری خۆشەویستی کز دەبێت، ئەوسا ئەویندار، خەوشەکانی خۆشەویستەکەی دەبینێت. ئۆرفیۆس، گۆرانیبێژێک بوو، کە لە ناخەوە گۆرانیی خۆشەویستیی دەگوت، بەرد لە جێی خۆی دەبزوا، شەپۆل هێور دەبووەوە، ڕووبار دەوەستا و درەخت تا باشتر گوێبیست بێت، لقی شۆڕ دەکردەوە. ئەگەر عاشق بیت، بێ یەک و دوو، باوەڕ بەم ئەفسانەیە دەکەیت.

---

(١) كلايف ستيبز لويس، الحب، التعلق،

(٢) لون يوى، القرن الخامس قبل الميلاد.

(٣) ميشيل دى مونتين، محاولات.

(٤) فرنسيس بيكون، عن الأهل والأبناء.

(٥) فرانسو دى لاروشفوكو، حكم وتأملات أخلاقية.

(٦) فلسفة الحب، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: هيثم صعب، الجزء الثاني، دار المدى للثقافة والنشر ٢٠١٠ دمشق.

## (١٠)

## خۆشەویستی ژیانی خۆڵەمیشیمان بە بەختەوەری ڕەنگین دەکات

دابڕان لە کەسێک کە خۆشت دەوێت، ئاسانترە لە ژیان لەگەڵ کەسێکدا کە خۆشت ناوێت. هەر کە بە داوی خۆشەویستییەوە بووین، ئیدی دەبێت خۆمان بە تێکشکاو بزانین، ئاخر گەڕان بە دوای خۆشەویستیدا، گەڕانە بە دوای شکستدا. ئەوە زادەی لاوازیمانە کە دەکەوینە داوی خۆشەویستییەوە، بەڵام لووتکەی لاوازیمان کاتێکە کە دەستبەرداری خۆشەویستی دەبین. ئەگەر بەهێز و وریا نەبین، سێکس جادووکارێکی هێندە لێزانە، بە ئاسانی فریومان دەدات. ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت، حەوا لە پەراسووی ئادەم دروست کراوە، ئەوا خۆشەویستی: بە یەکتری شادبوونەوەی حەوا و ئادەمە. خۆشەویستی ڕاستەقینە، نە هیچ هەستێکی نامۆی تێکەڵ دەبێت و نە هیچ مەبەستێکی لە دواوە دەبێت، بە تەنیا و بە پشتبەستن بە خۆی دەژی. خۆشەویستی پڕۆژەیەکە، بە مایەپووچبوونی عاشق کۆتایی دێت. خۆشەویستی درمێکە هەتا زۆری لێ بترسین، زووتر تووشی دەبین. ئەگەر زێدەڕۆیی لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستیدا بکەین، دەبینە جێی بەزەیی پێدا هاتنەوە، یان هەوێنی پێکەنین.

ئینسان هەتا زیاتر عەقڵی بخاتە گەڕ، هەستی پاسیڤتر دەبێت، هەتا زیاتر هانا بۆ ئاوەزی ببات، کەمتر گیرۆدەی خۆشەویستی دەبێت. لە ئەویندا بڕوا بە هەموو درۆیەک دەکەین و هەموو قسەیەکی پووچمان لێ دەبێت بە

حەقیقەت. ئەوی نابینایانە عاشق ببێت، ڕەنگە هەم عەقڵی سووک بێت و هەم سۆزیشی چرووک. (وەلی) بە جۆرێک (دێوانە)ی شەم بووبوو، ساڵانێک دابوویە هەرد و کێو، کە قایل دەبن لەگەڵ شەمدا هاوسەرگیری بکات، یەکەم ژووان لێی دەپرسێت: وەک چۆن من شێت و شەیدای تۆ بووبووم، تۆیش بۆ من وا بوویت؟ شەم دەڵێت: ڕاستییەکەی من مێشێک میوانم نەبوو. ئیدی وەلی دیسان ڕوو لە هەرد و کێوان دەکاتەوە! (ژن بەسۆزترە لە پیاو، پیاو عاقڵترە لە ژن.) ئەگەر ئەو گوتەیە دروست بووایە، نە وەلی بۆ شەم شێت دەبوو، نە شەم بەرانبەر وەلی، هێندە ساردوسڕ دەبوو. سروشت هەم ئاوەز و هەم ئارەزووی بە ئینسان بەخشیوە، بەجێگەیاندنی ئارەزوو ئازارشکێنێکە، ئینسان لەو ئازارانە ڕزگار دەکات کە بە هۆی بەکارهێنانی ئاوەزەوە تووشی دێت. نیکۆلا دی شامفوور کە فەیلەسووفێکی فەرەنساییە، دەڵێت: ژن کە دۆستێک هەڵدەبژێرێت، ئەوەی بە لاوە گرنگ نییە، خۆی چەند پێی سەرسامە، ئەوەی بە لاوە مەبەستە، ژنانی دیکە پێی سەرسام بن.

زالکیند کە باسکارێکی سۆڤییەتی بووە، لە ساڵانی بیستی سەدەی بیستەمدا، لە بواری سێکسدا، (دوزادە ڕێنوێنی)ی ئاڕاستەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ کردووە. ئەو گاڵتەی بەوە هاتووە کە ژیانی سێکسی، شتێکی تایبەتە بە هەر تاکێکی کۆمەڵ و پێی وابووە، ئازادی لە سێکسدا، تاک لە چین دادەبڕێت، لە خەباتی دوور دەخاتەوە و دەبێتە ڕێگر لە بەردەم نواندنی ئەو چالاکییە بەسوودانەدا کە چین پێویستی پێیانە. زالکیند دەیگوت: پێویستە ژیانی سێکسی وا ڕێک بخرێت کە خزمەت بە سەرهەڵدانی نەوەیەکی شۆڕشگێڕی تەندروست بکات. ئەو هەرچەندە بە تیۆری، دژی شێوازی کارکردنی واعیزە ئایینییەکان بوو، بەڵام بە پراکتیک ملی هەمان ڕێی گرت!

ڕێنوێنییەکانی هاوڕێ زالکیند:

(١) نابێت لەنێو پرۆلیتاریادا پێوەندیی سێکسی، زوو دەست پێ بکات.

(٢) چونکە چالاکیی سێکسی دەبێتە بەربەست لەبەردەم داهێناندا، بۆیە نابێت سێکس پێش هاوسەرگیری، ڕێگەپێدراو بێت و هاوسەرگیرییش دەبێت لە تەمەنی بیست ساڵی بە دواوە ئازاد بێت.

(٣) پێویستە پێشەکی پێوەندییەکی قووڵی خۆشەویستی، دوو کەس پێکەوە گرێ بدات، ئەوسا بە کاوەخۆ، بەریەککەوتنی سێکسی ڕوو بدات، ئاخر ئارەزووی سێکسی، ئەگەر تەنیا زادەی پێویستی جەستەیی بوو، ئیدی جیاوازی لە نێوان پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ و ئاژەڵاندا نامێنێت و نابێت پاڵنەری ئارەزووی سێکسی، شانی پان، یان کەفەڵی گۆشتن بێت.

(٤) پێویستە کردەی سێکس، دوا ئەڵقەی زنجیرەیەک پێوەندیی قووڵی نێوان ئەویندارا بێت. کە ئەویندارا هەستیان کرد لە هەموو ڕوویەکەوە، لە یەکدییەوە نزیکن و لە هەر دوو بواری ئەخلاقی و فیکریشدا هەمان بۆچوونیان هەیە، ئەوسا بیر لە سێکس بکەنەوە، ئاخر هەتا دەست بە سێکسکردنەوە بگیرێت، باشترە و نابێت توانای جەستە لە سێکسدا بە فیڕۆ بدرێت، بەڵکوو پێویستە بۆ داهێنان بخرێتە گەڕ، چونکە سێکس، دەبێتە هۆی وشکبوونی سەرچاوەی داهێنان.

(٥) سێکسی بەردەوام، لە یەکدی وەڕزبوونی بە دوادا دێت. ئەوینی قووڵ و زێدەڕۆیی لە سێکسدا، دوو هێڵی تەریبن، بە یەک ناگەن.

(٦) نابێت زوو زوو دۆست بگۆڕین! ئاخر گەڕان بە دوای دۆستی نوێدا، وەخت و وزەیەکی زۆری دەوێت کە پێویستە لە خزمەتی بەرژەوەندیی چینایەتیی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕدا بەگەڕیان بخەین.

(٧) دەبێت تاک هاوسەرگیریی ڕەچاو بکەین.

(٨) لەگەڵ هەموو سێکسکردنێکدا، دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت، ئەگەری لە دایکبوونی منداڵێک هەیە، ئاخر هیچ ڕێگەچارەیەکی خۆپارێزی شک نابەین و

لەبـاربردنی منـداڵیش زیـانێکی زۆری بـۆ ژن هەیە. قەتـیش نابێـت هانـا بـۆ سێکسکڕین ببەین، چونکە ئەگەری تووشبوونمان بە سووزەنەک لە گۆڕێدایە.

(٩) دەبێت لەبەر ڕۆشنایی مێتۆدی چینایەتیی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریـادا، هاوسـەر دەستنیشـان بکەیـن. دەسـتبازی و نـازونووز، لەگەڵ مێتـۆدی ئێمەدا نـــاگونجێن. مێچکـــایەتیی لاواز، زادەی کـــۆیلایەتیی درێژخـــایەنی ژنە و نمایشـکردنی سـمێڵی زل و ماسـوولکەی بەهێـزیش، هـی سـەردەمی پـێش سەرهەڵدانی تفەنگ بوون. وێڕای ئەمانە، شـۆڕش بە مێچکایەتی و شـانی پـان سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت.

(١٠) نابێت بەدگومانیمان هەبێت، پێویسـتە ژیـانی سێکسـی و سـۆزداریمان لەسەر بناغەی ڕێز لە یەکدی گرتن، یەکسانی، هـاوبیری و متمـانە دابمەزرێت. بەدگومانی کاتێک پەیدا دەبێت کە متمانەمان بە هاوسەرەکەمان نەبێت و لەوە بترسین کە ڕاستیمان لێ دەشارێتەوە. بەدگومانی زادەی ئەوەیشە کە سـووک ســـەرنجی خۆمـــان بـــدەین و وا هەســـت بکەیـــن، چـــونکە خـــراپین، خۆشەویستەکەمان پێویسـتی پێمـان نییە و لای ئاسـانە ناپاکیمـان لـێ بکـات. ئەوانەی بڕوایان بە ئەوین نییە، شـیاوی ئەوە نـین، بڕوایـان پـێ بکەیـن، ئـاخر چونکە خۆیان هانا بۆ درۆ دەبن، وای بـۆ دەچـن، هاوسەرەکانیشـیان درۆیـان بۆ دەکەن. لایەنێکی خراپی دیکەی بەدگومـانی ئەوەیە کە پیـاو، ژن بە مـوڵکی خۆی دەزانێت، یان ژن، پیاو بە مـوڵکی خـۆی دەزانێـت، پـێ داگرتنیش لەسـەر مـوڵکی خـۆ، لەگەڵ بەرژەوەنـدی چینایەتیـدا نـاکۆکە. هەڵبژاردنـی هاوسـەر، دەبێت بە پلەی یەکەم لەبەر ڕۆشـنایی قازانجی پرۆلیتاریـادا بێت، لە کـاتی لە یەکدی جودابوونەوەیشدا، هەر دەبێت بەرژەوەندیی چینایەتی ڕەچاو بکرێت.

(١١) نـا بـۆ لادانـی سێکسـی! ئـاخر لادانـی سێکسـی هەمیشـە زێدەڕۆیی بە دوادا دێـت و سـێکس، ژیـانی لادەر داگیـر دەکـات و لادەر ژیـانی سیکسـیی

هاوسەرەکەیشی دەشێوێنێت. دەبێت پرۆلیتاریا چی توانای هەیە، بیخاتە گەڕ، بۆ ئەوەی لادەر بهێنێتەوە سەر ڕێی دروست.

(١٢) حیزب لە پێناوی شۆڕشدا و بۆ ئەوەی سێکس، داهێنانی لێ بکەوێتەوە، مافی ئەوەی هەیە، دەست وەر بداتە نێو ژیانی سێکسیی ئەندامەکانییەوە. زەلیلکردنی ژن و بە نەخوێندەوار هێشتنەوەی، وای لێ دەکەن، بایەخێکی زۆر بە هەڵچوونە سێکسییەکانی بدات، ئاخر لە هەلومەرجی وادا، توانای ئەوەی نابێت، گەشە بە لایەنە ڕۆحییەکانی بدات. لای پیاوی نەفامی کەللەڕەق، ژنی وا، نێچیرێکی لاوازە و بە ئاسانی ڕاو دەکرێت، بەڵام ژنی ئازادی هۆشیار، بەشێک لەو وزە سێکسییەی شکی دەبات، لە پێناوی داهێناندا دەیخاتە گەڕ.

وەک چۆن پاشاکەی هانس کریستیان ئەندەرسن ڕووتوقووت بوو، ئەوەیشی پێی دەڵێن ڕەوشت، لە وەهم بەولاوە هیچی دیکە نییە. پێوەندیی سێکسی نێوان ژن و پیاو، لە سێ شێوەدا کۆ دەبێتەوە: هاوسەرگیری، پێوەندیی ئازاد و سێکس کڕین و فرۆشتن، جێی داخە هەر سێ شێوەکە، کەم و زۆر هەم بەشداری لە پیسکردنی دەروونی ئینساندا دەکەن و هەم ئەوەی پێی دەڵێن بەختیاری، دابینی ناکەن. دوو لایەنە هەرە تاریکەکەی هاوسەرگیری بریتین لە: گرێبەستێک لە نێوان ژن و مێرددا هەیە، کە ئەستەمە لێی قوتار ببن و هەر یەکێکیشیان ئەوی تریان بە موڵکی خۆی دەزانێت.

ئەگەر پیاو یان ژن، هەر کامێکیان لافی ئەوەی لێ دا، ڕۆڵی گرنگ لە دابینکردنی بژێویی خێزاندا دەبینێت، ئەوە بەرژەوەندی، نەک خۆشەویستی، ئەو ژن و پیاوەی لەژێر بنمیچێکدا کۆ کردووەتەوە. ژن و مێرد بە گشتی، نە

له ڕووی دەروونییەوە، هیچ لە بارەی یەکترەوە دەزانن و نە وەک دوو جەستە هۆگری یەکن و نە وەک ڕۆحیش هیچ کۆیان دەکاتەوە، بۆیە وەک مەحاڵ وایە، بە خۆشی پێکەوە بژین. ژن و مێرد، چونکە یەکدی بە موڵکی جێگیری خۆیان دەزانن، ئیدی هیچ بە پێویستی نازانن، هەوڵ بۆ ئەوە بدەن، یەکترییان لە کیس نەچێت، ئەوە بۆیە نە نازی یەکدی هەڵدەگرن، نە قسەیەکی شیرین بە گوێی یەکدیدا دەچرپێنن و کە یەکدیش ڕادەمووسن، لە ئەوینداری ڕاستەقینە ناچن، لەوە دەچێت، ڕۆڵی عاشق نمایش بکەن، هێمن گوتەنی: ماچەکانیان سینەماییە، نەک خودایی.

وەرە ماچم دەیە، ماچی خودایی
کە بێزارم لە ماچی سینەمایی.

ئینسان ئەگەر ناچاری کڕین یان فرۆشتنی سێکس بوو، ئیدی ئەوە لووتکەی کەساسییە، ئاخر بێجگە لەوەی، ڕەنگە تووشی نەخۆشیی جەستەیی ببێت، هەم ڕۆحی دەشێوێت و هەم دەروونیشی دەبێت بە کەلاوە. ئەوی سێکس بکڕێت یان بفرۆشێت، ئیدی چراوگی خۆشەویستی لە دڵیدا دەکوژێتەوە و خوداوەندی ئەوین لێی دوور دەکەوێتەوە. لەشفرۆش، هەروەها لەشکڕیش، بە شێوەیەک تەلاری ڕۆحی خاپوور دەبێت، وا هەست دەکات گرانبەهاترین شتێک کە شکی دەبات، لێی زەوت کراوە، ئاخر ئیدی ڕەنگە قەت هەست بە خۆشەویستی نەکات، هەر کەسێکیش لە هەستی خۆشەویستی بێبەش بێت، خۆی لە کیس دەچێت، ئاخر ئێمە تەنیا بە هۆی خۆشەویستییەوە دەبین بە ئینسانێکی تەواو.

ئەلیکساندەر کۆلۆنتای (١٨٧٢ _ ١٩٥٢) دەڵێت: (پیاوی لەسەر سێکسکڕین ڕاهاتوو، دەروونی وا دەشێوێت، قەت ناتوانێت لە ئاسمانی ئێرۆسی

ڕاستەقینەدا لە شەقەقەی باڵ بدات و بە بالآیی بگات، پیاوی وا تەنیا بۆ تێرکردنی پێویستییەکی بەرتەسکی بێڕەنگ، لە ژن نزیک دەبێتەوە، پیاوی وا قەت تەزووی هەستی خۆشەویستی بە دەماریدا گوزەر ناکات و تا ماویشە هەست بە گرێی کەموکووڕی و بە وشکبوونەوەی ڕۆح دەکات.)

خۆشەویستیی ئازادیش گەلێک لایەنی تاریکی تێدایە، ئاخر هەندێک جار هەر لە خۆفرۆشتنی دەمامکدار دەچێت، هەرچەندە ئەویندار ناچارە وەختێکی زۆری بۆ تەرخان بکات، زۆرتر لەو وەختەی ژن و مێرد بە یەکدی دەبەخشن، ئەگەرچی هیچ گەرەنتییەکیش نییە، ئەم جۆرە خۆشەویستییە ئینسان لە قەیرانی سێکسی ڕزگار بکات. ئەگەر خۆشەویستیی ڕاستەقینە، بریتی بێت لە گونجاندنی ڕۆحی و جەستەیی و تێگەییشتنی قووڵ لە یەکتری، ئەوا ڕەنگە هیچ کام لەو مەرجانە، لە ئەوینی ئازاددا نەبن.

ئەو خەڵکە یان هاوسەرگیریی پێک دەهێنن، یان لە دەرەوەی هاوسەرگیریدا بە دوای سێکسدا دەگەڕێن، بە دەگمەن کەسانێک هەن، سەرقاڵی خۆشەویستی بن. خۆشەویستی ئەوەیە، ژیانی خۆڵەمیشیمان بە بەختەوەری ڕەنگین بکات، بەڵام تا یەک دووانێک بەو چەشنە ئەوینە دڵشاد دەبن، گەلێک کەس، لە سایەی ژیانی هاوسەرگیرییەکی دوور لە خۆشەویستییەوە، لە ناچارییەوە، دەخزێنە ئامێزی ساردوسڕی بێ سۆزی یەکدییەوە و گەلێکی تریش، برسییەتیی سێکسی، ڕێگەی کڕینی چێژیان پێ دەگرێتە بەر. کە شادبوون بە خۆشەویستیی ڕاستەقینە، شتێک بێت وەک مەحاڵ، ئیدی ئەوە دەبێتە کارێکی ئاسایی، ئینسان هانا بۆ دۆستایەتیی ئێرۆسی ببات. ژنە فێمینیستی نەمسایی گرێت مایزیڵ هێس (١٨٧٩ _ ١٩٢٢) دەڵێت: (لایەنی گەشی دۆستایەتیی ئێرۆسی ئەوەیە، لەو کۆیلایەتییەی بە

هۆی هاوسەرگیرییەوە تووشی دەبین، دەمانپارێزێت و لێ ناگەڕێت خودی خۆمان بە دەم شەپۆلی ئارەزوویشەوە بدەین.)

لینین لە نامەیەکدا کە لە ١٧ی یەنایەری ١٩١٥دا بۆ (ئێنیسا ئارماند)ی (١٨٧٤ _ ١٩٢٠) کە چالاکێکی بزووتنەوەی کرێکارانی ڕووسیا بوو، نووسیوە، دەڵێت: (هاوڕێ ئازیزەکەم! ئازادیی خۆشەویستی، داخوازییەکی بۆرژوایانەیە، نەک هی پرۆلیتاریا، بۆیە بە تەواوی وازی لێ بهێنە! ئایا ئازادیی ماددی دەڵێیت؟ یان خۆ ئازادکردن: لە ئایین؟ لە ئەفسانە؟ لە دابونەریتی کۆمەڵ؟ لە یاسا و دادگا و پۆلیس؟ لە منداڵبوون؟ لە کرۆکی دەوڵەمەندی خۆشەویستی؟ یان ئازادیی ناپاکیکردن لە ژیانی هاوسەرگیری؟ دەزانم مەبەستت خۆ ئازادکردن نییە لە کرۆکی پوختی ئەوین و مەبەستیشت ئازادیی ناپاکیکردن نییە، بەڵام خواستت ڕوون نییە.

ئێنیسا ئارماند لەبەر ڕۆشنایی تێزەکانی (مارکس و ئێنگڵس)دا، دەڵێت: (هاوسەرگیری لای بۆرژوا، چونکە لەسەر بناغەی قازانجی ماددی دادەمەزرێت، نەک لەسەر بناغەی خۆشەویستی، بۆیە جۆرێکە لە لەش کڕین و فرۆشتن.) ئارماند پێی وایە کە پرۆلیتاریا دەسەڵاتی گرتە دەست، ئیدی لەش کڕین و فرۆشتنی فەرمی و نافەرمی کۆتاییان پێ دێت، ئیدی هاوسەرگیریی بۆرژوایانەی کرێگرتە کە لە گرێبەستێکی بازرگانی دەچێت، دوایی پێ دێت. هەروەها دەبێژێت: (خێزانی بۆرژوایانە هەمیشەیی نییە و بە هەرەسی سەرمایەداری لە بەین دەچێت و ئیتر ژن لە کۆیلایەتیی نێو ماڵ قوتاری دەبێت و دەتوانێت لە هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدرایی هەبێت.)

ئێنیسا ئارماند لە پاییزی ١٩١٦دا، نامەیەکی بۆ کیژەکەی نووسیوە، تێیدا دەڵێت: کە خۆشەویستی بە گوناهێکی گەورە و پەڵەیەکی شەرم لە قەڵەم دەدرێت و داوا دەکرێت، خەڵک خۆیانی لێ بە دوور بگرن، پێشینەی ئەم تێزە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، ئەو وەختەی (دێر)ی ژنان و هی پیاوان دامەزرا. ڕاهیبەکانی ئەو دێرانە، داوای پاکژییەکی تەواویان دەکرد، ئەو پاکژییەی تۆلستۆییش لە ڕۆمانی (زیندووبوونەوە)دابانگەشەی بۆ کردووە. بە پێچەوانەی ڕاهیبەکان و (تۆلستۆی)یەوە، یۆنانییەکان سەجدەیان بۆ جوانی دەبرد و باسی ئازادیی خۆشەویستییان دەکرد، بەڵام ئەوانیش تەنیا جوانیی جەستەیان خۆش دەویست، ڕۆح بە لایانەوە مەبەست نەبوو.

لە سەدەکانی ناویندا، پیاوانی ئایین وەک چەکی دەستی شەیتان سەیری ژنیان دەکرد و دەیانگوت: خودا ژنی بۆ فریودان و لە ڕێی ڕاست لادانی خەڵکی خوڵقاندووە. جوانیی لە فیکری یۆنانیدا، وابەستەی سروشتە و ژنیشیان بە گوڵێکی زێدە جوانی سروشتی دەچوواند و وەک ئینسان سەرنجیان نەدەدا. ژنیان بۆ ئەوە نەدەویست دۆست و هاوڕێیان بێت، ژنیان بۆ سەما و گۆرانی دەویست. ژن لایان هاوسەر نەبوو، کەنیزەک بوو، لە زیندانیماڵدا ژیانی بەسەر دەبرد، بۆ خۆی نەدەژیا، بۆ ئەوە دەژیا، چێژ بە پیاو ببەخشێت، وەچە بخاتەوە و ئیشوکاری ماڵ بەڕێوە ببات.

ئەگەر خۆشەویستی نەبووایە، مرۆڤایەتی دوایی دەهات، بۆیە هیچ دوور نییە لە داهاتوودا، ئینسان خوداوەندی خۆشەویستی بپەرستێت، ئاخر کە هەستمان کرد، خۆشیان دەوێین، ئەوسا بڕوا بەوە دەکەین، وەک ئینسان ددانمان پێدا نراوە و ئیدی هەست بە تەنیایی ناکەین و ڕەنگە بگەینە لووتکەی بەختەوەرییش. دەشێت دوو کەس بە ڕێکەوت یەکتری بناسن و ئەو دیدارە

بەرەو خۆشەویستییەکی مەزنیان ببات. خۆشەویستی کۆلۆنتای گوتەنی: ئەگەر زیانی بۆ کەس نەبێت و گوشارێکی ماددی لە دواوە نەبێت، هەقە کۆمەڵ ددانی پێدا بنێت و ڕێزی لێ بگرێت.

کۆلۆنتای پێی وایە، (نابێت ژن، خۆشەویستی بە بناغەی ژیانی بزانێت، بەڵکوو دەبێت بە هۆکارێکی بزانێت بۆ دۆزینەوەی خودی ڕاستەقینەی خۆی. دەبێت ژن فێر بێت کە تووشی کێشەیەکی سۆزداری هات، بە ڕۆحێکی بەهێزترەوە لێی بێتە دەرەوە، نەک بە دوو باڵی شکاوەوە.) گۆتە دەیگوت: (دەبێت فێر ببین، لە کاتی گونجاودا، ڕابردوو فڕێ بدەین و وا پێشوازیی لە ژیان بکەینەوە، وەک تازەکی لە دایک بووبین.) نابێت لێ بگەڕێین، شەپۆلی خۆشەویستی گەمە بە گەمێی ژیانمان بکات، دەبێت وەک کاپتنێکی خاوەنئەزموون، بە چاوپۆشین لە بەهێزیی شەپۆلەکان، وا ڕەوتار بکەین، گەمێی ژیانمان لە کەناری دڵنیاییدا، ئارام بگرێت.

---

(١) أ. ب. زالكيند، إثنتا عشرة وصية جنسية للبروليتاريا الثورية.

(٢) ألكساندرا كولونتاى، الحب وألأخلاق الجديدة.

(٣) نيكولا سيباستيان دى شامفوور، حكم وخواطر، أقوال مأثورة.

(٤) أنيسا إرماند، ماركس وإنجلس حول مسألة الأسرة والزواج.

(٥) فلاديمير لينين، رسالة إلى إنيسا أرمان ١٧ كانون الثاني ١٩١٥

(٦) من رسالة ارماند إلى إبنتها، إنيسا أرماند خريف ١٩١٦

(١١)

## له خۆشەویستیدا، بێدەنگی له پەیڤین کاریگەرتره

ئەوین له (پاسکاڵ)ەوه تا فرۆید

خۆشەویستی چونکه پێوەندیی به بڕیاری تاکەکەسەوه هەیه، چونکه چوونه بەرەو پیریی هاواری هەستی تاکەکەسێکەوه، نەک هەر ئینسان له ئاژەڵ جودا دەکاتەوه، بەڵکوو تەنانەت ئینسانێک له ئینسانگەلی دیکەیش جیا دەکاتەوه. ئەو چرکەساتەی بۆ یەکەم جار زەوینلەرزەی هەستکردن به خۆشەویستی دەمانهەژێنێت، جوانترین چرکەساته له ژیانماندا و پێمان خۆشه، زەمەن لەوێدا بوەستێت، ئاخر وەک مەحاڵ وایه، جارێکی دیکه چرکەساتی وا به هەمان جوانییەوه، دووباره ببێتەوه. هەرچەنده (خۆشەویستی خەباته له پێناوی نەمریدا) بەڵام به گوێرەی تیۆرییەکەی شۆپنهاوەر که نزیکه لەوەی (چارڵس داروین)ەوه، خۆشەویستی هیچ نییه، غەیری گەمەکردن به چارەنووسی تاک نەبێت و تاقه هەوڵدانێکه بۆ پاراستنی توخمی ئینسان.

ئەوین، تاک بەرەو نەمریی دەبات، ئاخر ئەوین کرۆکی باڵای ژیانه و به لووتکه گەییشتنی هەبوونی ئینسانه. ئەوین با به کارەساتیش کۆتایی بێت، هەر کۆمەکی ئینسان دەکات تا بێجگه لەم جیهانه، به چەندان جیهانی دیکەیش ئاشنا ببێت و بەرەو ئەو جیهانانەی دەبات که نه سەرەتایان

ئاشکرایە و نە کۆتاییيان دیارە. ئەوین، هەر بە یەکبوونی دوو ئینسان نییە، بە یەکبـــوونی ئینســـانە لەگەڵ دونیـــادا و دەربـــازبوونیەتی لە دونیـــا سـنووردارەکەی خـۆی و ڕزگـاربوونیەتی لە تەنیـایی و دوورەپەرێـزی. ئینسان پێویستە (من)ەکەی دیکەی بدۆزێتەوە و خۆشـی بوێت، ئەگەر نـا بە ناتەواوی دەمێنێتەوە و نابێتە ئینسانێکی تەواو. ئینسان نابێت، تەنیا بۆ ئەوە کەسـێکی خـۆش بوێت کە خێزانـی لەگەڵدا پێک بهێنێت و ئیدی لە بـازنەی خێزاندا خۆی زیندانی بکات، دەبێت خۆشەویستی بۆ ئەوە بکات، تـا وێڕای خۆشەویستەکەی، هەموو زیندەوەرەکانی دنیایشی خۆش بوێت.

(هەمـوو تەمەنێـک ملکەچـی خۆشەویسـتییە.) خۆشەویسـتی وەختێکـی دیاریکراو ناناسێت، ژن تەمەنی هەر چەندێک بێت، پیاوێک هەر پەیدا دەبێت، پێـی سەرسـام بێـت. ڕۆژانە لە ژمـارە نـایەت، چەنـد لاو شـەیدای کەسـانی هـاوتەمەنی خۆیـان دەبـن، چەنـد کەسـی تەمەن مامناوەنـدی تووشـی داوی دڵـداری دەبـن و پیـرانیش هەروەهـا، تەنـانەت ڕەنـگە ئینسـان کە گـوێی لە لێـواری قەبـریش بلەرزێـت، هەر هەسـتی ئەوینـداری لە دڵیـدا گەش بێـت، ئەمەیش زادەی هەژموونی ژیانە بەسـەر مردنـدا. ئەوە جێـی سەرسـووڕمان نیـیە کە کەسـانێک لەوپەڕی پیریـدا، سـەرقاڵی خۆشەویسـتین، ئـاخر خۆشەویستی جوانترین جۆری شێتییە، ئاخر خۆشەویستی لە سـەروەختی لـووتکەی پیریـدا، نیشـانەی سـەرکەوتنی ئاینـدەیە بەسـەر ڕابـردوودا. ئەوە دونـدی ژیاندۆسـتییە کە ئەو خەڵکە بەردەوام حەزیـان دەچێتە سـەر یەک و ڕەنگە تەنیا بە نیگایەکی گەرم، ئەو هەستەی خۆیان دەرببڕن.

ئەوە زیرەکیـی نیـیە، تـانە لە کەسـێک بـدەین، بەو بیـانووەی شـەیدای کەسـێکی نەگونجـاو بـووە، ئـاخر نهێنیـی خۆشەویسـتی لەوەدایە، عاشـق

خۆشەویستەکەی وەک فریشتە دێتە بەر چاو، با جوان و دلۆڤانیش نەبێت. ئینسان چەند دزێو و خراپیش بێت، هەر کەسێکی دەست دەکەوێت، پێی سەرسام بێت. خۆشەویستی لەبەر ڕۆشنایی عەقڵدا لێک نادرێتەوە، ئاخر ئەوین لە خەیاڵەوە نزیکترە، وەک لە واقیعەوە و وێڕای ئەمانە دەشێت کەسێکی ناشیرین، خاوەنی جوانترین ڕۆح بێت. نووسەری فەرەنسایی ستاندال (١٧٨٣ _ ١٨٤٢) دەڵێت: (ڕەنگە لایەنە هەر جوانەکەی ئەو ژنەی عاشقی دەبین، بە خەیاڵ ببینین.) لایەنی هاوبەشی پەیامبەری ئیسلام و ڕۆسۆ ئەوەیە، هەردووکیان لە تافی لاوییاندا، تووشی داوی عیشقی ژنی بەتەمەن دەبن. شاعیری ڕووس پوشکین (١٧٩٩ _ ١٨٣٧) پێوەندیی ئەویندارییی بە ژنگەلێکی زۆرەوە دەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەر بە یەکێکیانەوە، بە قووڵیی پێوەست دەبێت.

پیاو تا لە مێ بچێت، تا وەک کچان ناسک و نازەنین بێت، کەمتر ژنان پێی سەرسام دەبن. پیاو بۆ ئەوەی سەرنجی ژنان ڕابکێشێت، لەبری نەرمونیانی، دەبێت وێڕای بوێری، هەندێکیش توند و زبر و سەرچڵ بێت. کچی کوڕانی، یان ژنی پیاوڕەوتار، سەرنجی پیاوان ڕاناکێشێت، ئاخر پاسکاڵ گوتەنی: (مێ دەبێت ناسک و هێمن بێت و ژن و پیاو، تا زیاتر لە مێ و نێر بچن، زیاتر شەیدای یەکدی دەبن،) بەڵام خۆشەویستی بە گشتی، هەستێکی تاکەکەسییە، ناگشتێنرێت و دەشێت، ئەو لایەنەی مێ، کە لای ئەم نێر جێی بایەخە، لای نێرێکی دیکە، بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت.

فەیلەسووفی فەرەنسایی (١٦٢٣ _ ١٦٦٢) پاسکاڵ پێی وایە، ئینسان بۆ ئەوە نەخوڵقاوە، تا ماوە بە شێوازێک بژی، پێویستی بە جووڵە و چالاکی هەیە، پێویستی بەوەیە، ناوبەناو بە بەردی بە دەم ئارەزووەوە چوون،

گۆمی هێمنیی ژیانی خۆی بشڵەقێنێت. ئەو دوو شتەی ئینسان بۆ جووڵە و چالاکی هان دەدەن، (ئەوین) و (ئومیدن)ن کە دوو مۆمن، بە هەڵکشانی تەمەن، بەرەو خامۆشبوون مل نانێن، ڕەنگە هەر لە سەرەتای ژیانەوە، تا لێواری گۆڕ، هەر بە هەمان شەوقەوە بگڕێن.

ئینسان کە (عەقڵ)ی لە کۆت و زنجیر قوتاری بوو، (خولیا)ی بەهێزتر دەبێت. ئەوە پرسیارێکی لاوازە، ئەگەر لە خۆمان بپرسین: ئایا پێویست دەکات، بە خۆشەویستییەوە سەرقاڵ بین؟ ئاخر خۆشەویستی (فیکر)ی لێ ناکرێتەوە، (هەست)ی پێ دەکرێت. ئینسان بە گشتی بێ یەک و دوو، دوای ئەوین دەکەوێت و ئەگەر گومانیشی لە کن دروست بوو، پاساو دەبینێتەوە. ئەوی عەقڵی ساف بێت، ئەوینیشی پاک دەبێت و بەوپەڕی گەرمی و پەرۆشییەوە بە پیری خۆشەویستییەوە دەچێت.

هەموو کەسێک لە زەینی خۆیدا، تابلۆی (نموونەیەکی بالا)ی بۆ جوانی کێشاوە، بەڵام هەموو عاشقێکیش، خۆشەویستەکەی خۆی، بە نموونەی بالای جوانی دەزانێت. جوانی چەشنی زۆرە، بەڵام جوانییە هەرە بالاکان، ئەوانەن کە لە ژندا کۆ بوونەتەوە. ژن ئەگەر زیرەک بوو، بەردەوام ڕۆحێکی چالاک، بە بەر ئەو جوانییانەیدا کە لە گیانەڵڵادان، دەکاتەوە. ئێمە چونکە خۆمان خۆش دەوێت، پێمان وایە، شیاوی ئەوەین، کەسانی تریش خۆشی بوێین. ئینسان وەک چۆن بە ئاسانی دەکەوێتە نێو زەریای خۆشەویستییەوە، هەر وایش بە ئاسانی هەستی پێ دەکات، کەسێک ئەوی خۆش دەوێت یان نا؟ ئاخر بە چاویدا دیارە، ئاخر چاو ئەوە دەردەبڕێت کە لە دڵدا هەیە، ئاخر عاشق بە ئاسانی لە زمانی چاو تێدەگات.

هەر کەس پێـوانەی خـۆی بـۆ جـوانی هەیە، بەڵام نـزیکەی هەمـووان، هەمان پێوانەیان بۆ دلۆڤانی هەیە. ڕەنگە ئێمە هەموومان جوان نەبین، بەڵام هەموومـان دەتـوانین لە ڕێـی دلۆڤـانییەوە، جێـی خۆمـان لەنـاو دڵـی ئەوانـی دیکەدا بکەینەوە. پاسکاڵ دەڵێت: (ئەو پیاوەی دلۆڤان بێت، زوو دەچێتە دڵی ژنەوە، ئەگەر توانیمان لەو ژێیەی هەستی ژن بدەین، ئیدی بە ئاسانی پێمان قایل دەبێت و خۆشی دەوێین، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، دلۆڤانی بەخششێکی سروشتییە، نە بە ڕاهێنان فێری دەبین و نە زادەی زیرەکییە.)

کە عاشـق دەبـین، هەسـت دەکەیـن جیـاوازترین لە جـاران و پێمـان وایە هەمووان هەستیان بەو جیاوازییە کردووە. تا ڕێگەی خۆشەویستی درێژتـر و سـەختتر بێـت، کە بە خۆشەویسـتەکەمان شـاد دەبـین، زێتـر و قـووڵتر هەسـت بە بەختیـاری دەکەیـن. پاسـکاڵ دەڵێـت: (یەکێـک لە نیشـانەکانی خۆشەویسـتی ئەوەیە، وەک خوداوەنـد سـەرنجی ئەو کەسـە دەدەیـن کە عاشـقی بـووین.) لە خۆشەویسـتیدا، بێـدەنگی لە پەیڤـین کـاریگەرترە، کە سەرسامی زمانمان لە گۆ دەخات، هیچ نەگوتن لە گوتن، زووتر دەگاتە دڵی خۆشەویستەکەمان.

لای پاسکاڵ: (عیشق، ئینسان لە چاوچنۆکەوە، دەکات بە دڵفراوان، ئەوە بۆیە ئەوەی بە لای عاشقەوە گرنگ نەبێت پارە و سامانە. عاشـق تەنانەت ڕەنـگە کەسـوکار و هاوڕێیانیشـی لەبیـر بچێـتەوە، ئـاخر وا هەسـت دەکـات، غەیری خۆشەویستەکەی، پێویستی بە هـیچ و بە کەسـی دیکە نییە. عاشـق ئەوەی بە لاوە گرنـگ نیـیە، ئەو خەڵـکە چـی لە بـارەیەوە دەڵـێن، ئـاخر دەزانێت، ڕەنگە ئەو خەڵکە عاقڵ بن، بەڵام عاشق نین.)

خۆشەویستی هەر ئەو جۆرە نییە، پیاوێک ژنێکی ئازادی خۆش بوێت، ژنێک هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە پیاوێکی دیکەوە نەبێت، ژنێک نە وابەستەی مێرد بێت، نە دەزگیراندار بێت. بەڵکوو ئەوینی وەهایش هەیە، پیاو شەیدای ژنێک ببێت، خاوەنی مێردی خۆی بێت، یان دەزگیراندار بێت، یان لای کەم پیاوێکی دیکە بە هیوای بێت. هەیە وای بۆ دەچێت، (خۆشەویستی ئەوەیە، کێشەی بە دواوە بێت، ئەگەر نا پیاوێکی ئازاد لەناکاو حەز لە ژنێکی وەک خۆی ئازاد بکات، چیرۆکی وەها، دراماى لێ چێ نابێت.)

ژنێک کە هیچ گومانێکی بە داوەوە نەبێت، بە کەڵکی خۆشەویستیی سێکسی نایەت، ژنێک گومانی لەسەر بێت، سەرنجڕاکێش دەبێت و بۆ ئەوە دەست دەدات، پیاوان تامەزرۆی ببن. ئەوی ژنێکی جێی گومانی خۆش بوێت، ئەوە ئاسایی وەردەگرێت، ژنە سێکس لەگەڵ مێردە شەرعییەکەی بکات، ئەوەی پێ هەرس ناکرێت، غەیری خۆی، پێوەندیی بە پیاوی ترەوە هەبێت. خۆشەویستییەک هەیە، ئەوینی سێکسفرۆشی پێ دەڵێن، پیاو هەیە هێندە قووڵ، ژنی وای خۆش دەوێت، هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان دەکات. پیاوی وا کە فرۆید بە (نەخۆش)ی لە قەڵەم دەدات، ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک لەو ژنە جێی گومانە دوور بکەوێتەوە، هەمدیسان لەگەڵ ژنێکی دیکەدا کە گومانی لەسەر بێت، تێ هەڵدەچێتەوە.

خەسڵەتێکی دیکەی پیاوی نەخۆشی وا ئەوەیە، وای بۆ دەچێت، ژنەی جێی گومان لێقەوماوە و ئەمیش فەریادڕەسە، بۆیە لێی جیا نابێتەوە، تا فریای بکەوێت و لە بەدئاکاری بیپارێزێت. پیاوی وەها وایشی بۆ دەچێت، ئەو ژنە جێی گومانەی ئەم خۆشی دەوێت، ژنێکی بالایە و ژنی دیکەی وا

جوان و دلۆڤان پەیدا نابێت، شان لە شانی بدات. لە فرۆید وایە، ئەم جۆرە ئەوینە زادەی خۆشویستنی کوڕە بۆ دایکی، ئاخر دایک، لە کن هەموو کوڕێک، ژنێکە دووبارە نابێتەوە، ئاخر هەموو کوڕێک خۆی بە (سێیەمی غەدرلێکراو) دەزانێت. فرۆید پێی وایە (کە دایک و باوک بایەخ بە یەک دەدەن، کوڕ خۆی وەک غەدرلێکراو دێتە بەر چاو و کوڕ کە شەیدای ژنێک دەبێت، ژنە وەک ئەڵتەرناتیڤی دایکی دەبینێت.)

ئایا لایەنی هاوبەش لە نێوان سێکسفرۆش و دایکدا کە نموونەی پاکژی و ئاکاری باڵایە، هەیە؟ ئایا خۆشویستنی لەشفرۆش، زادەی گرێی دایکە؟ کوڕ ئەگەر خراپەیەک لە دایکی هاوڕێیەکی ببینێت، باوەڕ دەکات، بەڵام هەرگیز باوەڕ بەوە ناکات، دایکی خۆیشی ڕۆژێ لە ڕۆژان، هەمان ڕەوتاری نواندبێت. ئەوەی ژن، مێردی خۆش دەوێت، یان دروستتر، ئەوەی دایک باوکی کوڕی خۆی خۆش دەوێت، لە ڕوانگەی کوڕەکەیەوە، (ناپاکی)یەکە قابیلی لەبیرچوونەوە نییە، ئاخر لای فرۆید کوڕ، باوکی بە ڕکابەری خۆی دەزانێت و ئەم هەستکردنەی ناو ناوە: گرێی ئۆدیب. لای فرۆید ئەو دڵسۆزییەی پیاو بۆ ژنێکی جێی گومانی هەیە، درێژەپێدانی هەمان ئەو وەفایەیە، کوڕ بۆ دایکی هەیبووە. پیاو کە ژنێکی جێی گومانی خۆش دەوێت، زوو زوو لەوە ئاگاداری دەکاتەوە کە ئەگەر پێوەندیی بە پیاوانی ترەوە هەبێت، مەترسی لەسەر ژیانی دروست دەبێت. لای فرۆید ئەم نیگەرانییەی پیاو، هەمان ئەو هەستەیە کە کوڕ لە پێوەندیی نێوان دایکی و باوکی، لە کنی دروست بووە. فرۆید زیاتر دەڕوات و دەڵێت: (کە کوڕ لە باوکی یاخی دەبێت، مەبەستی ئەوەیە پێی بڵێت: وەک چۆن تۆ توانیت، من لە هەناوی دایکمدا بخولقێنیت، ئیدی منیش هەمان توانام هەیە.)

(манای خەون، بە گوێرەی کەسی خەونبین دەگۆڕێت. ئەگەر پیاوێک لە خەونیدا، ژنێک لە خنکان ڕزگار بکات، ئەوە حەزی لێیە، منداڵێکی لەو ژنە ببێت، بەڵام ئەگەر ژنێک لە خەونیدا، منداڵێک لە خنکان قوتار بکات، ئەوە ددانننانە بەوەدا کە ناپاکیی کردووە.) ئەم لێکدانەوەیەی فرۆید، ستەمێکە بە کۆمەکی (خەون) لە (واقیع)دا لە ژن دەکرێت، هەرچەندە لە ڕوانگەی فرۆید خۆیەوە، (ژن، زێتر پێویستی بەوەیە کە خۆشیان بوێت، نەک ئەم کەسانی دیکەی خۆش بوێت، هەر بۆیەش زێدەڕۆیی لە جوان نیشاندانی خۆیدا دەکات.) فرۆید ئەگەر خوێندنەوەی قووڵیشی بۆ ژن کردبێت، بەڵام هەوڵی نەداوە، ستەم لەسەری کەم بکاتەوە.

فرۆید پێی وایە، چونکە ڕەگەزی ژن ناتەواوە، بۆیە لە ڕێی وەدیارخستنی جوانییەکانییەوە، لە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو ناتەواوییەدایە، ئەوەیشی کە شەرمنە، هەر زادەی ئەو ناتەواوییەیە و ئەگەر نا شەرم، یەکێک نییە لە تایبەتمەندییەکانی مێ. ناتەواوییەکەیش لای فرۆید لە دەزگای زاوزێی ژندایە، کە نەبوونی چووکە. فرۆید وای بۆ دەچێت، ژن ئەگەر لە مێژووی سەرهەڵدانی شارستانیدا بەشدارییەکی هەبووبێت، لە هەر دوو بواری ڕستن و چنیندا بووە. ئەوانەیش بۆیە فێر بووە، هەر کە موو لە دەوروبەری زێی پەیدا بووە، (بۆ شاردنەوەی دەزگای زاوزێی کە بە ناتەواوی زانیوە،) کەوتووەتە هۆنینەوەی.

ئەم نەبوونی چووکە، لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، وای کردووە، ژن تا کوڕێکی نەبووبێت، هەر خۆی بە سەفەری زانیوە لە کن مێردەکەی و بە پەیدابوونی کوڕ، ئیدی گرێکوێرەی نێرینە کە ژن هەیەتی، دەکرێتەوە. فرۆید پێی وایە، ژن لە پیاو زیاتر، بایەخ بە کاروباری کۆمەڵایەتی دەدات و لە

کاتێکدا پیاو بە تەمەنی سی ساڵی، هێشتا گەنجە و ڕەنگە گەلێک گۆڕانی بەسەردا بێت، لەبیدۆی ژن لە هەمان تەمەندا جێگیر بووە و زەحمەتە ئیدی شتی تازە لە کنی ڕوو بدات.

ڕێ دەکەوێت پیاو بێ ئەوەی وەک جەستە، هیچ کەموکوورپییەکی هەبێت، بێ ئەوەی پێش کردەی سێکسی، هیچ لاوازییەک شک ببات، سەروەختی سەرجێیی، هەست دەکات لە ناخیدا بەربەستێک هەیە و کردەکەی پێ جێبەجێ ناکرێت. پیاو ئەگەر هەر لە یەکەم جارەوە نائومێد ببێت، ڕەنگە ترسی ئەوەی لێ بنیشێت کە ئیدی لە داهاتوویشدا، هەمیشە هەر بەرەو ڕووی هەمان نائومێدی ببێتەوە. لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، ئەو شکستەی پیاو کە هیچ هۆکاریکی ئۆرگانیکی لە دواوە نییە، زادەی گرێی ئۆدیبە کە لێ ناگەڕێت لەبیدۆ وەک پێویست بەگەڕ بکەوێت. فرۆید، ساردوسڕیی سێکسی لای ژنیش، دەباتەوە سەر ئەو چەپاندنەی لە ڕابردوودا تووشی هاتووە. فرۆید دەڵێت: (پیاو لە ترسی شکست، هانا بۆ لای ژنانی سێکسفرۆش دەبات، ئاخر شەرم لەو جۆرە ژنانە ناکات و ئەگەر کردەکەیشی بۆ جێبەجێ نەکرا، بە هێندی وەرناگرێت. پیاوی وا چونکە خۆی لەو ژنانە پێ بالاترە، لایان هەست بە ئاسوودەیی دەکات و کردەکەشی پێ ئەنجام دەدرێت. ئەوە بۆیە زۆر لەو پیاوانەی سەر بە چینە هەرە بالاکانن، دەچن ژن لە چینەکانی هەرە خوارەوە دەهێنن، تا بتوانن خۆیان تێر بکەن.)

ئینسان ئەگەر بۆی بلوێت بە ئاسانی خۆی تێر بکات، ئیدی لە ڕووی دەروونیشەوە، هێندە تامازرۆی سێکس نابێت، بۆیە بۆ ورووژاندنی لەبیدۆ و چێژوەرگرتن لە جووتبوون، هانا بۆ دروستکردنی بەربەست دەبات. ئەو

خەڵکە بە چاوپۆشـین لە جیاوازییەکانیـان، ئەگەر برسـی بکرێن، وەک یەک شـەیدای خـۆراک دەبن، بەڵام برسـییەتی سێکسـی بە کەسـەکان دەگۆڕێت. ئەو بـایەخەی سـێکس لای ڕاهیبێـک هەیەتـی، کە بە درێژایـی تەمەنـی بە گژ لەبیـدۆی خۆیـدا چـووەتەوە، هەمـان ئەو بـایەخە نیـیە، لای کەسـێکی تێـر هەیەتی.

کەسێک کە ئالوودەی مەی بووبێت، ناچێت ناوبەناو جۆری شـەرابەکەی بگۆڕێـت، یـان ئەگەر لە شـارەکەی خـۆی هەرزان بێـت، ناچێـت لە شـارێکی دیـکە کە گـران بێـت، بیکڕێـت، بەڵام بـۆ سـێکس وا نـاکەوێتەوە، پیـاوی ئـالوودەبوو بە هەوەسـبازییەوە، هەم حەزی لە ژن گـۆڕینە و هەم ئەگەر ئاسـانیش دەسـتی کەوت، خـۆی بەربەسـت قـوت دەکـاتەوە. ئەوانەی چێـژ لە مـانەوە لە ئاودەسـت وەردەگـرن، لای فرۆیـد، نەخۆشـیی (کۆپرۆفیلیا)یـان هەیە. ئەوانەیش کە لە ڕووی سێکسییەوە هیچ گەشەیان نەکردووە و هێشـتا ئاژەڵئاسا بۆ سێکس دەڕوانن، دووچاری هەمان نەخۆشـی بوونەتەوە، ئەوە بۆیە کەسی وا، ئەگەر ژنەکەی دڵخوازی خۆیشـی بێت، هەر وەدووی ژنـانی جێی گومان دەکەوێت.

---

(١) نيكولاي الكساندروفيتش بيرديايف، ميتافيزيقيا الجنس والحب.

(٢) سيغموند فرويد، عن النمط الخاص لأختيار الموضوع عند الرجل.

(٣) سيغموند فرويد، الأنوثة.

(٤) سيغموند فرويد، حول إذلال الحياة الحبية.

(٥) فاسيلي روزانوف، أعمار الحب.

(٦) بليز باسكال، أحاديث عن شهوة الحب.

# (١٢)

## ئەوین شادی بەرهەم دەهێنێت و قین خەمی لێ سەوز دەبێت

ژنی هەوەسباز، کە تاقەتی لە خۆشویستنی پیاوێک دەچێت، ئیدی هەموو لایەنە باشەکانی ئەو پیاوەشی لەبیر دەچێتەوە و بە ئاسانی دەیگۆڕێت بە پیاوێکی دیکە. ژنی وا، تا دوا هەناسەیشی هەر پێی وایە، توانای ڕاکێشانی سەرنجی پیاوانی هەیە و وای بۆ دەچێت، زەمەن دەسەڵاتی ئەوەی نییە، ڕووخساری ئەویش، وەک هی ژنانی دیکە، پڕ بکات لە چرچولۆچ. ژنی وا، شوێنەواری پیری، بە سیمای هاوتەمەنەکانییەوە دەبینێت، بەڵام ددان بە پیربوونی خۆیدا نانێت. ژنی وەها، هەست بەوەیش ناکات، ئەو جۆرە پۆشاکەی لە تافی لاویدا، جوانییەکانی، گەش نیشان داوە، هەمان پۆشاک، بۆ تەمەنی پیری، بە پێچەوانەوە دەکەوێتەوە. ژنی هەوەسباز، هەوڵی بۆ ئەوەیە، زۆرترین پیاو شەیدای ببن و هاوزەمان پێوەندیی بە زۆرترین پیاوەوە هەبێت. ژن هەیە، هەوەسباز نییە، تەنیا حەزی لەوەیە ژمارەی ئەو پیاوانەی پێی سەرسام دەبن، هەمیشە ڕوو لە هەڵکشان بێت و ناوبانگی وەک جوان، بڵاو ببێتەوە و هیچی تر.

لای عاشقی شەیدا، نە هیچ دیمەنێک لە سیمای جوانی یار، دڵگیرترە و نە هیچ دەنگێکیش لە هی ئەو شیرینترە و بڕوا ناکات هەرگیز پیری، توانای ئەوەی هەبێت، زەبر لە سیمای جوان و دەنگی ناسکی یاریش بوەشێنێت. نووسەری فەرەنسایی، ژان دی لاپرویێر (١٦٤٥ _ ١٦٩٦) دەڵێت: (نازانم

کامیان زێتر شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، ژنێکی پیر کە گەنجێک لە ئامێز دەگرێت؟ یان گەنجێک کە ناچاری لە باوەشگرتنی ژنێکی بەساڵداچوو دەبێت؟) لە ڕوانگەی (لاپرویێر)ەوە، (زۆربەی ژنان، بە دەنگ هاواری دڵیانەوە دەچن و ئیدی وایش ڕەوتار دەکەن، وەک ئەو پیاوەی خۆشیان ویستووە، دەخوازێت.)

لاپرویێر پێی وایە، (لە خۆشەویستیدا، ژن بەوەفاترە، بەڵام بۆ دۆستایەتیی ڕاستەقینە، پیاو زێتر جێی متمانەیە. ئەوە پیاوە وا دەکات کە ژنان کەمتر یەکیان خۆش بوێت و ژنی گەنج با بەوپەڕی گەرمیشەوە، پیاوێکی خۆش بوێت، کە یەکێکی لەبارتری لێ پەیدابوو، دەشێت ئەوەی دووەمیان هەڵبژێرێت. ژن ئاسانتر هانا بۆ درۆ دەبات،(*) پیاو زووتر ڕاستی دەدرکێنێت.) ژن زۆر جار هەوڵ دەدات خۆشەویستیی خۆی بۆ پیاوێکی دیاریکراو بشارێتەوە، بەڵام پیاو ڕەنگە ژنێکیشی خۆش نەوێت، کەچی وا خۆی نیشان بدات کە شەیدای بووە. پیاو لە ڕێی کۆمەڵێک بەڵێنەوە کە ڕەنگە هیچیان جێبەجێی نەکات، لە هەوڵی فریودانی ژناندایە. پیاو کە ژنێک وازی لێ دەهێنێت، خراپ هەڵدەچێت و زوو هێور دەبێتەوە، وەلێ ژن، کە پیاو لێی دوور دەکەوێتەوە، هەڵناچێت، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ گێنگڵ دەدات. لاپرویێر دەڵێت: ئەگەر ژن، سست و خاو بوو، بە هۆی ئەوینەوە چالاک دەبێت، ئەگەر ژنێکی چالاک، خووی دایە تەنبەڵی، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی تووشی داوی دڵداری بووە.

ئەوە زۆر زەحمەتە، دەست لەو خۆشەویستییە بەر بدەین کە لە یەکەمین نیگاوە، سەری هەڵداوە. ئەو خۆشەویستییەی وەک دۆستایەتی، هێدی هێدی بەهێز دەبێت، بەرەو ئەوە ناچێت، ببێت بە ئەوینێکی ئاگرین.

ئەوانەی هەر لە سەرەتاوە، زۆر بە گەرمی یەکیان خۆش دەوێت، خۆیان ڕێ بۆ ئەوە خۆش دەکەن، خۆشەویستییەکەیان هێدی هێدی بەرەو ساردوسڕی و ڕەنگە کوژانەوەیش بڕوات. زۆر جار ژن بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە هەوێنی ساردبوونەوەی خۆشەویستییە، بەڵام ڕەنگە ساردوسڕیی ژن، زادەی ئەوە بێت، کەسێکی گونجاوی دەستگیر نەبووبێت، خۆشەویستیی ناخی بێدار بکاتەوە. ئینسان وەک چۆن ناتوانێت، خۆشەویستی نەکات، هەروایش ناتوانێت، تا دەژی هەر بە هەمان گەرموگوڕییەوە عاشق بێت. وەک چۆن ئینسان کە دەست بە گریان دەکات، دواتر ژیر دەبێتەوە، دەشێت ڕۆژێک سەرچاوەی ئەوینیشی وشک ببێت.

کارەسات ئەوەیە، یەکمان خۆش نەوێت و هەر سەرزارەکی هەستی خۆشەویستی بۆ یەک دەرببڕین، عاشقی یەکدی نەبین و ڕۆڵی عاشق بۆ یەکدی نمایش بکەین. لەوەیش کارەساتتر ئەوەیە، ساڵانێک هەوڵمان دابێت، سەرچاوەی خۆشییەکانی کەسێک بین، بەڵام دواتر بە پێچەوانەوە، هەوڵ بدەین ببینە هەوێنی هەموو ناخۆشییەکانی. عاشق کەسێکە ئەگەر سەدان چاکەیشی لەگەڵ مەعشووقەکەیدا کردبێت، هەرگیز یەکێکیان بە چاویدا نەداتەوە. کە کەسێکمان بینی، بەردەوام گلەیی و گازندە دەکات، لە هیچ ڕازی نییە و کەسی خۆش ناوێت، دەبێت دڵنیا بین، ئەوانە نیشانگەلێکن بۆ ئەوەی، کەسێ نییە، ئەوی خۆش بوێت.

کە دەروون لە ڕێی هەستەکانەوە، دەرک بە شتێک دەکات، ئیدی بە خەم یان بە شادی، کە دەبێتە قین یان خۆشەویستی، بەرهەمی دەهێنێتەوە، یان ڕەنگە دەروون بێلایەن بوەستێتەوە. ئەگەر عەقڵ چێژی لە شتەکە بینی، دەروون شاد دەبێت، ئەگەر نا، خەم دایدەگرێت. ئەوین شادی بەرهەم

دەهێنێت و قینیش خەفەتی لێ سەوز دەبێت. نزیکەی هەموو هەڵچوونەکانی دەروون، لە ئەنجامی ڕق یان خۆشەویستییەوە ڕوو دەدەن. هەڵچوونەکانی ئینسان لە پیریدا هێندە لاواز دەبن، تا ئەو ئاستەی، کەسانی بەساڵداچوو، ڕەنگە چێژوەرگرتن بە هەڵە و بوێری بە سەرچڵی لێک بدەنەوە.

ڕەنگە چەندان پیاو شەیدای هەمان ژن ببن، یەکێکیان ڕەنگە بۆیە دڵی بچێتە سەری، چونکە بە ژنێکی عاقڵی بزانێت، یەکێکی تریان لەبەر پاکژییەکەی شەیدای ببێت و سێیەمیش لەبەر لایەنێکی دیکەی کە دەشێت لای دووانەکەی تر، ئەوە یەکێک بێت لە کەموکوڕییەکانی. ئینسان شەیدای کەسێک دەبێت کە لەو نموونەیە دەچێت، لە زەینی خۆیدا وێنەی کێشاوە. جوانی، زیاتر پێوەندیی بە کەسایەتییەوە هەیە، کە دەتوانین ناوی لێ بنێین، جوانیی ڕۆح. جوانیی ڕۆح، هەست ناسمێت، لەگەڵ عەقڵدا دەدوێت، ئەگەر بە ئەوینی وا بڵێین، ئەوینێکی پاکژ، بە هەڵەدا ناچین.

ژن زیاتر بڕوای بەو وەهمە هەیە، کە خۆشەویستەکەی جوانترین، بالاترین، چاکترین، دلۆڤانترین و بەوەفاترین کەسە. ژن بۆ خۆشەویستی بەئەمەکترە، یان پیاوی خۆش ناوێت، یان بە تەواوی شەیدای دەبێت، بەڵام پیاو زیاتر بە زەبری حەز، دەستپێشخەری دەکات و عەودالی چێژوەرگرتنە، کەچی چێژوەرگرتن لای ژن، لە دوای خۆشەویستییەوە دێت. ژن (پاک)ترین شت کە خۆشەویستییە بە پیاوی دەبەخشێت، بەڵام پیاو چێژ بە ژن دەبەخشێت کە لە ڕوانگەی خەڵکانێکی زۆرەوە، بە (پۆخڵ) لە قەڵەم دەدرێت. زێتر ئەوە پیاوە، هەوڵ دەدات ئارەزووی ژن ببزوێنێت، نەک بە پێچەوانەوە، وەک بابسالاران بانگەشەی بۆ دەکەن.

دۆستایەتی و خۆشەویستی خوشک یان برای یەکترین، وەک چۆن گەلێک لیریک، بەرهەمی ڕۆحە و بە ئاستەم پێوەندیی بە جەستەوە هەیە، یان هەر نییەتی، دۆستایەتیی ڕاستەقینەیش، پێوەندییەکی وەها بالا و ڕۆحییە. شاعیری ڕۆمانتیکی ئەڵمانیایی، جوزیف جوریس پێی وایە: (خۆشەویستی لای پیاو، لە قووڵایی ناخەوە هەڵدەقوڵێت، وەک زریان بەگوڕ دێت، جەستەی وەک فوسفۆر دادەگیرسێنێت و ئیدی هێدی هێدی بەرەو ناخی دەکشێتەوە. ژن با لە ناخیشەوە تەواو داگیرسا بێت، توانای ئەوەی هەیە، بە هێوری پێشوازی لەو زریانی ئەوینەی پیاو بکات.) ئەگەر خۆشەویستی لە کن پیاو وەک گڕکانێک وابێت لە سەروەختی هەڵچووندا، ئەوا لای ژن وەک ئەو زەوینلەرزانە وایە، کە بێ ئەوەی خۆیان پیشان بدەن، ناخی زەوین دەهەژێنن.

وەک چۆن دوو جەمسەرە دژ بە یەکەکەی موگناتیس، بەرەو لای یەکدی دەکشێن، ژن و پیاویش بەردەوام بە زەبری خۆشەویستی، لە یەکدی نزیک دەبنەوە. دەشێت خۆشەویستی لە نواندنی ڕەوتارێکی دلۆڤانانەوە دەست پێ بکات و بە چێژوەرگرتن کۆتایی بێت، یان دەشێت چێژوەرگرتن بەرەو خۆشەویستی بڕوات و بە دۆستایەتی دوایی بێت. پێوەندیی نێوان ژن و پیاو، کاتێک دەگاتە دوندی خۆی، کە لەسەر بناغەی (حەز) و (خۆشەویستی) و (دۆستایەتی) ڕۆ نرابێت.

جوزیف جوریس پێی وایە پیاو جەمسەرە گەرمەکە و ژنیش ساردەکەیە، سەروەختی خۆشەویستی، هەردووکیان لە دەرەوەی خۆیان بە دوای جوانیدا وێڵن و جوانی بە یەک دەبەخشن. لە خۆشەویستیدا، هێزی پیاو، جوان خۆی نمایش دەکات و جوانیی ژنیش، دەبێتە لایەنی بەهێزەکەی.

هەندێک نەخش و نیگار هەن پشت بە بەرزایی و قوولایی دەبەستن، لە خۆشەویستیدا بەرزاییەکان جوانیی پیاو و قوولاییەکان جوانیی ژن نیشان دەدەن و بە هەردوو جوانییەکە، گونجاندن و هاوسەنگییەکە دێتە ئاراوە. کە ژن و پیاو وەک جەستە لە یەکدی نزیک دەبنەوە، ئەوە زادەی گەڕانە بە دوای ئازادیدا، ئازادییەک کە هەر یەکێکیان لەوی تریاندا دەیبیننێتەوە و بێ یەکتری، نە هەست بە ئازادی دەکەن و نە توانای ڕاگرتنی هاوسەنگیی خۆیان هەیە.

**(فاسق)** پێی وایە، ژن کۆیلەیەکە بۆ ئەوە خولقاوە، گڕی ئارەزووی پیاو دابمرکێنێتەوە، بەڵام (**عاشق**) وای بۆ دەچێت، جوانیی ژن دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە و دەبێت ڕۆح، بێ یەک و دوو ملی بۆ کەچ بکات. لای عاشق کە تاڵەتیشکێک بە ئاوێزەی جوانیی ژندا تێ دەپەڕێت، دەبێتە هەزاران چەپکەتیشکی دڵڕفێن. خەیاڵی عاشق گەردبینێکە، هەموو جوانییەکانی ڕۆح و جەستەی ژن، لە تیشکۆی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.(**)

ئینسان دەتوانێت، ئەسپ و حوشتر، یان باخ و خانووی هەبێت، بەڵام مافی ئەوەی نییە ئینسانێکی دیکە، با ژن یان مێردیشی بێت، بە موڵکی خۆی بزانێت. ئەگەر پیاو ژنی بە موڵکی خۆی زانی، ئیدی لەوێوە کۆیلایەتی و کۆت و ستەم دەست پێ دەکات. هەندێک جار خۆشەویستی وەک جۆرێک لە نەخۆشیی دەروونیی لێ دێت، بە تایبەتی ئەگەر دڵدار، دڵخوازەکەی بە موڵکی خۆی بزانێت و پێی وابێت، ئەو پێوەندییە، بە چاوپۆشین لە هەموو شتێک، هەر دەبێت بەردەوامیی هەبێت. عاشق مافی ئەوەی نییە، وا بیر بکاتەوە دڵخوازەکەی لە پێناوی بەختەوەریی ئەودا خولقاوە، تەنانەت ئەگەر کەسی دڵخواز، خودی خۆی، بێ هیچ

زۆرەملێیەکیش وای بیر کردەوە، پێویستە عاشق هەوڵ بدات فێری بە ئازادیی ژیانی بکات، ئاخر ئینسان دەبێت لە دژوارترین هەلومەرجیشدا، خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و خۆی سەروەری خۆی بێت.

گۆتە (١٧٤٩ _ ١٨٣٢) لە ڕۆمانی (خزمایەتییەکی خۆویستانە)دا، باس لەوە دەکات، (خۆشەویستی: بەرەو لای یەک چوونی لەیەکچووەکانە، بەڵام هاوسەرگیری: بەرەو لای یەکچوونی لەیەکنەچووەکانە،) ئاخر ئەوی بایەخی تەواو بە ژیان بدات، پێی باش نابێت لەگەڵ کەسێکدا بژی کە هەر دووبارەبوونەوەی خودی خۆی بێت، بەڵکوو بە دوای کەسێکدا دەگەڕێت لە خۆی جیاواز بێت و ئەوەی لە خۆیدا نوقسانە، بە هۆی هاوژینەکەیەوە تەواوی بکات، بۆیە پیاوێکی سەرچڵی هەوەسباز، نابێت بە دوای ژنێکی لە چەشنی خۆیدا بگەڕێت، دەبێت شەیدای ژنێکی هێوری سەنگین ببێت. ئەگەر ژن و مێرد لە یەکدی بچن، زوو لە ئاستی یەکدی سارد دەبنەوە و ئەگەری ئەوە زۆرە ئەوینی نێوانیان، بە قین لە یەکدی بوونەوە، دوایی بێت.

ئێرۆس کە ئەوینی سێکسییە، نەک هەر دەشێت فریومان بدات، بەڵکوو ڕەنگە بە جۆرێک ئازادیمان لێ زەوت بکات، بمانکات بە کۆیلەی خۆی. کێشەی ئێرۆس ئەوەیە، هەر پێوەندیی بە جەستەوە نییە، دزە دەکاتە ناو دەروونیشەوە و دەشێت گرێی دەروونیمان بۆ دروست بکات. ئینسان کە زیندەوەرێکی سێکسییە، زیندەوەرێکی ناتەواوە، نیو زیندەوەرە، بەردەوام بە دوای نیوەکەی دیکەیدا وێڵە. ئاڵۆزیی سێکس لەوەدایە، کە تەنیا هەر بە کۆئەندامی زاوزێوە پێوەست نییە، پێوەندییەکی قووڵ و پتەوی، بە هەموو جەستەوە، بە ئاوەزەوە، بە هەستەوە و بە نەستیشەوە هەیە.

لایەنێکی ئاڵۆزی دیکەی ئێرۆس ئەوەیە کە شتێکە وەک وەهم، ئەوە نییە، با دڵخواز کەسێکی دزێویش بێت، لە ڕوانگەی ئەویندارەوە، هەر لە شاجوان دەچێت. عیشق چونکە سەرسامبوونە بە جوانییەکی باڵا، بۆیە هەڵکشانە بەرەو بەرزایی و ئینسان بە هۆیەوە شاگەشکە دەبێت، تەواو هەر وەکوو داهێنانێکی تۆمار کردبێت، بەڵام ئەوینی سێکسی، زێتر لە کۆششی دۆڕاوان دەچێت، بۆ گەڕان بە دوای قەرەبوودا، بۆیە ئەوینێکی داکشاوە. خۆشەویستییەک هەیە، وەک بەزەیی پێدا هاتنەوە وایە، لە ئەوینی وەهادا، لایەنێکیان هەر دەبەخشێت، هیچ بۆ خۆی ناخوازێت.

لە ڕێی خۆشەویستیی هەڵکشاوەوە کە بریتییە لە خۆشەویستیی خێر و چاکە و جوانی، دەتوانین خودی خۆمان بسەلمێنین و جەستە بکەین بە بەر کەسایەتیماندا. خۆشەویستیی ئیفلاتوونی و خۆشەویستیی مەسیحییانەیش، کە ئەمیان ڕووی لە ئایدیایە و ئەویان ڕووی لە ئینسانە، دەکەونە خانەی ئەوینی هەڵکشاوەوە. لە خۆشەویستیی داکشاودا تۆوێکی بەد هەیە، ئاخر دەشێت هەم کەسی چاکەکار، وەک پێویست ڕێز لە شکۆمەندیمان نەگرێت و هەم خۆیشمان، هەست بە برینداربوونی شکۆمان بکەین.

جۆزیف برۆدۆن (١٨٠٩ _ ١٨٦٥) کە سۆشیالیستێکی فەرەنسایی بوو، دەیگوت: (خۆشەویستی وەک مردن وایە،) ئاخر کەس نییە، دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت خۆی لە ئەوین یان لە مەرگ قوتار بکات، با هیچ توانا یان بەهرەیەکیش شک نەبەین، لە بواری ئەویندا ئەزموونێکمان هەیە، یان دەبێت، مردنیش وایە، ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر تووشی دەبین، ڕەنگە جیاوازییەکەیان هەر ئەوەبێت، تەنیا یەک جار بە ئەزموونی مردندا تێ دەپەڕین، بەڵام دەشێت چەندان جار ئەوین تاقی بکەینەوە.

هاوسەرگیری شتێکە سەر بە مرۆڤایەتی، بەڵام خۆشەویستی تایبەتە بە خودی تاکێک. خۆشەویستی پێوەندیی بە وەچە خستنەوەوە نییە، ئەوە سێکسە کە وەچەی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام سێکس نە گوناهە، نە پۆخڵ، بەڵکوو چونکە سەرچاوەی ژیانە و ئەگەر لە خۆشەویستییەوە هەڵبقوڵێت، کردەیەکە پاک و پیرۆز. سێکس وەک چۆن دەتوانێت ئینسان بکات بە کۆیلەی خۆی، دەشێت هەوێن و سەرچاوەی داهێنانیش بێت. وەک چۆن دەشێت، بەدترین ڕەوتار پێوەندیی بە سێکسەوە هەبێت، هەر وایش دەشێت، باڵاترین شاکار، زادەی ئێرۆس بێت، ئەوە نییە ئێرۆس ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی داهێنەراندا گێڕاوە؟

ئایا کۆمەڵگە مافی ئەوەی هەیە، دەست وەربداتە ناو ژیانی سێکسیی تاکەوە؟ ئایا خۆشەویستی کە بوارێکی تەواو تایبەتییە، کۆمەڵ هەقی ئەوەی هەیە، بە کۆت و پێوەند و قەفەز بە گژیدا بچێتەوە؟ پیردیایڤ (١٨٧٤ _ ١٩٤٨) کە فەیلەسووفێکی ڕووسە، دەڵێت: (چونکە خۆشەویستی پێوەندیی بە دوو کەسەوە هەیە، هەمیشە کەسی سێیەم لەو بوارەدا زیادەیە.) پیردیایڤ پێی وایە: پێوەندییەکی نهێنی لە نێوان سێکس و خێزان و پارەدا هەیە و دەڵێت: (ناشیرینی هاوسەرگیری لەوەدایە، ئەوەی دەبوو بە نادیار بمێنێتەوە، بۆ کۆمەڵی ئاشکرا دەکات،) ئاخر وای بۆ دەچێت: خۆشەویستی دەبێت نهێنی بێت، چونکە لەگەڵ ئاشکرابوونیدا، بەهای خۆی لە دەست دەدات.

پیردیایف دەڵێت: (پێوەندیی ئاننا کارنینا بە دۆستەکەیەوە، تاوان نییە، ئەگەر تاوانێک لە گۆڕێدا هەبێت، پێوەندیی (ئاننا)یە بە (کارنین)ی مێردییەوە، ئاخر هاوسەرگیری بەبێ خۆشەویستی، بەدڕەوشتییە، ئاخر کە

ژن و مێـرد یەکـدییان خـۆش نەوێـت، کـاریگەرییەکی نێگەتیڤـی لەسـەر منـداڵەکانیان دەبێـت.)(***) بەڵام نووسـەری ئینگلیـز، کلایـف لـویس (١٨٩٨_١٩٦٣) دەڵێت: (من پێم وا نییە، هاوسـەرگیری بەبێ خۆشەویسـتی، عەیب و عـار بێت، ئـاخر ئەگەر هەمـوو ئەوانەی، بەبـێ ئەویـن لەگەڵ یەکدا جـووت بـوون، بە پۆخـڵ و بەدرەوشـت لە قەڵەم بـدەین، کەسـێکمان نـامێنێتەوە، شـانازی بە پێشـینەی خـۆیەوە بکـات، ئـاخر باووبـاپیرانی هەمووەمـان، کەسـوکاریان ژنیـان بـۆ دەستنیشـان کـردوون و وەچەخسـتنەوە لایـان، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ وەچەخستنەوەی زیندەوەرانی دیکەدا نەبووە.)

---

(١) جان دی لابروییر، الطبائع أو أخلاق عصرنا.

(٢) جولیان أوفرای دي لامیتری، رسالة في النفس.

(٣) لوک دي کلابیه دي فوفینارغ، مقدمة في إدراک العقل البشري، عن الحب.

(٤) فرانس فون بادیو، من دفتر الذکریات.

(٥) جوزیف جوریس، أراء في الفن.

(٦) ألفونس فراسو دي ساد، الفلسفة في البودوار.

(٧) فریدریک شلیغل، علم الجمال، الفلسفة، النقد.

(٨) نیکولای بیردیایف، عن عبودیة الإنسان و حریته.

(٩) نیکولای بیردیایف، تأملات في الإیروس.

(١٠) کلایف ستیبلز لویس، الحب و العشق.

(*) ئەوەی کە ژن ئاسانتر هانا بۆ درۆ دەبات، زادەی ئەو ستەمەیە، پیاو لێی دەکات.

(**) ئاوێزە: مەوشوور. تیشکۆ: بوئرة. گەردبین: عەدەسە.

(***) ئاننا کارنینا، ڕۆمانێکی بەناوبانگی تۆلستۆیە، بە فیلمیش هەیە.

## (١٣)

## بەختیاریی هاوسەرگیری لە وەهم بەولاوە هیچی تر نییە

فەیلەسووفی ئینگلیز جۆن لۆک (١٦٣٢ _ ١٧٠٤) دەڵێت: (ئەوی بە ڕاستی عەودالّی گەڕان بێت بە دوای ڕاستیدا، پێویستە سەرەتا ئاوەزی لەسەر خۆشویستنی ڕاستی ڕابهێنێت، ئاخر ئەوی ڕاستی خۆش نەوێت، خۆی لە پێناوی دۆزینەوەیدا ماندوو ناکات.) نووسەری فەرەنسایی ئەنتوان ڕیفارۆل (١٧٥٣ _ ١٨٠١) پێی وایە: (ئاوەزی ئینسان دەرک بە دوو جۆر لە ڕاستی دەکات، جۆرێکیان ئەوانەن کە دەبێت بگوترێن و جۆرەکەی تریشیان ئەوانەن کە بۆ گوتن ناشێن.)

ئەوین بەشێک لە ژیانی پیاو پێک دەهێنێت، بەڵام هەموو ژیانی ژن داگیر دەکات، بۆیە دەشێت دەستێکی کوشندەی لێ بوەشێنێت. زەبری ئەوین، زیاتر ئەو کاتە جەرگبڕ دەبێت کە تاکلایەنە بێت. ئەوین داگیرکارێکە پێ بنێتە خاکی ژیانی هەر ئینسانێکەوە، دەستبەجێ وای دەگۆڕێت وەک دەخوازێت. ئەو چێژەی عاشق بە دوایدا وێڵە، تەنیا لای خۆشەویستەکەی پەیدا دەبێت، یان دروستتر، عیشق جیاوازیی نێوان چێژبەخشین و چێژوەرگرتن دەسڕێتەوە، ئاخر کە دوو کەس عاشقی یەکدی دەبن، وەک یەک کەسیان لێ دێت و ئیدی ئەمیان وا هەست دەکات، ئەوی تریانە. نووسەری ئەمریکایی چارڵز ویلیامز (١٨٨٣ _ ١٩٦٣) دەڵێت: (من بێجگە لە تۆ، هیچی دیکە نیم، ئیدی پێویست دەکات، پێت بڵێم، خۆشم دەوێیت!)

که پیاوێک دڵی بۆ ژنێک لێ دەدات و بە ئومێدی هاوسەرگیریی لەگەڵیدا، لێی نزیک دەبێتەوە، ئەوە ئەوین نییە، حەزە، ئاخر ئەوین ڕووی لە ڕۆحی ئینسانە نەک لە جەستەی. لووتکەی کەساسی ئەوەیە، پێمان بڵێن: پێویستی بە ئافرەتێکە، چونکە لە حاڵەتی وادا، پێویستمان بە ئافرەت نییە، پێویستمان بە چێژوەرگرتنە، چێژێک کە بەبێ ئافرەت، دەستمان ناکەوێت، ئاخر عاشق پێویستی بە ئافرەت نییە، پێویستی بە ئافرەتێکی دیاریکراوە، ئەو ئافرەتەی دڵی بردووە، نەک ئەو چێژەی کە دڵبەر پێی دەبەخشێت. عیشق لە توانایدا هەیە، ئەو چێژوەرگرتنەی کە پێویستییەکی ئاساییە، بگۆڕێت بە پێویستییەکی بالای پڕ بەها، پێویستییەک کە تەنیا جەستە نا، بەڵکوو هەموو هەبوونی ئینسان داوای دەکات.

ئایا جەستە، زیندانی ڕۆحە؟ یان خۆراکی کرم؟ یان وەک خوداپەرستان دەڵێن، سەرچاوەی گوناهە؟ جەستە هەر کامێکیان بێت، عاشق ژیانێکی پڕ لە مەینەتیی نزیک لە خۆشەویستەکەی، پێ باشترە، لە ژیانێکی خۆشی دوور لە دڵبەر، ئەوە بۆیە کە دوو کەس عاشقی یەکدی دەبن، لە نێوان بە یەکەوە ژیانی ناو دۆزەخ و بە جیا ژیانی ناو بەهەشتدا، بێ یەک و دوو، پێکەوە ژیانی ناو دۆزەخ هەڵدەبژێرن، ئاخر ئەگەر وا نەکەن، هەق نییە بە خۆیان بڵێن عاشق.

ئەوین عەوداڵی هیچ مەبەستێک نییە، ئاخر ئامرازێک نییە بۆ گەییشتن بە ئامانجێک، خۆی ئامانجە. ئەوین بەو هەموو پاکژی و مەزنییەی خۆیەوە و بە چاوپۆشین لەوەی کە لووتکەی پاکڕەوشتییە، ڕەنگە هەندێک جار لە کەلاوەی خراپەکاری و تاواندا بگیرسێتەوە، ئاخر ئەوە تەنیا هەر حەز و ئارەزوو نین، ئینسان بەرەو نواندنی زەبروزەنگ و بەدڕەوتاری دەبن، بەڵکوو دەشێت عیشقێکی ڕاستەقینەی بالایش، هەمان ئەو چەوتەڕێیانە بگرێتە بەر. لایەنێکی نێگەتیڤی دیکەی ئەوین ئەوەیە، دەشێت دوو کەس یەک بخات، کە بە هیچ شێوەیەک بۆ یەکتری نەگونجێن.

کە سەرنجی بەرینیی بیابان، بەزریی ئاسمان، بالآی چیا، ڕەوتی ڕووبار و شەپۆلی زەریا دەدەین، لە مانای شکۆمەندی تێدەگەین. وەک چۆن ئەوە سروشتە لە بواری شکۆدا، دەرسمان دادەدات، ئەوە عیشقیشە فێرمان دەکات، خۆشەویستی چییە. لە هاوسەرگیریدا، عیشق بە تەنیا بەس نییە، دەبێت فێریش ببین، بەردەوامی بە عیشق بدەین و بزانین هەمیشە پاکی ڕابگرین. خۆشەویستی جۆری زۆرە، بەڵام تەنیا ئەوە عیشقی بالآیە، کە هەر وەک خوداوەند بێت، خۆویستانە دەبین بە کۆیلەی. پیاوانی ئایین بە پاساوی ئەوەی بەرەو بتپەرستیمان دەبات، سڵ لە عیشقی بالآ دەکەنەوە و ترسی ئەوەیان هەیە، عاشقان یەکتریان لێ ببێتە خوداوەند.

شاعیری ئینگلیز جۆن میلتۆن (١٦٠٨ _ ١٦٧٤) لە (بەهەشتی بزربوو)دا دەڵێت: (خۆشەویستی شەریعەتی خۆی هەیە، شەریعەتێک کە یاخیبوون لێی، گەورەگوناهە و لادانە لە ڕێی ڕاست. عاشقان ئایینی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئایینێک کە نە لە ئاسمانەوە دابەزیوە و نە لە کتێبێکدا خڕ کراوەتەوە.) نووسەری فەرەنسایی، بینیامین کونستان (١٧٦٧ _ ١٨٣٠) دەڵێت: (دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەک بە سەر سەرهەڵدانی خۆشەویستییەکەیاندا، عاشقان وا هەست دەکەن، ڕابردوویەکی دووردرێژی هاوبەشیان هەیە و بەوپەڕی ڕێزەوە بۆی دەڕوانن.) لە ڕوانگەی نووسەری ئینگلیز (کلایف لویس ١٨٩٨ _ ١٩٦٣)ەوە: (ئەوە بەندێکە لە شەریعەتی خۆشەویستی، کە دەشێت عاشق لە پێناوی ئەویندا، واز لە دایک و باوکی بهێنێت، دەستبەرداری ماڵ و منداڵی ببێت و نزیکترین دۆستی فریو بدات. عیشق وەک باوکی ڕۆحیمان وایە، لەبری ئێمە بڕیار یان بەڵێن دەدات، ئێمەیش غەیری جێبەجێکردنی، هیچی دیکەمان لە دەست نایە.)

سارتەر دەڵێت: (ستەمکار هەوڵ دەدات لە ڕێی تۆقاندنەوە، خۆشەویستیی ڕەعیەت مسۆگەر بکات، بەڵام عاشق بۆ ئەوەی خۆشەویست بێت، هانا بۆ بە کۆیلەکردنی دڵبەر نابات.) عاشق نە خۆی لێ دەبێت بە خاوەنکۆیلە، نە وەک کۆیلە سەرنجی خۆشەویستەکەی دەدات. خەباتی عاشق بۆ ئەوە نییە لە ڕوانگەی دڵبەرەکەیەوە، شتێکی گرنگ بێت، بۆ ئەوەیە لای یار، هەموو شتێک بێت، بەڵام عیشق ئەوە نییە، خۆمان بەسەر کەسێکدا کە خۆشمان دەوێت، بسەپێنین، عیشق ئەوەیە دڵبەر بەوپەڕی ئازادییەوە، ئێمەی بە خۆشەویست هەڵبژاردبێت. لای سارتەر، (ئەوی خۆویستانە دەستبەرداری ئازادیی خۆی دەبێت، مەعشووق نییە، بەڵکوو لە هەوڵی ئەوەدایە، ببێت بە مەعشووق، عیشقیش ئەوەیە، دڵدار و دڵبەر دووانەی ڕۆحی بن و بۆ یەکدی خولقابن.)

قەدیس ئوگەستین (٣٥٤ _ ٤٣٠) دەڵێت: (کە جەستە ملکەچی ئینسان نابێت و تووشی شەرمەزاریی دەکات، هەق وایە لەسەر ئەو یاخیبوونەی جەستە، ئینسان خەڵات بکرێت، نەک سزا بدرێت.) مارتین لۆسەر (١٤٨٣ _ ١٥٤٦) کە ڕیفۆرمی لە کریستیانیزمدا کرد، پێی وابوو، ئەگەر ئینسان ئازادانە و بەبێ هیچ گوشارێک هەڵسوکەوتی کردبێت، ئەوا لە ڕەوتاری خۆی بەرپرسە. ئایینی عیسا داوا لە ئینسان دەکات، هەر کەس بە شکۆمەندییەوە لە جامی تایبەتیی خۆیدا بخواتەوە و لە زیناوە بەدوور بێت. هەرچەندە بە گوێرەی کریستیانیزم، هاوسەرگیری لە پێناوی وەچە خستنەوەدایە، کەچی ئەگەر ژن نەزۆک بوو، پیاو مافی ئەوەی نییە لێی جودا ببێتەوە و ژنێکی دیکە بخوازێت، ئاخر ئەگەر وای کرد، ئەوسا هەر جووتبوونێکی لەگەڵ ژنی دووەمدا بە زینا لە قەڵەم دەدرێت. ژنیش مافی ئەوەی نییە لە مێرد جودا ببێتەوە و شوو بکاتەوە، ئاخر ئەوسا بۆ ئەویش، جووتبوون لەگەڵ مێردی نوێدا، بە زینا دەژمێردرێت. ئینجیل وەک کردەیەکی پۆخڵ سەرنجی سێکس دەدات، ئەوە نییە، لە دایکبوونی عیسا،

بێ جووتبوون ڕووی داوە؟ ئەوە نییە مەریەم و یوسف، ئەگەرچی ژن و مێرد بوون، بەڵام لەگەڵ یەکدیدا جووت نەبوون؟

فرێدریک ئێنگڵس دەڵێت: (کە کەنیسەی کاسۆلیک لێک جیابوونەوەی ژن و مێردی حەرام کرد، سووریش دەیزانی خۆپاراستن لە ناپاکیی هاوسەرگیریی، وەک هەڵاتن لە مردن، مەحاڵە، ئاخر تاک ژنومێردایەتی، تا سەر ئێسک وەڕزکەرە و ئەوە لە وەهم بەولاوە هیچی تر نییە، کە پێی دەڵێن بەختیاریی هاوسەرگیری.) ئێنگڵس وای بۆ دەچێت: (هاوسەرگیرییەک کە تێیدا تەنیا بەرژەوەندی، ژن و مێردی کۆ کردبێتەوە، هەندێک جار بۆ هەر دوو لا، ئەوەندە قێزەونە، تا ئاستی بازرگانیکردن بە سێکسەوە. گەلێک جاریش بۆ ژن، جیاوازیی سێکسفرۆشتن و هاوسەرگیریی مەسڵەحەت ئەوەیە، لە یەکەمیاندا، لەشفرۆش بۆ هەر کەڕەتێک، کرێیەکی دیاریکراو وەردەگرێت، بەڵام لە دووەمیاندا، بۆ هەتا هەتایە لەشی دەفرۆشێت، بەڵام تەنیا یەک جار کرێ وەردەگرێت.)

ئێنگڵس هەرچەندە دەڵێت: (گوێزانەوە لە هاوسەرگیریی بەکۆمەڵەوە بۆ تاک هاوسەرگیری، هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانە بوو، بە دەستپێشخەریی ژن سەری هەڵدا،) بەڵام وایشی بۆ دەچێت: (بازرگانیی سێکس و تاک هاوسەرگیری، هەرچەندە دوو شتی جیاواز و دژ بە یەکن، بەڵام هەردووکیان دوو جەمسەری یەک هەلومەرجی کۆمەڵایەتین و بە لەناوچوونی ئەمیان، ئەوی تریشیان لە بەین دەچێت.) لە ڕوانگەی ئێنگڵسەوە، تا لە ڕووی ئابوورییەوە مێرد سەروەر بێت، لە هاوسەرگیریشدا سەروەر دەبێت و ئەوە هۆکاری ئابوورییە، ژن ناچار دەکات بە هاوسەرگیرییەک کە جۆرێکە لە کۆیلاتی قایل ببێت و چاویش لەو ناپاکییانە بپۆشێت کە مێرد لێی دەکات. ئەگەر هاوسەرگیری تەنیا ئەو کاتانە لە ڕووی ڕەوشتەوە پەسەند بێت، کە لەسەر

بناغەی خۆشەویستی ڕۆ نرابێت بێت، ئەوا بە بزربوونی ئەو خۆشەویستییە، لە پێوەندییەکی پیرۆزەوە، دەبێت بە جۆرێک لە بازرگانیکردن بە سێکسەوە.

(وا بایەخ بە ژنەکەت بدە، وەک کەنیزەکت بێت و وایش سڵی لێ بکەوە وەک دوژمنت بێت!) واتا: هەر سەرزارەکی نەک لە دڵەوە، ڕێزی لێ بگرە و هەرگیز متمانەشت پێی نەبێت. ئەمە ئەو مۆچیارییەیە کە پیاوی بابسالار وەک ئەڵقە لە گوێی کردووە. (حەزم لەو جۆرە ژیانەیە کە هیچ کۆتێک لە گەردنمدا نەبێت.) ئەمەیان قسەی دڵی ژنێکە، بڕوای بە ئازادیی سێکس هەبێت. فەیلەسووفی ئینگلیز، فرانسیس بیکۆن (١٥٦١ _ ١٦٢٦) پێی وایە: (ئەوی ژن و منداڵی هەبێت، لە کن قەدەر بارمتەیە و کاری مەزنی لێ ناوەشێتەوە، ئەوە نییە هەر چی کاری بەکەڵک هەیە، کەسانێک کردوویانن کە ژن و منداڵیان نەبووە؟) بیکۆن ئەوەیشی لەبیرە، کەسانێکی زۆریش هەن، هەرچەندە بە تەنیا دەژین، بەڵام هەر بۆ خۆیان دەژین، تەنیا بیر لە خۆیان دەکەنەوە و ئەوی بایەخی پێ نەدەن، داهاتووە.

(تاقە ئافرەتێک بتوانێت پیاو بگەوجێنێت، ژنەکەیەتی.) لاپرۆییر کە خاوەنی ئەو گوتەیەیە، دەپرسێت: بە ڕاست ئەوە جێی باوەڕە، هێشتا ئامرازێک دانەهێنرابێت، ژن ناچار بکات، مێردی خۆش بوێت؟ نیکولا دی شامفوور دەڵێت: وەک چۆن ڕۆمان خۆشترێکە لە کتێبی مێژوویی، هەر وایش خۆشەویستی خۆشترێکە لە هاوسەرگیری، ئاخر کە خۆشەویستی بە هاوسەرگیری کۆتایی دێت، وەک کۆتاییهاتنی ئاگرە بە دووکەڵ.

بۆنهیڤەر دیتریش (١٩٠٦ _ ١٩٤٥) کە لاهووتییەکی پرۆتستانتی ئەڵمانیاییە، دەڵێت: (هاوسەرگیری لە خۆشەویستی گەورەتر و باڵادەستتر و بەشکۆتریشە، چونکە خودا ڕێسای بۆ داڕشتووە و ئینسان دەتوانێت بە هۆیەوە تا ڕۆژی قیامەت، پارێزگاری لە خۆی بکات. لە هاوسەرگیریدا ژن و مێرد دەبنە

ئەڵقەیەک لە زنجیری نەوەکان، کە بە ویستی خودا دێن و دەڕۆن. کەواتە ژن و مێرد بەرپرسیارییەتییەکی گرنگ کە پێوەندیی بە خەڵکی تریشەوە هەیە، دەکەوێتە سەر شانیان، بەڵام لە خۆشەویستیدا ژن و پیاو هەر ئاسمانی بەختەوەریی خۆیان دەبینن و پێوەندییەکەیان تەنیا موڵکی خۆیانە. هاوسەرگیری چونکە جێبەجێکردنی فەرمانی خودایە، مەحاڵە هەڵبوەشێتەوە، ئاخر ئەوەی خودا کۆی بکاتەوە، بە ئینسان جودا ناکرێتەوە.)

بە گوێرەی کریستیانیزم، ژن وەک چۆن ملکەچی خودایە، دەبێت بە هەمان شێوە، گوێڕایەڵی مێردیش بێت، مێردیش دەبێت ژنی خۆی خۆش بوێت و لەگەڵیدا توند و دڵڕەق نەبێت. ژن و مێرد کە ماڵ پێک دەهێنن، لە هەموو شتێکدا ئازادن، لەوەدا نەبێت کە ژن پێویستە گوێڕایەڵی مێرد بێت و مێردیش ژنی خۆش بوێت. ئاوڕووی ژن ئەوەیە خزمەتی مێرد بکات، شەرەفی پیاویش لەوەدا کۆ دەبێتەوە کە ژنی خۆی خۆش بوێت، ئەگەر وا نەکەن، شەرمەزار دەبن.

لە کن نیکۆلای پیردیایڤ، (خێزان کە بە پلەی یەکەم شانەیەکی بەرهەمهێنە، دەزگایەکی دونیاییە، لە پێناوی دابینکردنی ئارامی و خۆشیی تاکدا هاتووەتە گۆڕێ و ڕێکخستێکی بایۆلۆگی و کۆمەڵایەتیشە، بۆ پاراستنی جۆری ئینسان. خێزان زادەی ئازادی نییە، بەرهەمی پێویستییە، سەرهەڵدانی خێزان، لە ئەنجامی ملکەچکردنەوەیە بۆ گوناهی جووتبوون و باجێکی ڕەوشتییە بۆ پاکژکردنەوەی ئەستۆ لە هەڵەی کردەی سێکس.)

کە کتێبێک سەرنجمان کەمەندکێش دەکات، ئیدی لە گۆمی خوێندنەوەیدا وەها نوقم دەبین، هەموو شتێکی دیکە فەرامۆش دەکەین، ئەوینیش وەهایە کە

تووشی دەبین، ئەرکەکانی سەر شانمان لە بیر دەچێتەوە. ئینسان کە لەناکاو تووشی کارەساتێک دەبێت، توانای ئەوەی هەیە ددان بە خۆیدا بگرێت، هاوسەنگی لە دەست نەدات و خۆی شەرمەزار نەکات، بەڵام کە خۆی بە دەست ئارەزووەوە دەدات و دەبێتە کۆیلەی حەز، ئیدی توانای پارێزگاریکردنی لە سەنگینیی خۆی نامێنێت و لەبەردەم سوڵتانی چێژدا بە چۆکدا دێت و ئەگەری ئەوە زۆرە، ببێتە مایەی گاڵتەجاڕی. نیتشە دەڵێت: (ئەو خەڵکە بۆیە هێندە لەسەر جێبەجێکردنی ئیشوکاریان سوورن، چونکە لەو ڕێگەیەوە لە دەست وەڵامدانەوەی پرسیارە گرنگەکان هەڵدێن.) ڕەنگە خۆ سەرقاڵکردنیش بە خامۆشکردنەوەی ئاگری ئارەزووەوە، جۆرێک بێت لە هەڵاتن، لە بەرسیڤدانەوەی پرسیارە بایەخدارەکان.

---

(١) کلایف ستیبلز لویس، الحب و العشق.

(٢) جان بول سارتر، الموقف الأولي تجاه الأخر.

(٣) القدیس أوغسطین، عن الزواج و الشهوة.

(٤) میشیل دی مونتین، محاولات.

(٥) فرنسیس بیکون، دروس أخلاقیة عن الزواج و العزوبیة.

(٦) فریدریک أنجلس، اصل العائلة والملکیة الخاصة والدولة.

(٧) دیتریخ بونهیفر، المقاومة والخضوع.

(٨) نیکولای بیردیایف، الزواج والأسرة.

(٩) جون لوک، محاولة في الفهم الأنساني.

(١٠) بلیز باسکال، خواطر.

## (١٤)

# خۆشەویستیی نیشتمان

کـــۆچی باڵنـــدە زادەی خۆشەویســـتییە بـــۆ نیشـــتمان، ئەوە نیـــیە کە دەگەڕێـتەوە، هەمـان جـێ دەکـاتەوە بە هـێلانە؟ ڕووەک لە زێـدی خـۆی دووری بـخەیەوە، وەک پێویسـت گەشـە ناکـات و ڕەنـگە نەک هەر سـیس ببێـت، بەڵکـوو وشـکیش هەڵبگەڕێـت. ئـاژەڵ هەیە، مـردن هەڵـدەبژێرێت و وەتەنی خۆی جێ ناهێڵێت، ئـاخر دەزانێت، ئەگەر لە ژینگەی خـۆی دوور بکەوێتەوە، ڕەنگە نوستالژیا بیکوژێت. ئینسانیش وەک گەلێک زیندەوەری دیکە، بە سەلیقە و خۆڕسکانە نیشتمانی خۆش دەوێت، بەڵام خۆشویستنی نیشتمان لای ئینسان، پێویستە لە هۆشیارییەوە سەرچاوە بگرێت.

بەشـێک لە بەرهەمـی ئەدەبی، بە ئەفسـوونی خۆشەویسـتیی نیشـتمان نووسـراوە، ئـاخر هەمـوو نیشـتمانێک خۆشەویسـتە، بـا بیابـانێکی قـاقڕی

بەرینیش بێت. بەشێک لە ئەدەبی بالآ، زادەی خۆشەویستیی نیشتمانە، بەڵام هەر بەرهەمێک بە پاڵنەری قین لە نیشتمانێک یان میللەتێک نووسرابێت، ناکەوێتە خانەی ئەدەبی باڵاوە. هیرمان هیسە دەڵێت: (ڕەنگە ئەدیبێک پەیدا نەبێت، شانازی بەو بەرهەمانەیەوە بکات، کە بە زەبری قین نووسیونی.) هەندێک بە پاساوی ئەوەی، نە سروودی بۆ نیشتمان نووسیوە و نە هەستێکی گەرموگوڕی بەرانبەر بە وەتەن نیشان داوە، دەیانگوت گۆتە، نیشتمانپەروەر نەبووە، هەرچەندە ڕاستییەکەی ڕەنگە کەس هێندەی ئەو شاعیرە مەزنە، ئەڵمانیای خۆش نەویستبێت، بەڵام خۆشویستنی مرۆڤایەتی لە کنی، لەسەروو خۆشویستنی گەلی ئەڵمانەوە بووە.

ئەوە خۆشویستنی نیشتمانە وا دەکات بیابانشینێک وابەستەی وەتەن بێت، ئەگەر نا خۆ بیابان، بە دەگمەن خێر و فەڕی بۆ دانیشتووانی هەیە، یان هەر نییەتی و ژیانیش تێیدا هەتا بڵێیت دژوارە. ئاسکیمۆ کە لە باکووری سیبریا دەژین، نیشتمانیان پارچە سەهۆڵێکی زەبەلاحە بەسەر زەریایەکی بەرینەوە، بەڵام هێندەیان خۆش دەوێت، هەر لەوێ لە دایک دەبن و دەژین و دەمرن. خۆشەویستیی نیشتمانیش هەر لە عیشق دەچێت، بە لۆگیک لێک نادرێتەوە، ئەگەر نا بیابانشینان و ئاسکیمۆ هێندە هۆگر و شەیدای زێدی خۆیان نەدەبوون.

دەڵێن مەسیح بۆ ئورشەلیم گریاوە، بەڵام زێدەڕۆیی لە خۆشویستنی نیشتماندا و بە عەقڵانی نەکردنی، ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، ئاخر ڕەنگە ئەو هەستە پاکژە، بگۆڕێت بۆ قینبوونەوە لە نیشتمانی میللەتانی دیکە و شەڕی نێوان دوو نەتەوەی لێ بکەوێتەوە، هەر شەڕێکیش لە

نێوان دوو نەتەوەدا ڕووی دابێت، شەڕێکی نارەوا بووە و جۆرێکیش بووە لە بەدئاکاری. ئەوانەی گەوجانە نیشتمانیان خۆش بوێت، گەوجانەیش داکۆکیی لێ دەکەن و نیشتمان بەرەو ڕووی کارەسات دەکەنەوە، بۆیە هەمیشە دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە هۆشیارانە شەیدای وەتەن ببین. سەرەتاکانی خۆشویستنی نیشتمان، لە خۆشویستنی ماڵ و ئەو ژینگەیەوە دەست پێ دەکات کە تێیدا پەروەردە دەبین، لە خۆشویستنی ئەو دیمەن و بۆن و بەرامە خۆشانەوە دەست پێ دەکات کە هۆگریان دەبین و لە خۆشویستنی ئەو گوند، شارۆچکە یان شارەوە دەست پێ دەکات کە لێی لە دایک دەبین و تێیدا گەشە دەکەین.

خۆشویستنی خێزان، هەنگاوی یەکەمە بۆ دوورکەوتنەوە لە خۆپەرستی و نزیکبوونەوە لە خۆشویستنی هاوشاری و ئینجا میللەت. خۆشویستنی میللەت، لە خۆشویستنی هاوڕێیان و ئەو ڕووخسارانەوە پێیان ئاشنا بووین، دەست پێ دەکات. ئەوی هاوشارییەکانی خۆی خۆش نەوێت، زەحمەتە میللەتی خۆش بوێت، ئەوی میللەتی خۆی خۆش نەوێت، ئەستەمە میللەتانی دیکەی خۆش بوێت. ئەوی گەل و نیشتمانی خۆی خۆش بوێت، نە قینی لە هیچ گەلێکی دیکە دەبێتەوە، نە دوژمنکارانە پێ دەنێتە خاکی نیشتمانی هیچ گەلێکی دیکەوە، ئاخر هەمیشە بیری لای ئەوە دەبێت، گەلانی دیکەیش مافی ڕەوای خۆیانە، نیشتمانی خۆیان خۆش بوێت و داکۆکیی لێ بکەن. هەرچەندە هیچ نیشتمانێک بەهەشت نییە، بەڵام هیچ نیشتمانێکیش هاوێنەی نییە، ئەوە بۆیە میللەت نییە، نیشتمانی خۆی پێ جوان نەبێت.

بەشـێک لە خۆشەویسـتیی ئـێمە بـۆ نیشـتمان، زادەی ڕابـردووی پرشنگداری میللەتە، ئەو ڕابردووەی هۆش و هەستمانی داگیر کردووە و لەو نەبەردە مەزنـانەدا خـۆی دەبینێـتەوە، گەلەکەمـان بە خـوێن تۆمـاری کـردوون، وەک خۆپیشـاندانەکەی بەردەکـی سـەرای سـلێمانی لە شەشـی ئەیلوولی ١٩٣٠دا، وەک مانگرتنەکەی گاورباغی لە ١٢ی تەمووزی ١٩٤٦دا و وەک ڕاپەڕینـی ئـاداری ١٩٩١ کە لە ڕانـیەوە سـەری هەڵـدا و هەمـوو باشـووری کوردسـتانی گـرتەوە. کە بیـر لەو دیـرۆکە ڕۆشـنە دەکەیـنەوە، گەلی خۆمان زیاتر خۆش دەوێت و زیـاتر شـەیدای نیشـتمان دەبین، بەڵام ئەگەر وا بیر بکەینەوە، نیشتمانی ئێمە لە هەموو وڵاتـانی دیکە جوانترە و میللەتی ئێمە لە هەموو میللەتانی دیکە ئازاترە، ئەوە مەرج نییە بەڵگە بێت بـۆ ڕاسیسـتیبوونی ئـێمە، بەڵام لای کەم نیشـانەیە بـۆ خۆشەویسـتییەکی ناعەقڵانی.

نە هـیچ میللەتێـک هەڵبـژادەیە و نە هـیچ نیشـتمانێک تـاقە بەهەشـتی دونیایە. دایک بە چاوپۆشین لەوەی منداڵەکەی جوانە یان نا؟ دلۆڤانە یـان نـا؟ هەر خۆشـی دەوێت. کەسـێکیش نیشـتمانی خـۆش بوێت، لە تەنگـانەدا جێی ناهێڵێت و لە سـەرکەوتن و لە تێکشکانیشـدا هەمـان خۆشەویسـتیی بـۆی دەبێـت. ئەوی نیشـتمانی خـۆش بوێـت، هەمیشـە داکـۆکی لە کێشـە ڕەواکـانی گەلەکەی دەکـات، بەڵام هەرگیـز بە پاسـاوی داکـۆکیکردنەوە لە نیشـتمان، نـاچێتە شـەڕێکەوە لەگەڵ ڕەوشـتی جـوان و بەهـا باڵاکـانی مرۆڤایەتیدا ناکۆک بێت.

فەیلەسووفێکی چیک کە یان کولار بوو، لە سـەدەی حەڤدەیەمدا دەژیـا، دەیگـوت: خۆشویسـتنی گەل، بـاڵاترە لە خۆشویسـتنی نیشـتمان، بەو

پاساوەی ئێمە ڕەنگە نیشتمانی خۆمان لە کیس بچێت و نیشتمانێکی دیکە ببینینەوە، بەڵام ئەگەر گەل و زمانی خۆمان لە دەست بدەین، هەرگیز و لە هیچ کوێیەک نایانبینینەوە، نیشتمان خاکێکە مردوو، بەڵام گەل و زمان، بە زیندوویی لە خوێنماندا دەمێننەوە و خودی ئێمە پێک دەهێنن.

ئەی وڵاتی خۆشەویستم!
من دەمارێکی گچکەی تۆم
هێندە بە تۆوە پەیوەستم
ئەوەندە لە تۆ تێ دەگەم
هەر ئازارێکت پێ بگا
دەستبەجێ هەستی پێ دەکەم.(*)

کولار دەیگوت: (خۆشویستنی نیشتمان، خۆشویستنی ئەو جێیانەیە لێیان ژیاوین، ئەم هەستە، تایبەت نییە بە ئینسان، ئاژەڵ و ڕووەکیش، هەمان هەستیان هەیە، وەلێ خۆشویستنی گەل یان زمانی دایک، پێوەندییان بە عەقڵ یان کولتوورەوە هەیە.) کە کوردستان ئەنفال کرا، سەگ بە گژ ئەنفالچییەکاندا دەچووەوە و گوندی خاپوور و چۆڵکراوی جێ نەدەهێشت. ڕەحمانینۆفی مۆسیقار، ئەو ساڵانەی لە گوندێکی سویس دەژیا، کە هەر لەو گوندە دەچوو لە ڕووسیا لێی ژیابوو، هێندەی تامەزرۆیی بۆ زێدی خۆی هەبوو، جارێکیان گوتبووی: ئەمانەی ئێرە کەی مێشوولەن؟ ئەوانەی لای خۆمان ئەگەر بتگەزن، بە ڕۆژی ڕووناک توانای بینینت نامێنێت.

له سنووری نیشتماندا
دژایەتیی یەکدی دەکەین،
ڕەنگە لەگەڵ یەکتریدا
بە شەڕیش بێین،
بەڵام ئەگەر بکەوینە
بەر پەلاماری دەرەکی
چی ناکۆکیی نێوانمانە
هەر هەمووی دەخەینە لاوە و
وەها لە دوژمن دێینە دەنگ
لە ترساندا
پەڕ و تووکی هەڵبوەری.

ئەدمیراڵ (کۆڵچاک)ی (١٨٧٣ _ ١٩٢٠) فەرمانڕەوای سەربازیی ڕووسیا، دەبێژێت: (بە گوێرەی ئەو ئەرکەی پێم سپێردرا بوو، دەبوو تا دوا تنۆکی توانام، شەڕی بەلشەفییەکان بکەم، کە لەشکرەکەم تێکشکا، هەر چی یەدەکی زێڕی ڕووسیا هەبوو، لە کن من بوو. گوتم دەبێت ئەم سامانە بکەوێتە دەست بەلشەفیکەکان، نەک چیکەکان، ئاخر هیچ نەبێت، بەلشەفییەکان ڕووسن.) ئەوە کارێکی زۆر خراپە، ئینسان کەسێک لە میحنەتدا جێ بهێڵێت، یان ناپاکیی لێ بکات، بەڵام ئەگەر ئینسان نیشتمان لە تەنگانەدا جێ بهێڵێت، یان لەوە خراپتریش، ناپاکیی لێ بکات، ئەوە تاوانێکی هێندە گەورەیە، نە بە زەبری زەمان پاک دەبێتەوە، نە بە پەشیمانبوونەوە و نە بە لێبووردنی گشتی. (سەردەمی خۆشەویستیی نابینایانە بەسەرچوو، من بە چاوی نووقاو و سەری شۆڕ و دەمی داخراوەوە، نیشتمانم خۆش ناوێت، ئینسان بۆ ئەوەی سوودی بۆ نیشتمان هەبێت، دەبێت حەقیقەتی نیشتمان چۆنە، وەهای ببینێت و وەهای

باس بکات،) لەسەر ئەو قسە ڕاست و دروستە، هەم نووسین لە چەدابیف قەدەغە کرا و هەم بە شێتیش ناوزەد کرا.

پێویستە لەبەر تیشکی عەقڵی ڕەخنەگرانەدا نیشتمانمان خۆش بوێت، ئاخر دەربڕینی ئەوین بۆ نیشتمان، نابێت لە ستایشی ڕیاکار بچێت، لە سەروەختی دیتنی دەسەڵاتداردا. جارێکیان گۆگۆڵ لە داخی ئەو ڕیاکارانە، گوتبووی: تف لە رووسیا، ئەگەر ئەوانەی پێ دڵسۆزتر بێت لە من. ڕەنگە کەم کەس هێندەی سالتیکۆڤ شیدرین، ڕووسیای خۆش ویستبێت، بەڵام چاوی لە خەوشەکانی نەدەپۆشی. بێلنیسکی دەیگوت: خۆشویستنی نیشتمان، دەبێت هاوزەمان نیشاندانی خۆشەویستی بێت، بۆ هەموو مرۆڤایەتیش. خۆسیە ئۆرتیگا دەڵێت: (ئینسان ئەگەر تەنیا ئینگلیز، ئەڵمان یان فەرەنسایی بێت، ئەوە گوندییە.) خۆشەویستیی نێوان گەلانیش، وەک خۆشەویستیی نێوان ئەویندارارن وایە، کاتێک خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەیە، هەر لایەک ڕێز لە تایبەتمەندییەکانی لایەکی دیکە بگرێت.

نەتەوایەتی، لەسەر بناغەی زمان و خوێن و سروشتی نەتەوەییی هاوبەش دادەمەزرێت، پێوەستبوون بە نەتەوەوە، ڕێزگرتنە لە ڕووپەلە گەشەکانی دیرۆکەکەی و نیشاندانی خۆشەویستییە بۆ لایەنە ڕووناکەکانی کولتوورەکەی. ئەگەر میللەتێک دیرۆک و کولتووری خۆی نەپارێزێت، وەک ئینسانێکی لێ دێت، تووشی لە دەستدانی یادەوەری بووبێت. نووسەری فەرەنسایی ڕینان (١٨٢٣ _ ١٨٩٢) دەڵێت: نەتەوە، بەرنامەیەکی هاوبەشە بۆ داهاتوو، بە دەنگدانی ڕۆژانە، دادەڕێژرێت، ڕابردوو کۆمەکی دەکات، بەڵام بە چاوبڕینە داهاتوو، بەرەو پێشەوە دەچێت. خۆسیە ئۆرتیگایش پێی وایە، (ئەگەر نەتەوە هەر بریتیبێت لە ئێستا و ڕابردوو، لە داهاتوودا کەسی دەست ناکەوێت، داکۆکیی لێ بکات،) ئاخر خۆشویستنی

نەتەوەیەک، گیرخواردن نییە لە دیرۆکیدا، کارکردنە بۆ داهاتووی و هەر میللەتێک هەمیشە هەر ڕووی لە ڕابردووی بێت، هیچی دەستگیر نابێت بۆ داهاتووی.

(١) يان كولار، حول التبادل الثقافي.

(٢) هيرمان هيسه، رسائل الى الجميع.

(٣) كلايف ستيبلز لويس، الحب.

(٤) فلسفة الحب، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: هيثم صعب، الجزء الأول، دار المدى للثقافة والنشر ٢٠١٠ دمشق.

(٥) فلسفة الحب، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: هيثم صعب، الجزء الثاني، دار المدى للثقافة والنشر ٢٠١٠ دمشق. (*) ئەندریە ڤیزنیسینسکی.

## (١٥)

### کێوی بووم، تۆ کەویت کردم

ئەگەر پێت وایە بزربوونی من، شتێک دەگۆڕێت و دەبێتە هەوێنی بەختیاریت، هێندەم خۆش دەوێیت، دەتوانم بەو شێوەیەی دەخوازیت، لەبەر چاوت بزر ببم، بۆ هەر کوێیەک سەفەر بکەیت، هەرچەند لێم دوور بیت، لەبەرچاوم ون نابیت. دووری و دابڕان، ناتوانن ئەو شتە هاوبەشانەی نێوانمان کە لەسەر بناغەی ڕاستگۆیی و جوانی ڕۆ نراون، بڕووخێنن.

تەنیا تاقە ژنێک، تەمەنی پیاوێک داگیر دەکات، ئیدی هەر ژنێکی دیکە بناسێت، تەنیا هەوڵدانە بۆ قەرەبووکردنەوە و لەبیرچوونەوەی ئەو تاقە ژنە و دوای ئەو ئەوینە ڕاستەقینەیە، نە ژیان جێی بەختیارییەکی دیکەی تێدا دەبێتەوە و نە تەمەن بەشی ئەوینێکی دیکە دەکات، تۆ ئەو تاقە ژنەی ژیان و تەمەنی منیت.

هەرگیز کەسی وەک تۆم نەناسیوە، هێندە لێتەوە نزیکم، قەت لە کەسی دیکەوە، هێندە نزیک نەبووم. ددانی پێدا دەنێم، من کێویی بووم، ئەوە تۆ بوویت، کەویت کردم. **تۆ هەرچەندە بەردەوام گەمارۆت داوم، وەلێ من هەمیشە چاوەڕێتم، هەر وەک کەسێک چاوەڕێی گەڕانەوەی نیشتمانێک بکات کە لەمێژ بێت لە کیسی چووبێت.**

لە دووریت، مۆمێکم، دڵۆپ دڵۆپ دەتوێمەوە، وەک چۆن ناوی خۆمم لەبیر ناچێتەوە، هەرگیز تۆیش فەرامۆش ناکەم، ئەو ڕۆژەی تۆم لە بیر بچێت، وەک ئەوە وایە نیشتمانم لە کیس چووبێت. وەک چۆن دەستبەرداری وڵاتەکەم نابم، هەر وایش قەت واز لە تۆ ناهێنم و خەباتی بێوچانی درێژخایەنم، لەپێناوی ئەوەدایە بە تۆ بگەم، ئاخر تۆ، ڕابردوو، ئێستا و ئایندەی منیت، ئاخر تۆ نیشتمانی منیت، ئاخر بە هۆی تۆوە وابەستەی نیشتمانم.

تۆ تـەنیا بیـر لـە چارەنووسـی خـودی خـۆت دەکەیـەوە و مـن خـەیاڵم لای ئایندەی کەسانی تریشـە. ترسـنۆک نیم، ئـەوە ئەمـەک و قوربانیدانە بـۆ کەسـانی دیکـە، تـۆ بـە ترسـنۆکیی لێـک دەدەیـەوە. وا هەسـت دەکـەم لـە ناوەنـدی خمخۆرکێکدام،(١) نازانم بگەڕێمەوە دواوە باشە؟ یان بـەرەو پێشـەوە هـەنگاو بنێم؟ **من دیلی دەستی ئـەوینی تۆم و تۆیش وەک چۆلەکەیـەکی ئـازاد، بـەردەوام لـە ئاسمانی خەیاڵمدا لـە شـەققەی باڵ دەدەیت.** با لێشـم نەپرسـیتەوە، وەلێ مـن هەمیشـە دێمـەوە بۆ لات، وەک ئـەو منداڵـە بێ کـەس و بێ داڵدەیـەی، بـۆ تاقـە پەناکـەی دەگەڕێتـەوە. وەک منداڵێکی چەقاوەسـوو دەگەڕێمـەوە بـۆ لات و سـەری تەڕبوومت پێ دەسپێرم، بەو ئومێدەی قژم لە ئامێزتا وشک بکەیتەوە.

تۆ لە منداڵدانی (با)دا لـە دایک بوویت و مـن دەخـوازم لـەژێر کـەپری پێڵوومـدا بتخـەوێنم، ئـەی ئـەو هەورەژنـەی لـە تەمـەنی وشـکهەڵاتوومدا، بەفـەرترین وەرز بوویت. **ئەوەندەم خۆش دەوێیت، تا لێواری شێتی، شێتییەک هێدی هێدی بـەرەو مـردنم دەبـات و کـەچی چێـژی لـێ وەردەگـرم.** دەشـێت ڕۆژێـک بـە تـەواوی فەرامۆشم بکەیت، دەزانیت بەو چارەنووسە خەمناکەیش، هەر قایلم!(٢)

---

(١) خمخۆرک: الرمال المتحركة: Quicksand

(٢) رسـائل غسـان كنفـاني الـى غـادة السـمان، قدمت لهـا: غـادة السـمان، الطبعـة الخامسـة، دار الطليعة ٢٠٠٥ بيروت.

(٣) ئـەم نامەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو نامانەی (غەسسـان کەنەفانی)دا نووسراوە کە بۆ (غادة ئەسسەممان)ی هەناردوون.

(٤) **غەسسـان کـەنـەفانی پیاوێـک بـوو خـاوێن، نـە سـامان تـوانی پیسـی بکـات، نـە دەسـەڵات. (غادە ئەسسەممان)**

(٥) ئازادی شتێک نییە، بتوانین لە دەرەوە بیهێنین، ئەگـەر هـەبێت لـە نـاخی خۆمانـدایە. **(غەسسان کەنەفانی)**

## (١٦)

## نامەی مارکس بۆ (جێنی)ی ژنی

هەمیشە لە زەینی خۆمدا قسەت لەگەڵدا دەکەم، دەیشزانم نە گوێت لێم دەبێت و نەدەیشتوانی وەڵامم بدەیەوە. با وێنەکەت کە هەمیشە لەبەر چاومە، شێواویش بێت، لای من هەر جوانترین وێنەیە. وێنەی مەریەم بە چاوپۆشین لەوەی جوان کێشرابێت یان نا، ئەو خەڵکە هەر کڕنووشی بۆ دەبەن، منیش وێنەکەت با تەواو لە تۆی ناسک و جوانیش، تۆیەک کە هەر دەڵێیت بۆ ئەوە خوڵقاویت ماچ بکرێیت، نەچێت، هەر لەبەردەمیدا دەنووشتێمەوە.

با شەوانە، تیشکی چرا و دووکەڵی سیگار، ئازاری چاویشیم بدەن، بەڵام هەر وات دەبینم، وەک لە کنم بیت و هەر لە تەوقی سەرتەوە، تا پاژنەی پێت، لە ماچدا نوقم دەکەم. لە بەردەمتدا دێمە سەر چۆک و دەڵێم: خاتوونەکەم! خۆشم دەوێیت، خۆشەویستییەک گەرمتر لە خۆشەویستیی ئۆتێللو بۆ دێزدەموونا. ئەو دوژمنانەم کە بە عاشقێکی پلە یەکی، شانۆگەرییەکی پلە دوویان لە قەڵەم دابووم، گێل بوون، تۆزێک هەستی قۆشمەیان شک بردبا، تابلۆیەکیان دەکێشا، لایەکی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان نیشان بدات و لایەکەی تری، من لەبەر پێی تۆدا.

دابڕانی کاتەکی بەکەڵکە، ئاخر پێکەوەبوونی هەمیشەیی، وەڕسبوونی لێ دەکەوێتەوە، ئاخر قەڵا لە دوورەوە بڵندتر دیارە و ئەفسوونی دووریی، هێز بە خۆشەویستی دەبەخشێت. هەر کە شوێن لە یەکتریمان دادەبڕێت، زەمان ئەوینم بۆ تۆ بەهێزتر دەکات، تەواو هەر وەک خۆر و باران کە خزمەت بە ڕووەک دەکەن. کە لە یەکدی دوور دەکەوینەوە، ئەوسا حەقیقەتی ئەوینم بۆ تۆ، ڕوونتر دەردەکەیت، ئەوسا دەزانم چ هەستێکی گەرمم بەرانبەر بە تۆ هەیە و ئەوسا تێدەگەم کە بە کۆمەکی خۆشویستیی تۆ، پڕ بە مانای وشەکە، ئینسانم، ئەوسا هەست دەکەم، ئەوە خۆشەویستیی تۆیە، نەک هی پرۆلیتاریا، منی کردووە بە ئینسانێکی تەواو.

---

(*) کارل مارکس، من رسالة مارکس الى زوجته جینی مارکس ٢١ حزیران ١٨٥٦